# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئەفلاتوون

وەرگێڕانی
کۆمەڵێك نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (96)

# سەرەتاگریی فەلسەفەی ئەفلاتوون

ئامادەکردنی: پێشڕەو محەمەد

## دابڕان لە دوو قۆناغی گرنگ

ئەفلاتوون دوای بیست و چوار سەدە بۆچی ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بەردەوام لە سەدەی هاوچەرخدا دەکرێت و وەڵامیش بۆ ئەم پرسیارە، چەندین ئەرگیومێنتی بەهێزی فەلسەفەیین، کە ئێمە ئەمڕۆش پێویستمان بە هزری ئەو هەیە، بێگومان ئەفلاتوون یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی ناو مێژووی فەلسەفە، بە جۆرێک کە یارو نەیاری زۆری هەبووە.

فەلسەفەکەی بەدرێژایی سەدەکان کاریگەر بوو. نیۆئەفلاتوونیزم یەکێکە لە کاریگەرییە مەزنەکانی کۆتاییەکانی سەردەمی ئەنتیکەی فەلسەفە، پاشان سەدەکانی نێڤین، نوێنەری سەرەکیی هزری ئەفلاتوون، سانت ئۆگۆستینۆس(354–430ز)ە، کە ئەویش بەنۆرەی خۆی نەریتێکی ئەفلاتوونی–کریستیانیانەی وەهای هێنایەکایەوەو کاریگەری لەسەر سەرجەم سەدەکانی نێڤینی ئەوروپا بەجێهێشت، پاشان لە نوێسەردەمدا نەیارانی زۆرتر بوون، لە یارانی بۆیە تا ئەندازەیەک ئەفلاتوون فەرامۆش دەکرێت، بەهۆی دۆزینەوەی بەرهەمەکانی ئەریستۆتێلیس لە چەرخێن دوازدە و سێزدەدا، زیاتر گرنگی بەم دەدرێت و ئەو فەرامۆش دەکرێت، بەڵام بە تەواوەتی لەیاد ناچێت. با ئەوەشمان لە یاد نەچێت، ئەفلاتوون لە ناو موسڵمانەکانیشدا پێگەیەکی باڵای هەبوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە هاوچەرخدا ئەفلاتوون جارێکی دیکە، دوای فەرامۆشکردنەکە، دێتەوە ناو کایەی سەرەکی و دانوستان و دیبانی زۆری لەبارەوە دەکرێت.

ئەفلاتوون بۆ ئێگزیستێنسیالیسنەکان دەبێتە پنتی دەسپێک (کە بێگومان لەو فەلسەفەیەدا رەخنە دەکرێت)، تەنانەت مارتین هایدیگەر (1889–1976) کتێبی بوون و کات (1927) بە راگواستنی سێتاتێک، لە کتێبی سۆفیستی ئەفلاتوون، دەستپێدەکات: «لەبەرئەوەی ئێوە کاتێک وشەی 'هەبوو' بەکاردەهێنن، وا دیارە ئێوە دەمێکە ئاشنان بەمە، کە خۆتان تێدەگەن، بەڵام ئێمە پێشوتر واماندەزانی، کە لە واتاکەی تێدەگەین، بەڵام هەنوکە رووبەڕووی کێشە بووینەتەوەو دەستەوەستانین». بەم جۆرە لە هاوچەرخدا جارێکی دیکە کاریگەریی خۆی دەنوێنێت، بەڵام بێگومان لای هایدیگەر، ئەفلاتوون یەکەم دامەزرێنەری میتافیزیکی بوونە، کە دەیکاتە پاشکۆی جەوهەرو پێگەیەکی زۆر لاوەکی بە بوون دەدات و دەیخاتە ناو چێوارچێوەی گشتییەوە، بوونی مرۆڤ لەگەڵ بوونی مێزو ئاژەڵ و هتد ریزدەکات.

ئێمە لێرەدا کار لەسەر رەتکردنەوەی میتافیزیکی بوون لای ئەفلاتوون ناکەین و ئەمە هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی دیکە، بەڵام ئەوەی گەرەکمانە کاری لەسەر بکەین، ناساندن و شرۆڤەکردنی فەلسەفەی ئەفلاتوونە بە گشتی.

### کەس و کات

ناوی سەرەکی ئەفلاتوون 'ئەریستۆکلێس' ـە و بەهۆی سنگ فراوانییەکەی، بە پلاتۆ ناسراو لە زمانی عەرەبیدا ناوەکەی بوو بە 'ئەفلاتوون'. «ئەفلاتوون لە خێزانێکی ئەریستۆکراتیکەوە هات و نەریت پارێز بوو». هێشتا منداڵ بوو، کە ئەریستۆن ی باوکی کۆچی دوایی کرد و پێریکتیۆنە ی دایکی، کە خوشکی خارمیدێس، یەکێک لە سی ستەمکارەکە، بوو، شوی بە(پیریلامپێس) ی دۆستیی نزیکیی پرێکلیسیی رێبەری ئەسینایی کرد.

ئەفلاتوون لە ماڵی باوکە تازەکەی گەورە بوو. پەروەردەبوون

لەو خێزانەی یان سیاسەتڤان بوون، یاخود پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ سیاسەتڤاناندا هەبوو، وای لە ئەفلاتوون کرد ئارەزوومەندی گەیشتن بێت، بە ڕێبەریی سیاسیی و ئەو بۆ لە ئەستۆگرتنی پۆستیی سیاسیی ئەسینا ئامادەو لێهاتویی هەبوو.

سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی ئەسینا لە جەنگی پیلۆپۆنیز، کە لە ساڵی 430ی بەر لە مەسیح لەگەڵ سپارتەدا دەستی پێکردبوو، ئەوەی نیشاندەدا، کە وەها کارێک بۆ ئەفلاتوون لە ئایندەدا فرە بەهادار دەبێت، بەڵام سەرەنجامی کارەساتباری جەنگ دوای هەرەسی ئەسینا، دەسەڵاتدارێتییەکەی دواتـر، فۆرمێکی ستەمکارانەی وەرگـرت و سی ستەمکارەکە بوون، بە دەسەڵاتدارو ئەمەش رێگە سەرەتاییەکەی ئەفلاتوونی گۆڕان پێدا، لەگەڵ بوونی حکومەتدا، سی ستەمکارەکە هەوڵیاندا رابـردوو بگەڕێننەوە، بۆ رێگرتن لە راپەڕینی جەماوەری دژی نەریتە ئەریستۆکراتییەکان، چەند یاسایەکیان داناو تەنانەت گوتارەکانیان یاساغکرد، بەڵام نەریتشکێنی هەر درێژەی هەبوو. دوای ماوەیەک خەڵکی ئەسینا حکومەتی ستەمکارانیان داڕوخاند، بەڵام یاساشکێنی و سەرکێشی درێژەی هەبوو. لەم رەوشەدا ژیانی کۆمەڵایەتی پڕبوو، لە هەڵچوون و جەنگ.

خەڵکی رۆژێک کەسێکیان وەکو رێبەر دادەناو رۆژێکی دیکە لایان دەبـرد. هەموو پەیوەندی و دیسپلینە کۆمەڵایەتییەکان توشی هەرەس هاتبوون.

ئـەفـلاتـوون تەمەنی منداڵی و لاوێـتـی خـۆی لـەم ژینگە پڕ کارەسات و توندوتیژ و جەنگ ئاسایەدا گوزەراند. نەریت پارێزەکان، یان (ترادیسیۆنالیستەکان) کە ئەم رەوشەیان بە پێچەوانەو دژ بەخۆیان دەبینی، پەرچەکرداریان نواندو دیاردەی ئەم پەرچەکردارەش ئەفلاتوون بوو.

گۆڕانی رەوتە سەرەکییەکەی دیکەی ئەفلاتوون بریتی بوو لە کوشتنی سوقرات، هیچ رووداوێکی دیکە نەدەبوو، بەم چەشنە باوەڕیی ئەفلاتوون

بۆ سەرنجدانی هێرشەکانی سوقراط بۆ سەر دیموکراسی بەهێز بکاط، لەبەرئەوەی هەمان رژێمی دیموکراسی لە رووی نەزانییەوە، باشترین مرۆڤی لەناو بردبوو، کەواتە بەگومانی ئەفلاتوون ئەمە هیچ بەهاو رێزێکی نەبوو. قۆناغی چەند ساڵەی دوای مەرگی سوقراط، قۆناغی گەڕانبوو بەدوای دەروون و پەروەردەی هزری بۆ ئەفلاتوون ئەو ئەسیناى بەجێهێشط بە مەبەستی گەشت و فێربوون، بەڵام بونیادە بناغەییەکەی لێهزرینی سوقراط، کە: فەزیلەط زانینە، هەردەم لە یادەوەریدا مایەوە. بەپێی ئەم بونیادە ئەفلاتوون فەلسەفەیەکی داڕشط، کە بە درێژایی سەدەکان جێی سەرنجی هزرڤانان و سیاسەتڤانان بوو.

ئەفلاتوون لە نوسینەکانیدا بە دەگمەن سەبارەط بەخۆی هاتۆتە وتن. لە ئاپۆلۆژی (وتاری بەرگریکردنی سوقراط)دا ئەوە دەخوێنینەوە، کە ئەو کوڕی ئاریستۆن و برای ئادیمانتۆسە، لە میانەی دادگاییکردنەکەدا سوقراط وا بەباش دەزانێط، کە تاوانێک بەبڕی سێ مینە بۆخۆی پێشنیار بکاط، گرەنتی خەریکبوون بەوەش بۆخۆی لە ئەستۆی دەگرێط.

دیالۆگی (فایدۆن)یشدا ئەوەی تێدایە، کە رۆژی مردنی سوقراط، ئەفلاتوون نەخۆش بووە و لە زیندانی سۆقراتدا ئامادەیی نەبووە، لە نێوان ئەو نامانەی دراونەتە پاڵ ئەفلاتوون، ئەوانەی رەسەنێتیان روون و ئاشکرایە، تەنها سەبارەط بەگەشتەکانی بۆ سیسیلیاو نیشتەجێبوونی لە دەرباری پادشا سیراکۆس، زانیاری بە ئێمە دەدەن. لەم رووەوە زانیارییەکانمان سەبارەط بە ژیانی ئەفلاتوون قەرزباری نوسینەکانی ژیاننامەنوسانی سەردەمی دێرینن. گرنگترینی ئەم نوسینانە بریتین لە: ئەفلاتوون و بۆچوونەکانی بە پێنوسی ئاپۆلیوس (سەدەی دووەمی کریستیانی)، ژیان و بۆچوونی فەیلەسوفە مەزنەکان لە نوسینی دیۆگنیس لائێرتیوس (کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کریستیانی)، ژیانی ئەفلاتوون بەرهەمی ئۆلیمپیۆدۆرۆس(سەدەی شەشەمی کریستیانی)٥.

ئەوەی لە ئاماژە دەگمەنەکانی ئەفلاتوون و نوسینی ژیاننامەنوسانەوە فێری دەبین، ئەمەیە: ئەفلاتوون لە نێوان مانگی مارش و نیوەی مانگی جولای ساڵی 427ی بەر لە مەسیح لە شاری ئەسینا، یاخود بەقسەی هەندێکیان لە بەندەری ئەگینا هاتوەتە جیهانەوە، لە سەرەتای ساڵی سەدوهەشتەمینی ئۆڵۆمپیاد (7–347ی بەر لەمەسیح) لە هەشتاو یەک ساڵیدا، بە وتەی هێرمیپۆس (لەنوسینی دیۆگنیس لاێرتیوسدا) لە میانەی جەژنێکی هاوسەرگیریدا، بەقسەی سیسەرۆن لە کاتی نوسیندا کۆچی دوایی کردووە.

گۆزارشتەکەی سیسەرۆن (لە کتێبێکدا بە ناونیشانی Cato) لەم بارەیەوە بەم جۆرەیە: ((ئەفلاتوون... لە تەمەنی هەشتاو یەک ساڵیدا، لە کاتی نوسین کۆچی دوایی کردووە)).

خێزانەکەی لە خێزانە دێرین و دەستەڵاتدارەکانی ئەسینا بووە، باوکی ناوی ئەریستۆن و دایکی پێریکتیۆنە بووە و براکانیشی، کە لە دیالۆگی کۆمارو پارمێنیدسدا دەیانناسین، گلاوکۆن و ئادیمانتۆس ن. خوشکەکەیشی پۆتۆنە ی دایکی سپۆسیپۆسە، کە دوای مردنی ئەفلاتوون، بەڕێوەبردنی ئاکادیمیای لە ئەستۆ گرت.

دوو کەس لە سیاسەتڤانانی ئەسینا، کریتیاس و خارمیدێس، خزمی ئەفلاتوون بوون. ئەم هەواڵەی کە ئەفلاتوون لە گەنجیدا بەشێوەسازی و هۆزانڤانییەوە خەریکبووەو فەلسەفە لە کراتیلۆس لە پەیڕەوانی هێراکلیتۆس فێربووە، بەهۆی نەبوونی بەڵگەیەکی پتەو، نەشیاوی لێکۆڵینەوەیە. واپێدەچێت ئەو لە ساڵی 407 دا چووبێتە ناو بازنەی سوقراتییەوەو دوای مەرگی مامۆستاکەی لە ساڵی 399 پ.م، هاوڕا لەگەڵ شاگردەکانی دیکەی سوقرات چووبێتە لای یوکلیدێس لە شاری مێگارا، چەندێک دوای ئەوە، لە ئەسیناوە سەفەری بۆ میسر و کۆرۆن کردبێت. هەواڵی پەیوەست بەم سەفەرانە ئەوەندە شیاوی باوەڕپێکردن نین، بەڵام سەبارەت سەفەرەکانی

ئەفلاتوون بۆ سیسیلیاو ئیتاڵیای باشور، نەشیاوی گومانکردنە.

هۆکاری یەکەمین سەفەری بۆ سیسیلیا بە لێکۆڵینەوە ناتواندرێت دیاریبکرێت. نوسەرانی ژیانی ئەو تەنانەت لە قۆناغی دێرینیشدا، وتویانە مەبەستی ئەفلاتوون لەم سەفەرەدا بینینیی ئیتاڵیاو بە تایبەتی کێوی گڕکاناوی ئاتنا بووە، یان خواستویەتی لە ئیتاڵیای باشوردا دیدار لەگەڵ هزرڤانانی پیتاگۆراسیدا ئەنجام بدات، یان مەبەستی ئەوە بووە لەگەڵ دیۆنیسیۆسی یەکەمدا، پادشای سیراکۆس، پەیوەندی سیاسیی دابمەزرێنێت. کەم تا زۆر هەموو ئەم نوسەرانە لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە هۆکارێکی راستەقینە بدۆزنەوە، ئەوا لە هەوڵی هۆکردیدا بوونە. تاکە قسەیەک کە بە جەختییەوە دەتواندرێت بوترێت ئەمەیە ئەفلاتوون لەو سەفەرەیدا بەسەختی کەوتووەتە ژێر کاریگەری پیتاگۆرییەکان. نیشتەجێبوونیشی لە دەرباری سیراکۆس گۆڕا بۆ کێشەو کێشمەکێشمی نێوان ئەو و دیۆنسیۆسی یەکەم، بەڵام هێمن بوونەوەی گەڕایەوە بۆ هاوڕێیەتی قوڵی ئەو و دیۆن ژن برای پادشا. دیۆنیسیۆس ئەفلاتوونی خستە نێو کەشتییەوە و رەوانەی کرد، کەشتییەکە ئەوی بردە بەندەری ئەگینا، لەوێدا دەستگیریانکرد و لەمەیدانی کۆیلەفرۆشاندا، بۆ مامەڵەی فرۆشتن داندراو کەسێک لە خەڵکی کۆرۆن بەناوی ئانیکێریس ئەوی کڕی و ئازادی کرد.

لەساڵی 367ی بەر لە مەسیح دیۆنیسیۆسی دووەم شوێنی باوکی گرتەوەو دیۆنی هێنایە ناو کارگێڕی وڵاتەوە. دیۆن هەوڵیدا ریفۆرم لە رەوشی باوی دەوڵەتدا بکات، دیۆنیسیۆسی ناچارکرد ئەفلاتوون وەکو فەیلەسوفی راوێژکار بانگهێشت بکات بۆ کارکردن. ئەفلاتوون بانگهێشتنەکەی پەسەندکرد، چونکە هێڤیدار بوو ئیدیالە سیاسییەکەی خۆی لە سیراکوس جێبەجێ بکات، لە ساڵی 366 سەفەرەکەی کرد، بەڵام هیچی نەخایاند ناکۆکی لە نێوان ئەفلاتوون و راوێژکارانی دیکەی پادشا دەرکەوت و تێڕوانینی پادشایان بەرانبەر بە دیۆن بەرەو بەدگومانی برد.

دیۆن دوورخرایەوە و ئەفلاتوون ناچاربوو، وەکو میوان و هاوکات دیلی پادشا لە کۆشکی پاشایەتیدا بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی 365 دا مۆڵەتی گەڕانەوەی وەرگت و دیۆنیسیۆس بەڵێنی بە ئەفلاتووندا، کە دوای کۆتاییهاتنی ئەو جەنگەی لە هەمان ساڵ لەنێوان سیراکوس و لوکانیا دەستی پێکردبوو، ئەفلاتوون دوبارە بۆ لای خۆی بانگهێشت بکاتەوە، لە ساڵی 361–360 دیۆنیسیۆس جاریکی دیکە داوای لە ئەفلاتوون کرد بێتەوە، بۆ سیراکوس و ئاشتبوونەوەی لەگەڵ دیۆندا، کە ئەو کاتە لە ئەسینادا دەژیا کردە مەرجی هاتنەوەی ئەفلاتوون، لە دەرەنجامدا ئەفلاتوون بۆ سێیەمین جار رێگەی سەفەری گرتە بەر، بەڵام ئەمجارەش رەفتاری پادشا لەگەڵ دیۆن بووە هۆی رەنجانی ئەفلاتوون و پشتی لە سیراکوس کرد و گەڕایەوە بۆ ئەسینا، تا مردنی لەوێ مایەوە .

**نوسراوەکانی ئەفلاتوون**

ئاماژەکردن بە نوسینەکانی ئەفلاتوون بۆ توێژەر زۆرسەختە، چونکە نوسینەکانی ئەفلاتوون بەپێی ریزکردنی مێژووی پەیدابوونیان رێکنەخراون، بەڵکو لە نۆ گروپدا هەر گروپەی لەخۆگری چوار دیالۆگ (نۆ تێترالۆژی)، بە تێمە گەیشتوون. رێکخەران لە کۆتایی گروپە نۆدانەییان ئەو دیالۆگانەیان هێناوە، کە بڵاوکرانی قۆناغی دێرین بە درانە پاڵیان زانیوە. بنەمای دابەشبەندی دیالۆگەکان، پەیوەندی فەلسەفەیی، یان رێکخستنی ئەوانە.

لە سەردەمی ئەنتیکەوە، ریزکردنی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون ئەنجامدراوە، دوو لیست لە نوسراوەکانی دانراون، بەڵام ئاماژەیان بۆ ریزکردنی دیالۆگەکان بە گوێرەی سەردەمی نوسینیان نەکراوە، لە لیستی یەکەمدا تەنها ناوی چواردە دیالۆگ و نامەکان (سێزدە نامە) هێنراوە. ئەم لیستەی یەکەمە، ئەریستۆفانێسی هزرڤان و زماناناس و رەخنەگری

بیزانتیوس (257پ.م) له‌ شاری ئالێکسانده‌ریه‌، ئاماده‌ی کـردووه‌. ئه‌ریستۆفان نوسراوه‌کانی ئه‌فلاتوونی به‌سه‌ر پێنج گروپدا دابه‌شکردووه‌، له‌هه‌ر گروپێکدا سێ دیالۆگی داناوه‌. له‌به‌ر ئه‌مه‌ لیسته‌که‌ی ئه‌ریستۆفانێس به‌ تریلۆژیی ناسراوه‌.

تریلۆژیی ئێگه‌یه‌کی لێکدراوی گریکییه‌ به‌و نوسراوه‌، یان گوتاره‌ ده‌گوترێت، که‌ سێ به‌شی هه‌یه‌. لیسته‌که‌ی ئه‌ریستۆفانێس به‌م جۆره‌یه‌:

تریلۆژیی یه‌که‌م: دیالۆگه‌کانی کۆمار، تیمایۆس و کریتیاس.

تریلۆژیی دووه‌م: سۆفیست، سیاسه‌تڤان و کراتیلۆس.

تریلۆژیی سێیه‌م: یاساکان، مینۆس و ئێپینۆمیس.

تریلۆژیی چواره‌م: ئێئاتیۆس، ئۆتیفرۆن و ئه‌پۆلۆژیی.

تریلۆژیی پێنجه‌م: کریتۆن، فایدۆن و نامه‌کان.

ئه‌م ریزبه‌ندکردنه‌، په‌یوه‌ندی به‌ ناوه‌ڕۆکی دیالۆگه‌کانه‌وه‌ هه‌یه‌، نه‌ک کاتی نوسینیان، چونکه‌ کۆمار که‌ له‌ یه‌که‌م تریلۆژییدا دانراوه‌، بریتی نییه‌ له‌ یه‌که‌م به‌رهه‌می ئه‌فلاتوون، به‌ڵکو به‌رهه‌می ساڵه‌کانی دواترییه‌تی.

دووه‌م ریزبه‌ندکردنی نوسراوه‌کانی ئه‌فلاتوون، له‌لایه‌ن هزرڤانێکی نیۆئه‌فلاتوونیسته‌وه‌ بووه‌ به‌ ناوی تراسیلۆسیی ئه‌سترۆنۆم. لیسته‌که‌ی ئه‌و له‌ تریلۆژییه‌که‌ی ئه‌ریستۆفانێس جیاوازه‌. تراسیلۆس سی و پێنج دیالۆگی له‌ ناو (نۆ) گروپدا داناوه‌. هه‌ریه‌کێک له‌و گروپانه‌ چوار دیالۆگی تێدایه‌. به‌م دابه‌شکردنه‌ش ده‌گوترێت (تێترالۆژیی)، ئێگه‌یه‌کی گریکییه‌و به‌ نوسراوه‌ یان وتاره‌ داده‌نرێت، که‌له‌ چوار به‌ش پێکهاتبێت. لیسته‌که‌ی تراسیلۆس به‌م چه‌شنه‌یه‌:

تێترالۆژیی یه‌که‌م: ئۆتیفرۆن، ئه‌پۆلۆژیی، کریتۆن و فایدۆن.

تێترالۆژیی دووه‌م: کراتیلۆس، ئێئاتیۆس، سۆفیست و سیاسه‌تڤان.

تێترالۆژیی سێیه‌م: پارمێنیدس، فیلیۆبیوس، سیمپۆسیۆم و فایدرۆس.

تێترالۆژیی چواره‌م: ئه‌لسیبیادیس، هیپارخیوس و ئیراستای.

تێترالۆژیی پێنجه‌م: تیه‌گیوس، خارمێدیس، لاخێس و لیسیس.

ئێنرالۆژیی شەشەم: یۆتیدیمۆس، پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس و مینۆن.
ئێنرالۆژیی حەوتەم: هیپیاسی گەورە، هیپیاسی بچوک، ئایۆن و مینوکسینۆس.
ئێنرالۆژیی هەشتەم: کلیتۆپلۆن، کۆمار، تیمایۆس و کریتیاس.
ئێنرالۆژیی نۆیەم: مینۆس، یاساکان، ئێپینۆمیس و نامەکان .

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان تریلۆژیی و ئێنرالۆژییدا، بەڵام وەکو وتمان ئەم لیستانە بەگوێرەی سەردەمی نوسین، ریزبەندییەکەیان ئەنجام نەداوە. ئێمە چۆن ریزبەندکردنی سەردەمی نوسینی دیالۆگەکان بزانین؟ کارل بۆرمانی نوسەری ئەڵمانی، کتێبێکی لەبارەی ئەفلاتوون نوسیوەو ریزبەندییەکی مێژوویی هێناوەو پشتی بە پسپۆڕانی فەلسەفەی ئەفلاتوون بەستووە.

ڕێکخستنی مێژوویی ڕێژەیی، واتا پێشکەوتن و دواکەوتنی کاتی نوسینەکان پەیوەست بە یەکدی، بەکاریگەری لێکۆڵینەوەی دیالۆگەکان و رامان لەبارەی وەرچەرخانی مێژووی هزری ئەفلاتوون تا ئەندازەیەک زانـراوە، بەڵام ئەم ڕێکخستنەش بریتییە لە سێ گروپ لە نوسینەکان بێئەوەی ڕێکخستنی دیالۆگەکانی هەر گروپێک بەشێوەیەکی زانراو روونکرابێتەوە. دەرەنجامی لێکۆڵینەوە کۆنترەکان لە بارەی ڕێکخستنی مێژوویی پەیدابوونی نوسینەکانی ئەفلاتوون، کە هاوکات [illegible] کۆک [illegible] ڕوانینی [illegible] انیشە، [illegible] ۆرەیە:

| فۆن ئارنیم | لۆتوسلاڤسکی | ریدەر | ریتەر | ڤیلامۆڤیتز |
|---|---|---|---|---|
| | ئاپۆلۆژی | ئاپۆلۆژی | هیپیاسی بچووک | ئایۆن |
| ئایۆن | | ئایۆن | | هیپیاسی بچووک |
| پرۆتاگۆراس | | هیپیاسی بچووک | لاخێس | پرۆتاگۆراس |
| لاخێس | ئۆتیفرۆن | لاخێس | پرۆتاگۆراس | ئاپۆلۆژی |
| کتێبی یەکەمی کۆمار | کریتۆن | خارمیدێس | خارمیدێس | کریتۆن |
| لیزیس | خارمیدێس | کریتۆن | ئۆتیفرۆن | لاخێس |
| خارمیدێس | | هیپیاسی گەورە | ئاپۆلۆژی | |
| ئۆتیفرۆن | لاخێس | پرۆتاگۆراس | کریتۆن | لیزیس |

| فۆن ئارنیم | لۆتوسلاڤسکی | رێدەر | ریتەر | ڤیلامۆڤیتز |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئۆتیدیم | پرۆتاگۆراس | گۆرگیاس گۆرگیاس | خارمیدێس | |
| گۆرگیاس | | مێنێکسێنۆس | هیپیاسی گەورە | ئۆتیفرۆن |
| مینۆن | مینۆن | ئۆتیفرۆن | ئۆتیدیم | گۆرگیاس |
| هیپیاسی بچووک | ئۆتیدیم | مینۆن | کراتیلۆس<br>مێنێکسێنۆس | |
| کراتیلۆس | گۆرگیاس | ئۆتیدیم | مینۆن | مینۆن |
| خوان | کتێبی یەکەمی کۆمار | کراتیلۆس | مێنێکسێنۆس | کراتیلۆس |
| هیپیاسی گەورە | کراتیلۆس | لیزیس | لیزیس | ئۆتیدیم |
| فایدۆن | خوان | خوان | خوان | ف یدۆن |
| کریتۆن | فایدۆن | فایدۆن | فایدۆن | خوان |
| کتێبی دووەم | کتێبی دووەم | کۆمار | کۆمار | کۆمار |
| بۆ دەیەمی کۆمار | بۆ دەیەمی کۆمار | | | |
| تیەتیۆس | فایدرۆس | فایدرۆس | فایدرۆس | فایدرۆس |
| پارمێنیدس | تیەتیۆس | تیەتیۆس | تیەتیۆس | تیەتیۆس |
| فایدرس | پارمێنیدێس | پارمێنیدێس | پارمێنیدێس | تیەتیۆس |
| سۆفیست | سۆفیست | سۆفیست | سۆفیست | سۆفیست |
| سیاسەتڤان | سیاسەتڤان | سیاسەتڤان | سیاسەتڤان | سیاسەتڤان |
| | تیمایۆس | تیمایۆس | کریتیاس | کریتیاس |
| | کریتیاس | کریتیاس | فیلیبس | فیلیبس |
| یاساکان | یاساکان | یاساکان | یاساکان | یاساکان |

ڕێکخستنی تۆمارکراو لە مێژووی فەلسەفەی ئوبەرڤیگ-پرێشنەردا بەم جۆرەیە:

1. ئاپۆلۆژی، کریتۆن، ئایۆن، پرۆتاگۆراس، لاخێس، کتێبی یەکەمی کۆمار، لیزیس، خارمیدێس، ئۆتیفرۆن.

2. گۆرگیاس، مینۆن، ئۆتیدیم، هیپیاسی بچوک، کراتیلۆس، هیپیاسی گەورە، مێنێکسێنۆس.

3. خوان(سیمپۆزیۆم)، فایدۆن، کتێبی دووەم تا دەیەمی کۆمار، فایدرۆس.

4. تیەتیۆس، پارمێنیدێس، سۆفیست، سیاسەتڤان، فیلیبس، تیمایۆس، کریتیاس، یاساکان، پاشماوەی یاساکان.

لێتوێژەرە تازەکان ئەم پۆلێنبەندییەی خوارەیان ئەنجامداوە:

1. لاخێس، خارمیدێس، پرۆتاگۆراس، ئۆتیفرۆن، لیزیس، کتێبی یەکەمی کۆمار، ئایۆن.

2. ئاپۆلۆژی، کریتۆن، گۆرگیاس، مینۆن، ئۆتیدیم، کراتیلۆس، هیپیاسی بچوک و گەورە، مێنێکسێنۆس (ئەگەر ڕەسەنێتی هەبێت).

3. خوان (یان سەمپۆسیۆم)، فایدۆن، کتێبی دووەم تا دەیەمی کۆمار، فایدروس.

4. تیەتیۆس، پارمێنیدێس، سۆفیست، سیاسەتڤان، تیمایۆس، کریتیاس، فیلیبس، یاساکان.

(ئەو نوسینانەی لەم لیستەدا نەهاتوون، بەشیمانەیەکی بەهێز دراونەتە پاڵی) .

## فەلسەفەی ئەفلاتوون

ناساندنی فەلسەفەی ئەفلاتوون بە راڤەیەکی کورت، بەم هۆیەوە دژوارە، کە ئەفلاتوون لە بەرهەمەکانیدا سیستەمێکی تاک دانارێژێت، بەڵکو لەهەر یەکێک لە نوسینەکانیدا زانیارییەکی تازە دەخرێتەڕوو، لە کۆتاییدا ئەم پرسە چەندین لێکۆڵینەوەی فراوانیش لە بارەیەوە خراوەتەڕوو، کە ئایا ئەم بابەتە نیشاندەری وەرچەرخانی هزری ئەفلاتوونە، یان دیالۆگەکانی ئەفلاتوون کۆمەڵەیەکن لەو هەنگاوانەی یەک لەدوای یەکی دیکە، بە مەبەستی ئامادەکردنی خوێنەران بۆ پەروەردەکردنی فەلسەفەیی لەپێش گیراون و مەبەسنی کۆتایی تەنها ئاماژە بەرەوتی پەروەردەکردن دەخەرێتەڕوو. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین دیسپلینەکانی فەلسەفەی ئەفلاتوون بەوردی سەرنج بدەین.

## جیهانبینی ئەفلاتوون

ئەفلاتوون جیاوازیی لە نێوان دوو جیهاندا دەکات، ئەم جیهانە دروێنەییە (یان ئەمپیرییە) کە ئێمە تێیدا دەژین، جیهانێکی گۆڕاو و هاوکات دروێنەی جیهانە باڵاکەیە. هاوکات جیهانە سەرەکییەکە بریتییە لە جیهانی نەگۆڕو پەتی و رەهاو سەرچاوەی بوونەوەری رەهایە، هەروەها جیهانی دروێنە جیهانێکە رووەو لەناوچوون و لەناو جەستەی کات و شوێندایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیهانە پەیوەستە بە ئایدیاکانەوەو بەبێ ئەم ئایدیانە ناشێت لە بارەی ئەم جیهانە ئەمپیرییەوە بدوێین، کەواتە سەرەتا گەرەکە ئێمە ئایدیاکان بناسین و بزانین چین؟

## تیۆریی ئایدیاکان

ئەو شتەی هەیە چییە؟ ئەو وەڵامـەی دەشێت بۆ ئەم پرسیارە بدرێتەوە ئەمەیە، کە ئەو شتەی هەیە تەنها بەڕێی تێفکرینی پەتییەوە دەشێت بیناسین نەک پێرسەپتکردنی سێنسی، چونکە سێنسەکانمان هەمیشە

هەڵبەرن. تەواوی جیهانی ئەزمونی شیاوی پێرسەپتکردن، دەشێت بکەوێتە چوارچێوەی بابەتی پێرسەپتکردنی سێنسییەوە، لەم رووەوە ئەم جیهانە شیاو نییە (ئەو شتەی، کە هەیە) بێت. ئامانجی سەرەکی هزری ئەفلاتوون تیۆریی ئایدیاییە. ئەفلاتوون فەیلەسوفیی ئایدیاییە.

دەشێت بوترێت ئەفلاتوون پرسێک دادەڕێژێت، کە بەر لەو لە فێرگەی مەلەتییەدا داڕێژرابوو: لە ئارایی، یان (پەیدابوون) و دەرچووندا چ شتێک دەمێنێتەوە؟ هەموو شتێک دەڕوات، ئەوەی ئێمە بە هەستەکانی خۆمان روانگەی دەکەین، یان (دەرکی دەکەین) لە ناو دەچێت، کەواتە چ شتێک دەمێنێتەوە؟ وەڵامی ئەفلاتوون بریتییە لە: ئایدیاکان دەمێننەوە. ئەی ئایدیاکان چین؟ ئەوانە داکەوت(واقعیت)ی حەقیقەتی شتێکن، کە هەبوونی تەواوی شتەکانی جیهان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئایدیاکان بەواتای شتی ریالیستی، ئەوا ریالیستی نین. هەبوون و بەهایەکن لە ئاکێکدا؟ سەرچاوەی هەبوونی شتەکان و هاوکات سەرچاوەی چاکەن. هەبوون هاوکات بەهایەکە. هەبوون خودی بەهایە. هەبوون، هەبوونی بەهایە.

شتە هەبووەکانی ناو جیهان نەتەنها زوونتێپەڕن، بەڵکو پێکهاتەو رێژەیین، بە پێچەوانەوە ئایدیاکان کە هەبوونی هەموو شتەکان قەرزاری ئەوانەیە، هەرمان و سادەو رەهان. با نمونەیەک بهێنینەوە: دوو گەڵای درەختی چنار لەبەرچاو بگرین: دەبێژین ئەم دوانە یەکسانن. مەبەستمان ئەوەیە لێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام راستییەکەی هیچ دوو گەڵایەکی دارچنار بوونیان نییە، کە تەواو یەکسان بن. یەکسانیی ئەوان نزیکییە، بەڵام ئەم خاڵەی کە ئێمە دەزانین ئەوانە تا ئەندازەیەک یەکسانن، چۆن دەشێت راڤە بکرێت، کاتێک من هەرگیز لە ناو جیهاندا دوو شتی تەواو یەکسانم نەبینیوە؟ تەنانەت ئەگەر وێنەی چەند سێگۆشەیەک بەهۆی ئامڕازی ئەندازیارییەوە بکێشین، ئەوا هەرگیز ئەوانە تەواو یەکسان نابن.

کاتێک لەبارەی شتە ئەزمونییەکان، بۆ نمونە لە بارەی گەڵاکانی دارچنار دەبێژین، کە ئەوانە تا ئەندازەیەک و نەک تەواو یەکسانن، ئەوا پشت بەستین بە زانینێک کە بەرهەمی ئەزمون نییە، ئەگەر زانینی ئێمە تەنها بەرهەمی ئەزمون بێت، ئەوا لەو شێوەیەدا ناتوانین لە جیاوازی نێوان ((تا ئەندازەیەک))و ((تەواو))یش تێبگەین. ((تا ئەندازەیەک))، یان((تا ئاستێک))، یان ((تا ڕادەیەک)) چەند واژەیەکن، کە بە بەراوردکردن لەگەڵ ((تەواو)) و ((رەها)) ،بۆ ئێمە واتایان هەیە.

بەڵام بەئەزمون لە ((رەها)) تێنەگەیشتووین. تەواوی شێوازەکانی ژیانی ئەزمونی ئێمە پشت بەستە بە رۆژەڤێک کە ئەزمونی نییە، توانستی دەست گەیشتن پێی، ئەزمون پێمانی نابەخشێت. ئێمە ئایدیای یەکسانی لە خۆماندا دەدۆزینەوە، کەواتە ئایدیای یەکسانی، یەکسانییەکی تەواوە لە تەواوێتی رەهاو نا سنوردار. ئەم ئایدیای یەکسانی تەواوێتییەکی رەهای هەیە، کە ئەو توانستە بە ئێمە دەبەخشێت، تا لە ئەزموندا بیر لە تایبەتمەندێتی رێژەیی و نزیکەیی شتەکان بکەینەوەو ئەم واتایە بەسەر زمانماندا بهێنین.

ئایدیاکان، رەهان. بە تێڕوانینی ئەفلاتوون ئایدیاکان زۆر بەرفراوانن و یەکسانی تەنها نمونەیەکە لەوان. ئایدیای دادپـەروەری، ئایدیای جوانی، ئایدیای گەورەیی، ئایدیای بچوکی و هتد، هەموویان هەن، کەواتە جیاوازی نێوان ئایدیای گەورەیی و گەورەیی شتەکان لە چیدایە؟ فیل لە بەرانبەر مشک گەورەیە، لە بەرامبەر چیای هیمالایە بچوکە، کاتێک بابەتەکە پەیوەست بێت بە شتەکانەوە، کە ئێمە بەڕێی هەستەکانمانەوە بەدەستی دەهێنین، هەمیشە لەگەڵ شتێکی ئاوێتەدا رووبەڕووین نەک لەگەڵ ئایدیای بێگەرد، ئایدیای رەها. ئەفلاتوون گەرەکییەتی بیێژێت: فیل هەم ئایدیای گەورەیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و هەم ئایدیای بچوکی، کەواتە ئایدیی گەورەیی، رەهایە، ئەمە بەواتای گەورەیی رەها نییە، بەڵکو واتای ئەوە دەبەخشێت، کە ئایدیای گەورەیی بە رەهایی، پەتیی(یان بێگەرد)ە و شیاوی ئاوێتەبوون نییە، لەتەک ئایدیای بچوکیدا.

ئەفلاتوون گەرەکییەتی بیسەلمێنێت، کە پلەیەک لە هزری ئێمە ئەزمونی نییە، بەڵکو پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەزموندا وابەستەی ئەوە. لەم ئاستەی هزردا، ئایدیاکان دەبنە هۆی ئەوەی پێگەی رەها بێنە ئاراوەو کاتێکیش پشتیان پێ دەبەستین، ئەوا پەی بەرێژەیی شتە بەر هەستییەکان دەبەین. حەقیقەت جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم پلە رەهایە، لەکاتێکدا رێژەیی پەیوەستە بە پێکهاتەو ئاوێتەبوون و نزیکییەوە.

کەواتە زانینی ئێمە لە ئایدیاکان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بەڕێی بەیاد هاتنەوەوە، کەواتە دەشێت ببێژین ئایدیاکانمان بەر لە دایکبوون بینیوە. دەروون لەکاتی لەدایکبوونی مرۆڤ، یادگیری رۆشنی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام جۆرێک تاسەو ئەفسوسی رابردوو بۆی دەمێنێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی یادی ئەوانە بکاتەوەو بەدوایاندا بگەڕێت.

پێشنیارەکەی ئەو بەر لە هەرشتێک دەخوازێت یادگیری ئایدیاکان زیندوو و ئاکتیڤ بکاتەوە، کە پێش لە دایکبوون بینیومانە.

وتنی ((پێش لەدایکبوون)) لەوانەیە ئەمڕۆ لە تێڕوانینی ئێمەدا تا ئاستێک سەر سوڕمان بێت. واتاکەی برینییە لە ((پێش کات)). ئەم گوزارشتە ئاشکرایە لە روانگەی لۆجیکییەوە پارادۆکسی هەیە: واژەی ((پێش)) تەنها لە کاتدا واتا دەبەخشێت.

ئێمە بوونەوەرە مرۆییەکان وەها بە قوڵی لەناو کاتدا نغرۆ بووین، کە ناتوانین لێی رزگار بین. کاتێک دەربڕینەکەی ئەفلاتوون دەبیستین: ((دەروون، ئایدیاکانی خۆی پێش لەدایکبوونی بینیوە))، کەواتە هەوڵی ئێمە یادهاتنەوەی ئەم ئایدیایانەیە.

ئاشکرایە ئەفلاتوون ئێمە وەها ئاراستە دەکات، تا سنورەکانی هزری خۆمان ببڕین. ئەمەش بەهۆی ئەزمونی هەستییەوە نەشیاوە.

ئەو پشت دەبەستێت بە ئازادییەکی بناغەیی، کە مرۆڤ دەتوانێت بەڕێیەوە زیاتر لەخۆی بڕوات. سوقرات دەبێژێت: ((دەزانم، کە هیچ نازانم))،

بە باوەڕیی ئەفلاتوون واتای ئەم وتنە بریتییە لەوەی من دەزانم شتێکم لەیادکردووە، کەواتە گەرەکە هەوڵبدەین، بۆئەوەی ئایدیاکان بەیادبهێنیەوە، بۆ ئەمەش دەبێت ئێمە پلەکانی زانین ببڕین، بۆئەوەی بە ئایدیای باڵا بگەین، بۆ ئاسانکردنی تێپەڕینی ئێمە لە دیواری کات، ئەفلاتوون نمونەی چەند ئەنالۆژییەکمان بۆ دەهێنێتەوە، کە گرنگترینیان ئەنالۆژیی ئەشکەوتە.

**سێ ئەنالۆژییەکەی ناو کتێبی کۆمار**

**1· ئەنالۆژیی خۆر**

خۆر بەو روناکییەکەی دەیپەرژێنێت، هەستی بینین رووەو بینین ئاراستە دەکات، بۆ ئەو شتانەی دەبینرێت، شیاوێتی بینین دەخاتەوە. پەیوەندی هەستی بینین بە خۆرەوە بەم جۆرەیە: یەکەم هەستی بینین نەخودی هەستی و نە ئەندامەکەی، واتا چاو خۆر نییە، بەڵام چاو هاوشێوەی خۆرە. هەستی بینین وزەی خۆی لە خۆر وەردەگرێت، لەم رووەوە دەتوانین بەخۆر ببێژین هۆکاری بینین.

دووەم خۆر هۆکاری ئارایی و دیارهێنانەو هۆکاری گەشەکردن و خۆراک پێدانە، بێئەوەی خۆی ئارایی و دیارهێنان بێت. خۆر چاکەی هێناوەتە ئاراو هاوکات چاکەی لەسەر شێوەی خۆی ئافراندووە، بۆ ئەوەی وێنەی ئەو بێت.

ئەم هێڵکارییە، تێگەیشتنمان بۆ ئەنالۆژیی خۆر ئاسان دەکات:

**2· ئەنالۆژیی هێڵ**

جیهانی دروێنە (بەر ئەزمون) و جیهانی سەروێنە (ئاوەزمەند)، دەبێت وەکو دوو بەشی نایەکسانی هێڵێک سەرنج بدەین. ئەوکات گەرەکە هەر یەکێک لەم دوو بەشە، بە هەمان شێوە بۆ دوو بەشی نایەکسانی دیکە دابەشبکەین، بۆئەوەی چوار بەش بەدەست بێت.

بەشی یەکەم دەڤەری وێنەکانە وەکو سێبەرەکان و ئەو وێنانەی لە ئاوێنەدا دەدرێنەوە (واتا دەرحەقیقەتن).

بەشی دووەم دەڤـەری گیانەوەران و گیاکان و دروستکراوەکانی هونەری مرۆیی و هاوشێوەی ئەمانەیە، واتا دەڤەری هەموو ئەو شتانەی، هاوشێوەی وێنە سێنسییەکانن (یان بەرئەزموونییەکانن).

بەشی سێیەم دەڤەری گریمانەکانە، بەشی چوارەم دەڤەری ئیدێکانە.

ئەم چوار بەشە لەگەڵ چوار شێوازی ناسین لە پەیوەندیدان: گومان، باوەڕ: ئەم دوو جۆرەی ناسین زانین لەگەڵ یەکتریدا، برینین لە بۆچوون.

جۆری سێیەمی ناسین زانین، زانینە بە یارمەتی هزرو ئارگیومێنت و جۆری چوارەم، زانینە بەهۆی ئاوەز، یان زانین بە واتا حەقیقییەکەی. دوو جۆرەکەی کۆتایی زانین، زانینن بەهۆی ئاوەز، بە واتا بەرفراوانەکەی.

ئەم هێڵکارییە دەشێت یاریدەدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە ئەنالۆژییەکە:

پەیوەندی CB بە AC (پەیوەندی زانین بەهۆی ئـاوەز بەواتا فراوانەکەی، بە بۆچوونەوە) وەکو پەیوەندی بوونە بۆ ئارایی (یان صیرورت)، یان پەیوەندی EB بە CD ە، پەیوەندی CE بە ADیەوە، پەیوەندی AC بە CB یەوە، وەکو پەیوەندی AD بە DCییەوە، پەیوەندی CE بە EBە.

### 3. ئەنالۆژیی ئەشکەوت

ئەفسانەی ئەشکەوت، بەناوبانگترین چیرۆکە. ئەفلاتوون باسی ئەشکەوتێکی قوڵ دەکات، کە گروپێکی زیندانیکراو لە ناو ئەشکەوتەکەدا رووەو دیوار زنجیرکراون. ئەفلاتوون ئەم چیرۆکە لە کتێبی حەوتەمی کۆماردا بەم شێوەیە دەخاتە روو:

ئێستا با وێنای ئەشکەوتێک بکەین، کە دەرگاکەی رووەو رووناکییە. لەم ئەشکەوتەدا کەسانێک زیندانیکراون، کە هەر لە منداڵییەوە دەست و پێ و ملیان زنجیرکراوە، تەنها دەتوانن سەیری دیوارەکەی بەرانبەریان بکەن

و هەرگیز رووناکی دەرەوەی ئەشکەوتەکە، واتا رووناکی خۆریان نەبینیوە. لە پشتی ئەوانەوە، واتا لە نێوان زیندانیان و دەرگای ئەشکەوتەکە ئاگرێک کراوەتەوە، هەروەها لە نێوان ئەوان و ئاگرەکەدا رێگەو دیوارێکی نزم هەیە. لەو رێگەیەدا خەڵکی تێدەپەڕن و چەند شتێکی وەکو گیانەوەران، پەیکەران و درەختان و شتی لەم جۆرە لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن، بە جۆرێک کە لەسەر دیوارەکە دیارە.

زیندانییەکان لەبەرئەوەی روویان لە دیوارەکەیە، نە دەتوانن سەیری یەکدی بکەن و نە دیواری پشتەوەی خۆیان، کە شتەکان لەوێوە تێدەپەڕن ببینن. هەموو ئەو شتەی دەتوانن سەیری بکەن، تەنها سێبەری ئەو شتانەیە، کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە وێنە دەداتەوە.

بەم جۆرە زیندانییەکان لە تەواوی ژیانیاندا تەنها سێبەرەکان بە راستەقینە دەبینن و ئەو دەنگەی دەیبیستن، تەنها دەنگدانەوەی دەنگە راستەقینەکەیە، بەڵام زیندانییەکان پابەند دەبن بە سێبەرە ئاشناکەیان و حەزو پێشبڕیارەکانی خۆیان، بەڵام ئەگەر یەکێک لە زیندانییان ئازاد ببێت، پاشان بچێتە دەرەوەی ئەشکەوتەکەو ئاشنا ببێت بە رووناکی خۆر، ئەوا شتەکانی جیهان بەم جۆرە دەبینێت، کە لە راستیدا هەن و سەرەنجام خۆی سەرەنجی خۆر دەدات.

ئەو کەسە ئەو کاتەی لە بارەی ژیانی لە ئەشکەوت و ئەوەی خەڵکی ئەوێ لەبارەی ریالیتی و مۆڕاڵەوە دەیزانن، چۆن دەهزرێت؟ ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەشکەوت، ئایا لەگەڵ کێشەیەکی گەورەتر رووبەڕوو نابێتەوە کە تاریکییە، بەو جۆرەی ناتوانێت هەرگیز لەگەڵ ئەوانەدا هەڵبکات، کە لە ئەشکەوتەکەدان؟ ئایا ئەو رووبەڕووی گاڵتەپێکردن و تەنانەت هێرشی فیزیکی ئەوان نابێتەوە؟ ئەم ئەنالۆژییە گوزارشت دەکات لە چۆنێتی زانین، بە باوەڕیی ئەفلاتوون ئەوانەی ناو ئەشکەوت زانینەکەیان وەکو ئەو زانینەیە، کە ئێمە بەڕێی سێنسەکانمان لە جیهانی ئەزمونیدا

پێرسەپتی دەکەین، بەڵام کاتێک بەڕێی ئاوەزمان بە زانین دەگەین، وەکو ئەو کەسە وایە، کە ئەشکەوتەکەی رەتکردووە و راستەوخۆ رووناکی خۆری بینیوە. تیۆریی زانینی ئەفلاتوون لە بەشی پەیوەست بە ئێپیستیمۆلۆجییەوە زێتر روون دەکرێتەوە.

### ئێپستێمۆلۆژی

کەواتە ئەو زانینە حەقیقییەی تەنها بە دەرچوون لە ئەشکەوت و گەیشتن بە تیشکی خۆر بەدەستدێت، کامەیە؟

ئەفلاتوون ئێپستێمۆلۆژییەکەی (واتا تیۆریی زانینەکەی) لە بەندی 509 تا کۆتایی کتێبی شەشەمی کۆمار دەخاتەڕوو، بۆ خستنەڕووی تیۆرییەکەی ئەم گریمانەیە دادەنێت:

هێڵێکی جیاکەرەوە بهێننە بەرچاوتان لە دوو بەشی نایەکساندا، یەکێکیان زانینی پەیوەست بەبینینە، ئەویدیکەیان تێگەیشتن یان ئاوەزمەندێتییەو هەر بەشەو دوبارە، بۆ هەمان شت دابەش بکە...

بەم واژانـە، ئەفلاتوون شێوە ناودارەکەی خۆی لە بارەی هێڵی جیاکەرەوە، دەسازێنێت، کە هەوڵەکەی ئەو بۆ ناسینی ئێپستێمۆلۆژییەکەی، بەشێوەی دیاردەیەکە، وەکو ئەو ئەشکەوتەی بەشێوەیەکی ئەنالۆژیی یان (تەمسیلی) خستیەڕوو. هێڵی ستونی بۆ چوار بەش دابەشدەبێت، کە هەر یەکێک لەوانە لە نزمترینەوە بۆ بەرزترین قۆناغی زانین نیشاندەدات. هەر ئاستێک لەزانین، دەروێنە (یان سەراب) یاخود گومان، باوەڕ، تێگەیشتن، ئـاوەز، بابەتی خۆی و مێتۆدی خۆی هەیە بۆ ناسینی ئەوانە، بەڵام دابەشکردنی سەرەکی، لە نێوان زانیندایە، کە ئۆبژێکتەکانی لە جیهانی سەروێنە (یان ئاوەزمەندێتی)دان، بەڵام بۆچوون ئۆبژێکتەکانی لە ناو جیهانی دەروێنە، (یان دیاردە)دان.

## موونەی هێڵ

گومان دەرخـــەری نزمترین ئاستی هێڵی جیاکەرەوەی زانینە. ئۆبژێکتەکانی، نزمترین پلەی حەقیقەتیان لەخۆگرتووە. ئەمە قۆناغێکی زانینە، کە تێیدا چالاکی هۆشەکی لە ئاستێکی نزمدایە. ئاماژەکردنەکانی ئەفلاتوون بۆ سێبەرەکان و وێناکردنەکان و سەرابەکان، وەکو ئۆبژێکتێکی گومان هەڵگری زۆرێک ئاماژەی دەوڵەمەندە.

ئەو دەبێژێت بە ئاگابوون لە وێناکردنەکان نزمترە لە زانین، لەبەرئەوەی وێناکردنەکان تەنها چەند سێبەرێکن لە شتە ریالیتییەکان، بەهۆی بینین یان پێرسەپتکردنی سێنسییەوە وەردەگیرێن، واپێدەچێت ئەفلاتوون ئاماژە بۆ هونەرمەندان بکات، کە وێنە یان پەیکەرەکانیان بە تێڕوانینی ئەو تەنها وێناکردنەکان، سێبەرەکان و وێنەی مرۆڤی راستەقینەو شتە ریالیتییەکانی دیکەن، وێنەی بێ جوڵەی سێو تەنها وێنەیەکە لە سێوە ریالیتییەکە. شێوەسازان، شاعیران، پەیکەرتاشان، درامانوسان بە گشتی کۆمیدی، یان تراژیدی لای ئەفلاتوون، پێکهێنەری پەتی وێنەکان، سێبەرەکان و سەرابەکانن و هاوکات هۆکاری گەیەنەری باوەڕسازین، ئەفلاتوون ئەوان و کارەکانیان بە نزمترین باڵانسی هێڵی جیاکەرەوەی زانین دادەنێت.

بە بـاوەڕیـی ئەفلاتوون هونەرمەندان کەمترین حەقیقەت لە ئیشەکەیاندایە، ئەگەر دارتاشێک بە نمونە وەربگرین، کارەکەی ئەو دوو پلە لە حەقیقەتەوە دوورە، خۆ هونەرمەند کاتێک وێنەی ئیشی دارتاشەکە دەکێشێت، ئەوا سێ پلە لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە.

## باوەڕ یان بۆچوون

قۆناغی دواتری هەڵزنان بەرەو هێڵی جیاکەرەوەی زانین، ئاستی باوەڕە، کە پێرسەپتکردنێکی سێنسیی شتەکانە. هەر هەڵزنانێکی باڵاتری زانین، ئەو توانستە لە ئێمەدا چاک دەکات، کە لە ئاستی زێڕینەکەی تێبگەین.

سەرەتا ئێمە دەتوانین ببینین، کە پێرسەپتکردنی سێنسیی شتەکان، ئاستی گومان بۆ تێگەیشتن شیاو دەکات، وەکو ناسینی سێبەرەکان، وێنە پەتییەکان، دانەوەکان. ئاستی باوەڕ بە گشتی ئاستی زانینێکە، کە بەهۆی ئەوەوە، بە یادهاتنەوەی شتەکان روودەدات، بە یادهاتنەوەی شتەکانی دیاردەی سێ رەهەندی-پشت بەستە لەسەر سێوەکان، خەڵکی، ئەستێرەکان، سەگەکان، شارەکان. ئەمە ئاستێکی زانینە، کە تێیدا پۆلێن بەندی و رێکخستنی شتە وەرگیراوەکان سەرەتا دەگرێت. شتە ریالیتییە بە یادهاتووەکان، تا ئەو شوێنەی لێکچوو بن پۆلێنبەند دەکرێن، وەکو ئەو سێوانەی بە شێوازی جیاواز پۆلێنبەند دەکرێن.

بەڵام لەم قۆناغەدا، تێگەی ئەبستراکتی شتی پێرسەپتکراو، واتا تێگەی گیاناسی سێو دەرکناکرێت، ئەو تێگەیەی تایبەتمەندییە جێگیرەکانی هەرجۆرە سێوێک دیاریدەکات، کەواتە باوەڕ کە سەرچاوەکەی پێرسەپتکردنی سێنسیی شتە ریالیتییەکان بەڕێی سێنسەکانەوەیە ناجەختە، لەبەر ئەوەی پشت بەست نییە بە حەقیقەتەکان یان پرەنسیپە ئەبستراکتە جێگیرەکان، واتا ئەو داکەوت و پرەنسیپانەی، کە ئەو شتە بە جوتیار نابەخشێت، کە گیاناس هەیەتی، بەهۆی زانینی راستەقینەوەیە، کە ئەو دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاوەزمەند ئەوەی دەیزانێت، پۆلێنبەند، پێشبینی، دەستنیشانکردن و سیستەماتیکی بکات.

لەبارەی شتە بەرسێنسییەکان، بە باوەڕیی ئەفلاتوون ئێمە ناتوانین باوەڕ بە ئەگەرەکان بکەین، لەبەرئەوەی داکەوتی ئەزمونی خۆی پەیوەستە بە رێژەگەراییەوە. زانینی حەقیقی تەنها لە ناو ئایدیاکاندا هەیە. مرۆڤ لە رەوشێکی بناغەییدا دەگوزەرێت، لە نێوان جیهانی دەروێنەو جیهانی سەروێنە (یان ئیدێکان)دا. مرۆڤ ناتوانێت چاو لە ئایدیاکانی بپۆشێت، لەبەر ئەوەی ئایدیاکان بۆ ئەو گرنگییەکی سەرەکیان هەیە.

## تێگەیشتنی ئاوەزیی

لە هەڵزنان بەرەو قۆناغی سێیەمی ئاستی زانین، هەنوکە بە شوێنێک گەیشتوین، کە دەتوانین گرنگێتی ئەنالۆژیی هێڵ (یان هێڵی جیاکەرەوە) دەستنیشان بکەین، ئەشکەوتی باوەڕییەکانی رۆژانە، قۆناغی نزمی وێنەکانی پشت سەرمان وەلا ناوەو هەوڵماندادوە خۆمان لەبەرانبەر تیشکی خۆر رابگرین. ئێمە شتە بەرسێنسەکانی جیهانی دیاردە، شتەکانی رۆژانەی زیندانیانی ئەشکەوتمان وازلێهێناوە.

بەڵام چ شتێک لە بەرانبەر تیشکی خۆر دادەنێین؟ کاتێک دەچینە ناو جیهانی سەروێنە (یان ئاوەزیی)، ئەوا چ شتێک بەهۆی تێگەیشتنی ئاوەزەوە دەناسین؟ وەڵامی ئەفلاتوون ئەمەیە، کە ئەو شتانەی ئێمە لە ئاستی سێیەمی زانیندا دەیناسین برینیبە لە پێگە راستەقینەکان: لە کاتێکدا ئۆبژێکتەکانی پێرسەپتکردن، بەرهەست و کۆنکریتین، ئەوا ئۆبژێکتە ئاوەزییەکان، ئەبستراکتین، لەکاتێکدا ئۆبژێکتەکانی پێرسەپتکردن، چەند شتێکی هەندەکین، بەڵام ئۆبژێکتە ئاوەزییەکان هەمەکی و گشتین و ئۆبژێکتەکانی پێرسەپتکردن بگۆڕن، لە پرۆسیس یان رەوتی هێراکلیتی دان، ئەوا ئۆبژێکتە ئاوەزییەکان نەگۆڕو جێگیرو هەمیشەیین و هی پارمێنیدیسن، کەواتە ئەمانە دەمانگەیەنن بە ئایدیاکان و بەیادیان دەهێنینەوە.

## نەمری دەروون

بە باوەڕی ئەفلاتوون دەروون نەمرە. ئەو لە دیالۆگی فایدۆندا، کە مەرگی سوقرات دەگێڕێتەوە، باس لە نەمری دەروون دەکات. چۆن دەروون دەتوانێت ئەوەی پێش هاتنەبوونی، بینیویەتی بە یادی بهێنێتەوە، پاشان گەرەکە پەسەندی بکات، کە بە مەرگیش کۆتایی نایەت، بەڵام لەو شێوەیەدا ئایا دەروون ئایدیایە؟ بە باوەڕیی ئەفلاتوون دەروون ئایدیا نییە، بەڵام شتێکی بەرسێنسی جیهانی ئەزمونیش نییە، دەروون وەکو ئایدیایە، بەڵام

وەکو ئایدیا سادەیەو نەمرە، بەڵام هەر ئایدیا نییە، لەبەر ئەوەی ئایدیاکان هەرمان و سادەو کەواتە جێگیرن.

دەروون بەپێچەوانەوە، مێژووی هەیە. ئەگەر مێژووی نەبایە، ئەوا مرۆڤ ئازاد نەدەبوو، ئەو کات چاکەش بێ واتا دەبوو، ئەگەر تەنها جیهانی سەروێنە بوونی هەبایە، ئەگەر مرۆڤیش ئایدیا بایە، ئەوا هەڵبژاردنی ئازادانە دەهیچێنرا. نە چاکە بوونی دەبوو، نە خراپە. دەروون دەتوانێت خراپە هەڵبژێرێت. دەتوانێت رێگەی نشوست هەڵبژێرێت، بەڵام بە باوەڕیی ئەفلاتوون ناتوانێت مەرگ هەڵبژێرێت، تەنانەت هەڵەو خراپە ناتوانن ئەو بمرێنن. دەروون توانستی بزوتنی هەیەو ئازادە، واتا دەروونێکی بڕیاردەرە، کەواتە نامرێت. سوقرات بەڵگەی نەمری دەروون لەگەڵ مەرگی خۆیدا باس دەکات، لەبەرئەوەی شێوازی مردنی بەڵگەیە لەسەر بوونی جیهانی دەرەوەی کات.

**سیاسەت**

کۆمار(دەوڵەت)، گرنگترین بەرهەمی ئەفلاتوون، بە گشتی لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم (کۆتایی کتێبی پێنجەم)، باسی رێکخستنی چڤاتێکی هاوبەشی تەواو (کامل) دەکات. ئەمە کۆنترین یۆتۆپیایە.

یەکێک لەو دەرەنجامانەی ئەفلاتوون پێیگەیشتووە، بریتییە لەوەی گەرەکە دەستەڵاتداران فەیلەسوف بن. کتێبەکانی شەشەم و حەوتەم پێکهاتوون لە پێناسەی ((فەیلەسوف)).

بەشی سێیەم بە گشتی توێژینەوەیە لە بارەی جۆری جیاوازی دەوڵەتشارە ریالیتییەکان و هاوکات باسکردنێکیشە لە نەنگییەکانیان و باشییەکانیان.

مەبەستی رواڵەتیانەی کتێبی کۆمار پیناسەکردنی ((دادپەروەری)) یە، بەڵام لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا چەندین کێشە رووبەڕووی دەبنەوە،

دەبێت سەرەتا بە لێکۆڵینەوە خەریکبین لەبارەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتشاری دادپەورەر، چونکە دادپەروەری گەرەکە لە پلەی یەکەمینی هەموو شتەکان ئەژمار بکرێت، کەواتە بەمجۆرە لە سەرەتادا باسی وەها دەوڵەتشارێک دەکرێت و ئیدی دەردەکەوێت، کە کام لەو دەوڵەتشارانە دەشێت بە دادپەروەر ناوببرێت.

### دادپەروەری

گرنگترین بەشی فەلسەفەی ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا توێژینەوەیە لە تێگەی ((دادپەوەری)). دادپەروەری بریتییە لەوەی هەر کەسێک دەبێت کاری خۆی بکات، واتا پرەنسیپی دابەشکردنی کار، کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی چینی بۆ سێ کاست (یان چین). ئەفلاتوون بە وردی لە کتێبی کۆماردا باس لە دادپەروەری دەکات. سەرەتا سوقرات [ئەفلاتوون] لە سیفالۆس دەپرسێت: دادپەروەری چییە؟ سیفالۆس دەبێژێت: ((دادپەروەری بریتییە لە راستگۆیی و قەرزدانەوە))، بەڵام ئەو وەڵامدەداتەوە و دەبێژێت، بۆ نمونە ئەگەر کاتێک تۆ چەکێکت لە یەکێک وەرگرتبێت، بەڵام ئێستا ئەو شێت بووبێت، ئەمە دادپەروەری نییە، کە تۆ چەکەکەی بۆ بگەڕێنیتەوە، چونکە دەزانی تاوانی پێدەکات، کەواتە ئەمە دادپەروەری نییە، ئەی دادپەروەری چییە؟ پێناسەی دادپەروەری Justice، کە بە رواڵەت ئامانجی هەموو ئەم بەشانەیە، کە لە کتێبی چوارەمدا بەدەست دێت. کەواتە پێناسەی دادپەروەری بریتییە لە: هەموو کەسێک پەیوەندی بەکاری خۆیەوە هەبێت و دەست نەخاتە نێو هەموو کاروبارێکەوە، شار کاتێک هاوسەنگە، کە پیشەوەرو سەربازو سەرپەرشت، هەرکامیان بەکاری خۆیانەوە سەرقاڵ بن و دەست نەخەنە ناو کاروباری چینەکانی دیکە.

ئەم پنتەی کە هەر کەسێک گەرەکە پەیوەندی بەکاری خۆیەوە هەبێت، بێگومان یاسایەکە شیاوی ئەوەیە ستایش بکرێت، بەڵام گومان

ناکرێت ئەم یاسایە لەگەڵ تێگە Conceptی مۆدێرنی دادپەروەریدا بەرانبەر بێت. زاراوە گریکییەکە بە (Justice–دادپـەروەری) [لە زمانی ئینگلیزیدا] وەر دەگێردرێت، وابەستەی پێگەیەک بوو، کە لە هزری گریکیدا گرنگییەکی زۆری هەبوو، بەڵام ئێمە ناتوانین هاو واتایەکی تەواوی بۆ بدۆزینەوە.

کەواتە دادپەروەری بریتییە لەوەی کە هەرکەسە تەنها ئەوەی هەیە، کە پەیوەستە بە خۆیەوەو گەرەکە کاری خۆی بکات. دادپەروەری ئەوەیە، کە بەهۆی پەروەردەکردنەوە دەستەبەر دەبێت، بۆیە گەرەکە بزانین پەروەردە لە روانگەی ئەفلاتوونەوە چییە؟

## پەروەردە

سەرەتاترین ئەو شتەی دەبێت لەگەڵیدا خەریک بین فێرکردن و پەروەردەکردنە، ئەمەش بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکرێت: موزیک و جیمناستیک. واتاکانی ئەم دوو واژەیە بە بڕوای ئەفلاتوون فراوانترە لەو واتایانەی ئەمڕۆ هەیانە. موزیک واتای هونەرەکان دەگرێتەوە و جیمناستیک واتای ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ پەروەردەی جەستەیی و سروشتیدا خەریک دەبن. واتای موزیک تا رادەیەک بەو فراوانییەی ئەوەیە، کە ئێمە لە واژەی کلتورەوە وەریدەگرین، واتای جیمناستیک کەمێک لەوە فراوانترە، کە ئێمە بە پەروەردەی جەستە ناوی دەگەین.

پڕۆژەی پەروەردەکردن لە کۆماردا دوو قۆناغی هەیە، لە قۆناغی یەکەمدا هاوشاریان تا تەمەنی 18 ساڵی پەروەردەیەکی سەرەتایی وەردەگرن، پاشان قۆناغێکی 2 ساڵی پەروەردەی سەربازی وەردەگرن، بەڵام روون نییە ئایا چینی پیشەوەرانیش لەم پەروەردەکردنە بەهرەمەند دەبن یان نا؟ بەڵام ئەوەی ئەفلاتوون دەیخاتەڕوو، تاکە پێوەری دیاریکردنی پێگەی هاوشاریان دەبێت لێهاتووییەکەیان بێت، کەواتە دەتوانین ببێژین پەروەردەکردنی سەرەتایی دەبێت گشتگیر بێت، لە دوای ئەم قۆناغە پێگەی لەبارو

((داپەروەرانە))ی هەرکەسێک دیاریدەکرێت. هەر چۆنێک بێت دەبێت ژنان و پیاوان پەروەردە بکرێن .

لەسەرخۆیی و ئەدەب و دلێری، بە رواڵەت چەند سیفەتێکن، کە دەبێت بەهۆی پەروەردەو فێرکردنەوە بەدەست بهێندرێن. ئەو نوسینانەی کە لەبەر دەستی گەنجەکاندان و ئەو موزیکانەی کە بەرگوێیان دەکەوێت، گەرەکە لە هەمان ساڵەکانی گەنجێتیاندا بخرێنە ژێر سانسۆرێکی توندەوە. دایکان و دایەنەکان دەبێت ئەو چیرۆکانە بۆ زارۆکەکانی خۆیان بگێڕنەوە کە رێگەپێدراون. بەرهەمەکانی هۆمێرو هیسیۆد یاساخ بوون. لەم بەرهەمانەدا چەند جوڵەیەکی خراپ لە خواوەندەکاندا دیار دەدات، کە پێچەوانەی مۆڕاڵی ئەوانە. پێویستە زارۆکان وەها فێربکرێن کە هەرگیز خواوەندەکان کاری ناشایستەیان لێناوەشێتەوە، چونکە خواوەند چاکەری هەموو شتێک نییە، بەڵکو تەنیا چاکەری شتە باشەکانە.

دووەم بریتییە لەوەی کە بەرهەمەکانی هۆمێرو هیسیۆد چەند بابەتێکیان تێدان، کە بۆ ترساندنی خوێنەر لە مەرگ نوسراوە. هەنوکە لە پەروەردەو فێرکردندا دەبێت هەرچی زیاتر هەوڵبدرێت، کە گەنجان لە گۆڕەپانی شەڕ ئامادەبن و گیانی خۆیان بەخت بکەن. باوکەکان دەبێت زارۆکەکانیان فێری ئەوە بکەن، کە کۆیلایەتی خراپترە لە مەرگ، کەواتە نابێت ئەو چیرۆکانەیان گوێ لێ بێت، کە مرۆی گریەو زاری تێدا بەدی بکرێت، هەرچەندیش گریەو زاری ئەوان بۆ مەرگی دۆستەکانیشیان بێت. هەرگیز نابێت مرۆڤ بە دەنگی بەرز پێبکەنێت، چونکە هۆمێر باس لە (قاقای بەردەوامی خواوەندەکان) دەکات. مادامەکی کە زارۆکان دەتوانن ئەم گوزارشتانە بگوازنەوە، فێرکار چۆن دەتوانێت بە خوێن گەرمییەوە سەرزەنشتی خۆشگوزەرانی بکات؟ چـوارەم لە بەرهەمەکانی هۆمێردا چەند پەرەگرافێک هەن، کە باس لە سەفەرە رەنگین و هەوەسبازییەکانی خواوەندەکان دەکەن، ئەم پەرەگرافانە بۆ میانەڕەوی خراپن، هەروەها نابێت

ئەو چیرۆکانەش هەبن، کە تێیاندا خۆشحاڵ و باشەکان نا خۆشحاڵ بن، چونکە کاریگەری ئەم چیرۆکانە لەوانەیە کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر دەروونی زارۆکان دابنێت.

پاشان ئەفلاتوون ئارگیۆمێنتەکانی لەبارەی دراما دەخاتە کارو دەبێژێت، مرۆڤی چاک نەگەرەکە هەڵگری میمێزیسی ئەکتەر بێت، ئەگەر ئەم ئەکتەرە خراپ بێت، لە زۆربەی دراماتیستەکاندا مرۆی خراپ بەرچاو دەکەون، کەواتە نوسەرو ئەکتەر، کە رۆڵی کەسێکی خراپ دەگێڕن، ناچارن لاسایی کەسانێک بکەنەوە، کە دەست بۆ هەموو تاوانێک دەبەن. نە تەنیا تاوانباران، بەڵکو ژنان و کۆیلەکان و بە شێوەیەکی گشتی چڵێنەکان، نابێت کەسە باڵاکان لاسایی ئەوانە بکەنەوە، کەواتە دراما ئەگەر لە بنەڕەتدا رێگەپێدراو بوو، ئەوا جگەلە پاڵەوانانی باش و خاوەن ئاکارباش Virtue، نابێت پاڵەوانێکی دیکە لەم نێوەندەدا هەبێت، بەڵام ئاشکرایە بوونی درامایەکی لەم جۆرە نەکردەیە، بۆیە بە بڕوای ئەفلاتوون وا باشترە دەروازە بە رووی هەموو دراماتیستێکدا ببەسترێت.

هەرکاتێک جێنتێلمانێک بەهۆی زیرەکییەکی زۆرەوە توانی لاسایی هەموو شتێک بکاتەوە، بێتە شارەکەی ئێمەو گەرەکی بێت خۆیی و هۆزانەکانی نمایش بکات، ئێمە لە بەرانبەریدا دەچەمینەوەو رێز لە باڵای نازەنینی دەگرین، بەڵام ناچارین ئەم بابەتەی پێ رابگەیەنین، کە لە شارەکەی ئێمەدا هاوشێوەی ئەو مافی بوونیان نییە، چونکە یاسا رێگە نادات، کەواتە دوای ئەوەی سەری ئەومان بە رۆنی رەش چەورکرد و تاجێکمان کردە سەری، ئیدی رەوانەی شارێکی دیکەی دەکەین .

پاشان، ئەفلاتوون لەتەک سانسۆرکردنی موزیک (بە واتای نوێی وشەکە) خەریک دەبێت. دەبێژێت هارمۆنییەکانی لیدیان و ئایۆنیان گەرەکە یاساخ بکرێن، چونکە یەکەمیان خەم هێنەرە و دووەمیان لاوازکەرە. تەنیا هارمۆنی دۆریان (بۆ ئازایەتی)و هارمۆنی فریژیان، بۆ (میانەڕەوی) دەشێت

ڕێگە پێبدرێن. هارمۆنییە ریتمییەکان گەرەکە سادەبن و ژیانی ئازایانەو میانەڕەوی دەرببڕن.

پەروەردەکردنی جەستە پێویستە زۆر سەخت بێت، هیچ کەسێک نەگەرەکە ماسی بخوات، گۆشتیش تەنیا دەبێت بە سوورەوەکراوی بخورێت، نابێت شتە چێژبەخش و شیرینییەکانیش بخورێن. ئەفلاتوون بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەو مرۆڤانەی بەپێی یاساکانی ئەو کاردەکەن، ئەوا هەرگیز پێویستییان بە پزیشک نابێت.

گەنجان تا تەمەنێکی دیاریکراو نابێت چاویان بە دیمەنی ناشیرین و خراپ بکەوێت، بەڵام لە کاتی گونجاودا دەشێت ئەوان ڕووبەڕووی چەند شتێکی (فریودەرانە) بکرێنەوە. ئەو شتە فریودەرانە بریتین لە چەند دیمەنێکی ترس هێنەرو چێژە چەپەڵەکان، لە بەرانبەر ئەو شتانەدا گەنجان گەرەکە نەترسن و ویستی بەهێزیان هەبێت. تەنیا کاتێک کە گەنجەکان لەم تاقیکردنەوانەدا سەرکەوتوو بوون، دەشێت ئەوانە بۆ سەرپەرشتیکردنی چڤات شایستە بن. کوڕان بەر لە تەمەنی پێگەیشتن، گەرەکە شەڕ بە چاوی خۆیان ببینن، بەڵام شیاو نییە بەشداری شەڕ بکەن .

سەبارەت بە ئیکۆنۆمی(ئابوری)، ئەفلاتوون بۆ سەرپەشتان ژیانێکی هاوبەشی تەواو پێشنیار دەکات، بۆ سەربازانیش هەمان جۆرە ژیانی لەبەرچاو گرتووە. هەرچەندە ئەم پنتە تەواو روون نییە، سەرپەرشتان گەرەکە خانەی گچکەو خواردنی سادەیان هەبێت. ژیانیان وەکو ژیانی سەربازی بێت بە کۆمەڵ نان بخۆن، جگەلە پێویست ناشێت هیچ جۆرە خاوەندارێتییەکی تایبەتیان هەبێت. گەرەکە هەبوونی زێڕو زیو یاساخ بکرێن. سەرپەرشتان ئەگەرچی دەوڵەمەندنین، هاوکات هیچ بەڵگەیەک نییە کە بەختەوەر نەبن، بەڵام ئامانج و مەبەستی دەوڵەتشار چاکەی گشتییە، نەک بەختەوەری کاسێک. سامان و هەژاری هەردوویان زیانیان هەیە، لە دەوڵەتشاری ئەفلاتووندا هیچ کامیان بوونیان نییە، ئەفلاتوون ئەرگۆمێنتێکی سەیریشی

له بارەی جەنگ هەیە. بەو واتایەی کە دەبێژێت: شاری ئێمە بە ئاسانی لە توانایدایە یەکێتی و تەبایی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، چونکە شاری ئێمە کەمێکیش تاڵان و دەستکەوتی شەڕ وەرناگرێت.

### کۆمۆنیزم

بەرچاوترین ئەدگاری کۆمار داڕشتنی کۆمۆنیزمە بۆ دوو چینی باڵای چڤات. ئەم پلانە وەکو پەروەردەکردن، لە پرەنسیپدا بۆ پاراستنی رەوشی باو و رێگرتن لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان خراوەتەڕوو.

کۆمۆنیزمی ئەفلاتوون لە ئامانجەکەیدا، جیاوازە لەگەڵ ئەو کۆمۆنیزمەی کارل مارکس و سۆسیالیستەکانی دیکەی مۆدێرن خستیانەڕوو، هاوکات لە کۆمۆنیزمەکەی ئەفلاتووندا، هەموو خەڵکی کار ناکەن، ئەمەش جیاوازە لە کۆمۆنیزمی مۆدێرن، کە دەڕوانێتە سەر خاوەندارێتی، هەم خێزان و هەم خاوەندارێتی تایبەتی لەخۆ دەگرێت، کەواتە بە تێڕوانینی ئەفلاتوون، ئەندامانی چڤاتی کۆمیونیستی کار ناکەن، لە کاتێکدا ئەوانەی کار دەکەن، لە دەرەوەی سیستەمی کۆمیونیستین.

کۆمۆنیزمی ئەفلاتوون بەر لەوەی ئامانجێکی ئابوری هەبێت، ئەوا ئامانجی سیاسیی و مۆراڵی هەبوو. بە باوەڕیی ئەفلاتوون ئەگەر خاوەندارێتی تایبەتی نەمێنێت، ئەوا چڤات پارێزراو دەبێت لەو مەترسییانەی رووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام دیسان ناشێت خاوەندارێتی لە ناو تەواوی خەڵکیدا سنۆپی پێ بکرێت، بەڵکو دەشێت کاستی پیشەوەر، کە زۆرترین دانیشتوانی چڤاتی یۆتۆپیایی پێکدەهێنن، لە خاوەندارێتی تایبەتی بەهرەمەند بن، بەڵام بۆ چینی باڵا، کە پەروەردەکران و ئاوەزییان بە باشی بڕیار دەدات، ئەوا هەبوونی کۆمۆنیزم شیاو و پێویستییەکی سەرەکییە، بە تێڕوانینی جۆرج سپاین کۆمۆنیزمەکەی ئەفلاتوون ئامانجێکی تەواو سیاسیی هەبوو... مەبەستی ئەفلاتوون لە کۆمۆنیزم ئەوە نەبوو، کە دەوڵەتشار بۆ دامەزراندنی

یەکسانییەک لە ساماندا بەکاری بهێنێت، بەڵکو ئەو سامان یەکسان دەکات، بۆ ئەوەی هەڕەشەکانی بەردەم دەوڵەتشار نەمێنن .

ئەفلاتوون قسە لە بارەی کۆمۆنیزمی خێزانیش دەکات. دەبێژێت: کە هاوڕێیان گەرەکە هەموو شتێکیان بە هاوبەشی بێت، لەوانە ژنان و منداڵان. ئەفلاتوون ددان بـەوەدا دەنێت، کە ئەم کارە تا ئەندازەیەک سەختە، بەڵام بەبڕوای ئەو، ئەم گرفتانە بەو جۆرە نین، کە نەتوانین بەسەریاندا سەروەربین. بەر لە هەر شتێک فێرکردن و پەروەردەکردنی کچان و کوڕان دەبێت هاوشێوە بێت. کچانیش وەکو کوڕان پێویستە فێری موزیک و جیمناستیک و هونەری شەڕ ببن.

ژن دەبێت لە هەر لایەنێکەوە لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت. هەمان ئەو پەروەردەکردنانەی پیاوێکی سەپەرشتی باش دروستدەکات، هاوکات ژنێکی سەرپەرشتی باشیش دروستدەکات، (لەبەرئەوەی هەردووکیان لەبنەڕەتدا، لە جەوهەرێکن)، بێگومان ژن و پیاو چەند جیاوازیەکییان لەنێواندا هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییانە پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نییە، هەندێک ژنان فەلسەفەیین، بۆ سەرپەرشتی گونجاون و هەندێکیان جەنگین، بۆ سەربازی باشن.

یاسادانەر دوای ئەوەی سەرپەرشتانی لە ژنان و پیاوان هەڵبژارد، هەنگینێ بڕیار دەدات، کە ماڵ و خۆراکیان هاوبەش بێت. کاروباری هاوسەرگیری، بەو شێوەی ئێمە دەیزانین، گۆڕانی سەرەکی تێدا روودەدات. لە جەژنە دیاریکراوەکانی بوک و زاواکاندا، کە پێویستی بە ژمارەیەک هەیە بۆ جێگیرکردن و پاراستنی ئاستی دانیشتوان، دەست دەدەنە دەستی یەکتری، بە رواڵەت هاوسەران بە تیروپشک هەڵدەبژێردرێن و فێر دەکرێن، کە بڕوایان بەتیروپشک هەبێت، بەڵام راستییەکەی دەسەڵاتدارانی شار تیروپشکەکان لەسەر بنەمای ریفۆرمی رەگەز دیسپلین دەکەن و رێکخستنێک ئەنجام دەدەن، کە باشترین باوک و دایک زۆرترین زارۆکان بخەنەوە. هەموو زارۆکان دوای هاتنە ناو جیهانەوە، لە باب و دایکیان وەردەگیرێن

و هەوڵدەدەن، تاوەکو دایک و باوکەکان منداڵەکانیان هەرگیز نەناسنەوەو هاوکات زارۆکەکانیش دایک و بابی خۆیان نەناسنەوە.

زارۆکانی کەمئەندام و ئەوانەی، کە دایک و باوکیان نزم بن (دەخرێنە شوێنێکی شاراوە، کە دەبێت لەوێدا بمێننەوە)، ئەگەر منداڵێک لە دایک و باوکێک هاتە بوون، بەبێ ئەوەی دەوڵەت رێگەی بە زەماوەندی ئەوان دابێت، ئەوا ئەو منداڵە بە بیژوو Whoreson دەناسێندرێت. تەمەنی دایکان گەرەکە لە نێوان بیست تا چل ساڵ، تەمەنی باوکان لە نێوان بیست و پێنج تا پەنجاو پێنج بێت. لە دەرەوەی ئەم سنورە پەیوەندی ئازادە، بەڵام کوشتنی زارۆکان دەبێتە ئەرکێکی ناچاری. لەو زەماوەندانەی دەوڵەت ئەنجامی دەدات، لایەنەکانی ئاهەنگەکە هیچ مافێکیان نییە، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەم پیشەیە کاربکەن، کە لە بەرانبەر دەوڵەتدا هەیانە، نەک لە رێگەی ئەو هەستە نزمەکانەوە، کە لەلایەن هۆزانڤانی مردوو و فەرامۆش کراوەوە ستایش دەکرێت.

کەواتە هیچ کەسێک باوک و دایکی خۆی ناناسێت، کەوایە لەسەر هەر تاکێک پێویستە، ئەو پیاوانە بە باوکی خۆیان بزانێت، کە ساڵانە دەتوانن ببنە باوکی ئەو. لەبارەی (دایک) و (خوشک) و (برا)ەوە، هەر بەم جۆرەیە. (وێنەی ئەم نەریتە لە ناو هەندێک خێڵی پریمینیڤ (سەرەتایی) باو بووە، بووەتە هۆی سوڕمانی ئەو بانگەشە کارە کریستیانیانەی، کە چوونەتە ناو ئەو خێڵانەوە)، لە نێوان (باوک)و (کچ)و (دایک)و (کوڕ) زەماوەند یاساغە. زەماوزەندی (خوشک)و (برا)ش، بە شێوەیەکی گشتی قەدەغەیە، بەڵام بەرەهایی قەدەغە نییە.

مەبەست لەم رێکخستنە ئەمەیە، کە هەستی خاوەندارێتی تایبەتی لاوازبکرێتو مۆڕاڵی کۆمەڵایەتی بەسەر خەڵکیدا زاڵبێت، تا لارییان لە لەنێوبردنی خاوەندارێتی تایبەتی نەبێت. ئەو هۆکارانەی کە نەریتی رەبەنبوونی Celibacy کەشیشە کریستیانییەکانی لێکەوتەوە، ئەویش هەر بەم جۆرە بوو .

دوای هەموو ئەمانە بەم دەرەنجامە دەگەین، کە بە تێڕوانینی ئەفلاتوون دوای پەروەردەو فێرکردن، سێ کاستەکە دێنە ئاراوەو کاستی یەکەم، کە شایستەترینیان (واتا فەیلەسوفەکانن) دەبنە سەروەری دەوڵەتشارو کاستی دووەم پاسەوانانن، کە پارێزگاری دەوڵەتشار لە ئەستۆی ئەوانەو کاستی سێیەم، پیشەوەرانن، کە بە ئابوری و کاروباری داراییەوە خەریک دەبن. هاوکات کۆیلە دەکەوێتە دەرەوەی ئەم سێ کاستە.

## چینەکانی چڤات

ئەفلاتوون بەم جۆرە دەستپێدەکات، کە گەرەکە تاکەکانی چڤات بۆ سێ کاست (چین) دابەش بکرێن. چینی سێیەم (کە چینی گشتی خەڵک و کۆیلەکانە)، چینی دووەم سەربازان و چینی یەکەمیش دەسەڵاتدارانن. تەنیا گەرەکە چینی یەکەم خاوەن پایەگایەکی سیاسیی بن. ژمارەی تاکەکانی ئەم چینە دەبێت زۆر لە دوو چینەکەی دیکە کەمتر بن. گوایا ئەم تاکانە لە سەرەتادا بەهۆی کەسێتییەکی یاسادانەرەوە هەڵبژێردرێن، پاشان بەهۆی دەسەڵاتی پشتاوپشت دەبنە جێنشینی یەکدی، بەڵام لە هەندێک کاتدا دەشێت منداڵی ئامادەکراو لە یەکێک لە چینەکانی دیکە بەرز بکرێتەوە. لە ناو منداڵانی چینی دەسەڵاتداریشدا، ئەگەر منداڵێک یاخۆ گەنجێک دۆزرایەوە، کە لێهاتوویی تێدا نییە، دەشێت فرامۆش بکرێت.

## دەوڵەتی فەیلەسوف

لەبەرئەوەی دەپرسین مەرجی هاتنەدی دادپەروەری چییە، بە چ هۆیەکەوە دەشێت چڤات لە خراپەییەوە رووەو چاکە گۆڕان پێبدرێت، ئەفلاتوون وەڵاممان دەداتەوەو دەبێژێت: ئەگەر لە چڤاتدا فەیلەسوفەکان پادشا نەبن، یان ئەو کەسانەی ئەمڕۆکە وەکو پادشا و دەستەڵادار دەناسرێن، بەراستی ئارەزوویان بۆ فەلسەفە نەبێت، ئەگەر فەلسەفەو دەستەڵاتی

سیاسیی ئاوێنەی یەكتری نەكرێن، هەموو سروشتە تاكڕەهەندەكانی ئەمڕۆ، لەناو نەبرێن، ئەوا خۆشبەختنی چڤاتەكان و بەشێوەیەكی گشتی خۆشبەختنی رەگەزی مرۆیی نایەتەدی و ئەو دەوڵەتەی باسی دەكەین، نایەتەدی.

كەواتە باشترین چڤات ئەو كاتە دێتەدی ئەگەر فەیلەسوفان ببن بە پادشا، یان پادشاكان فەیلەسوف بن، كەواتە فەیلەسوف كێیە؟ فەیلەسوف بەوجۆرەی لە واژەكەوە دەردەكەوێت، ئەڤینداری زانینە. ئەڤیندار تەواوی ئەڤینەكەی خۆشدەوێت، فەیلەسوفیش ئەڤینداری تەواوی زانینەو خوازیاری حەقیقەتە، لەبەر ئەوە تەنها فەیلەسوفان دەتوانن دادپەروەری و نادادپەروەری لە یەكتری جیابكەنەوە و هاوكات هەر ئەوان دەتوانن حەقیقەتی رەها (یان ئایدیای باڵا) بناسن.

فەیلەسوفان، تەنها فەیلەسوفان توانستی ئەوەیان هەیە هەبوویەكی حەقیقی نەگۆڕ بناسن. ناسینی حەقیقەت بە تەواوی، باشترین رۆڵدەگێڕێت بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی وڵات. بۆیە فەیلەسوف وەكو ئەو كەسەی بە تەواوی دراوێكی حەقیقی دەناسێت، زیاتر لە هەموو خەڵكی دەتوانێت چاودێری یاساكان و كاروبارەكانی چڤات بكات، چونكە مرۆڤی نابینا (مەبەست لەوانەی حەقیقەتی رەها ناناسن) توانستی وەها كارێكی نییە.

**جۆرەكانی رژێمی سیاسیی**

بە پێویستی دەزانین جۆرەكانی رژێمی سیاسی (پۆلەتیكی) دەستنیشان بكەین و باس لە كەموكورتییەكانیان بكەین، دواتر باشترین رژێم لە دیدی ئەفلاتوون دەخەینەڕوو.

**1. تیمۆكراسی**

رژێمی تیمۆكراسی Timocracy (یان شانازیخوازان) تێیدا، دادپەروەری بەربەستی هەیە، بەڵام بە رواڵەت كارایە. كۆنترۆڵی دەوڵەت بە دەستی

فەیلەسوفەکانەوە نییە، بەڵکو کاستی دووەمی چڤاتی سەروەرە. لەو رژێمەدا دارمان زەرورەتێکی لۆجیکی هەیە. دەشێت رژێمی سپارتا ئەم جۆرەیان بێت. تیمۆکراسی لە نێوان رژێمی یۆتۆپیاو ئۆلیگارشیدایە.

تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤی تیمۆکرات چاوچنۆکی و بەخۆنازینییەتی. پەروەردەیەکی باشی نەبینیوە، لە وتندا توانستی نییە، لەگەڵ کۆیلەکاندا توندوتیژە، بەڵام وەکو مرۆڤی سوک سەیریان ناکات، لەبەرانبەر دەستەڵاتداران ژێرفەرمان و زەبوونە، هەمیشە خوازیاری ئەوەیە بە پلەی فەرمانڕەوایی بگات، بەڵام هەوڵدەدات ئەم پلەیە بەرێی ئارەزووەکانییەوە دەستەبەر بکات، نەک رەزامەندکردنی ئەوانی دیکە بەهۆی تواناکانییەوە، لە گەنجێتیدا ئەوەندە چاوی لەسەر پارەو پول نییە، بەڵام هەرچەندێکی پیرتر ببێت، چاو چنۆکتر دەبێت. حەزی لە هێزو پلەو پایەیە، چاوەڕوانی جەنگە، ئەویش لەبەر دەستکەوت و ئارەزووەکانی خۆی. بەم پێیە تایبەتمەندی گەنجی لوتبەرز نمونەی تیمۆکراسییە.

**2· ئۆلیگارشی**

رژێمی ئۆلیگارشی Oligarchy پشت بەستە بە سامان. لەم رژێمەدا بە هێزەکان دەستەڵاتیان هەیەو لاوازەکان مافی بەشداریکردنیان نییە، لە بەڕێوەبردندا. تەنها ئەوانەی ئەندازەیەکی سامانیان هەیە دەتوانن هاوبەشبن لە دەسەڵاتدارێتیدا و مەترسی ئۆلیگارشی هەر ئەمەیە. تێیدا پێوەری بە دەسەڵاتداربوون هێزو سامانە، نەک زانست و زانین.

دەوڵەمەندەکان بۆ مەبەستی خۆیان و چۆنێتی خەرجکردنی پارەکەیان یاسا پێشێل دەکەن، ئەمەش دەبێتە رەوشێکی باو لە چڤاتدا و خەڵکی هەمووی خەریکی کۆکردنەوەی سامان دەبن و بەمەش لە ئایدیای چاکە دوور دەکەونەوە، چونکە تاکو سامان پێوەر بێت، رێزو چاکە کەم دەبێتەوە. خەڵکی چونکە تامەزرۆی پارەن، رێز لە دەوڵەمەندەکان دەگرن

و کاروباری وڵاتیان پێ دەسپێرن و سوکایەتیش بە هەژاران دەکەن. بەمەش دەستوری وڵات دەکەنە دەستورێکی ئۆلیگارشی و گەر بەخۆشی کرا، ئەگینا بە زەبری ئەو دەستورە دەیسەپێنن، بەمەش ئەوەی زۆر دەوڵەمەند نەبێت لە بەدەستهێنانی دەسەڵات و پلەو پایە بێ بەری دەبن. هاوکات کەموکوڕییە گەورەکەی چڤانی ئۆلیگارشی ئەوەیە، کە کەسی شیاو ناچێتە شوێنی شیاو، لەبەرئەوەی لەو چڤانەدا دەوڵەمەندی دەبێتە پێوەر نەک لێهاتویی و شایستەیی.

چڤانی ئۆلیگارشی دوو دەوڵەت لە خۆ دەگرێت لە یەک دەوڵەتدا، کە بریتین لە: دەوڵەمەندان و هەژاران، بەردەوام پیلان لە دژی یەکدی دەگێڕن. لەو دەوڵەتەدا، لەبەر ئەوەی سامان و دەوڵەمەندی پێوەرە، لەکاتی جەنگدا، زۆرینەی خەڵکی چەکدار دەکرێن، بەمەش سەربازان هەوڵی دەوڵەمەندی دەدەن، بەم پێیە مەترسی سوپای خۆیان زۆرترە لە مەترسی سوپای دوژمن. بەرچاوترین دیاردە ئەوەیە تاک چەندین پیشەی جۆراوجۆری هەیە وەک: جوتیاری، بازرگانی، سەربازی و ئەمەش نەنگییەکی چڤانەکەیە. بۆیە لەو دەوڵەتەدا، لەبەر ئەوەی زۆرینە هەژارو کەمینە دەوڵەمەند، دزی و قۆڵبڕی و فروت فێڵ زۆر دەبێت.

### 3. دیموکراسی

دیموکراسی رژێمێکی بێکاست و بێکۆت و بەندە. نیشانەی دیاری دیموکراسی ئەمەیە، کە هەموو خەڵکی تێیدا ئازادن و خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە هەر کارێک بکەن. چەندین گروپی جۆراوجۆر و بە ئامانجی جۆراوجۆرەوە پێکدێن، وا پێدەچێت دیموکراسی جوانترین رژێمی سیاسیی بێت، لەبەر ئەوەی بەرگێکی رەنگاو رەنگ و پڕ نەخش و نیگارەو هەموو سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی دیموکراسی بە ئاشکرا هەن. هەموو جۆرەکانی رژێمی سیاسیی تێدایە و هەر کەسێک بخوازێت دەتوانێت بەپێی

ویستەکانی خۆی، هەر جۆرە رژێمێکی سیاسیی هەڵبژێرێت، کە لەگەڵ چەشەی ئەودا بگونجێت. هیچ کەسێک ناچار نییە، ملکەچی یاسا بێت و هاوکات تاکێکی ئەرکدار نییە. بۆیە لە کاتی جەنگدا ناچێتە بەرەکانی جەنگ، لە کاتی ئاشتیدا پابەندی رێککەوتنەکە نابێت، بەڵام هەر چۆنێک بێت چڤاتی دیموکرات لەگەڵ بوونی باوی ئازادی و یەکسانییەکەی، ئەوا چڤاتێکی کاستی (یان چینایەتی)ییەو هۆکاری ئەمەش ئازادی بێ کۆت و بەندە.

**4. تیرانی (ستەمکاری)**

پێشڕەوی ئاپۆرەی خەڵکی لە چڤاتی دیموکراتدا، لە یەکەمین رۆژەکانی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا، لەگەڵ هەمواندا میهرەبانەو دڵنیاییان پێدەبەخشێت، کە هەرگیز نابێتە کەسێکی تیران (ستەمکار)و کاروباری دەوڵەت بە باشی بەڕێوە دەبات، بەڵام کاتێک لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناوخۆ رێککەوت، یان ئەوانی لەناو برد، یەکەمین کاری ئەمەیە کە دەبێتە هەڵگیرسێنەری جەنگێک لە نێوان وڵاتەکەی خۆی و وڵاتێکی بێگانە، بۆ ئەوەی یەکەم خەڵکی هەست بە پێشەوایەتی ئەو بکەن، کە پێویستییان بە پێشەوایەتییەکەی هەیە.

دووەم خەڵکی لە ژێر باری داراییە زۆرەکان، جگەلە دابینکردنی ژیانی رۆژانە ئایدیایەکی دیکەیان نییە، بۆیە دەسەڵاتدار دەگۆڕێت بۆ کەسێکی ستەمکارو لە هەموو خەڵکی بەهێزو دلێر دەترسێت، هەموو رەخنەگرو ئۆپۆزیسیۆنەکان لەناو دەبات. ئیدی خەڵکی نیگەران دەبن و ئەم رەوشەش هەتا زیاتر ببێت، ئەوا پێشەوا پێویستی بە پاسەوانانی زیاتر دەبێت، پاسەوانەکان لە نێوان خەڵکی لۆتی و بێکارەی وڵاتەکەی، یان وڵاتی بێگانە هەڵدەبژێرێت. ئاپۆرەی خەڵکی دەسوێژێکی یاساییان نییە، بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتداری ستەمکار: ئازادی رەهای دیموکراسی دەگۆڕێت، بۆ چەوساندنەوەی رەهای خەڵکی .

**ئەفلاتوونی ئەریستۆکراتیک؟**

ئایا دەتـوانـیـن بـبێژین ئـەفـلاتـوون داڕێـــژەری تیۆریی ڕژێمی ئەریستۆکراتیکە؟ وەڵامەکان زۆرن بۆ ئەم پرسیارە. ئەو ڕژێمەی ئەفلاتوون گەرەکی بووە بیهێنێتە دامەزراندن، ڕژێمی مرۆڤە باشەکانەو هاوکات بەگوێرەی نەریتی دێرین، ڕژێمی ئەریستۆکراتیی بە ڕژێمی مرۆڤە باشەکان ئەژمار کراوە، بەڵام ئەریستۆکراتەکان شایستەیی و لێهاتوویی خۆیان بۆ ڕەچەڵەکیان دەگەڕاندەوە و ئەمەیان بە مافی خۆیان دەزانی. لێرەوە دەشێت بێژین ئەریستۆکراتیکی ئەفلاتوون، ئەریستۆکراتییەکی نەریتی نییە. هاوکات ئەریستۆکراتەکان بەهرەی سروشتی و ڕەگەزیان بە بنەڕەتی ئاکارباشی (فەزیلەت)ی ڕاستەقینە ئەژمار دەکرد، بەڵام ئەفلاتوون لە تیۆرییەکەی خۆیدا مەبەستی نەبووە ئەو ئەریستۆکراتە خاوەن ڕەچەڵەکانەی هەن، پەروەردەیان بکات، پاشان بەرزیان بکاتەوە بۆ ڕژێمە ئایدیالییەکەی خۆی. ئەو گەرەکیبوو وەکو کاستی هەڵبژاردەی چڤات سود لەو کەسانە وەربگرێت، کە بەرزترین ئاکارباشییان هەیە. بەوتنێکی دیکە دەشێت بێژین ئەریستۆکراتی ئەفلاتوون، ئەریستکراتییەکی ڕۆحییە، کاتێک لە کتێبی کۆماردا دێتەسەر باسکردن لە بارەی دروستکردنی کاستی هەڵبژاردە، هاوکات باس لەوەش دەکات، کە گەرەکە کەسانێک لەو ئەریستۆکراتانەی هەنوکە بۆ کاستە نزمترەکان بگوێزرێنەوە و کەسانێکیش لە کاستە نزمترەکان بخرێنە نێو کاستی باڵاو هەڵبژاردەوە. بەم جۆرەش یەکێک لە بەشە گرنگەکانی تیۆریی ئەفلاتوون، کە باوەڕیی بە نایەکسانی سروشتی مرۆڤ هەیە، بە تەواوی هاو ئاراستەی ئیدیۆلۆژیی ئەریستۆکراتییە. تێڕوانینی وێرانکارانەی ئەفلاتوون بۆ دیموکراسی هەنگینێ، سەرباری ئەوەی پەیوەندی هەیە بەئێپستێمۆلۆجییەکەیەوە، ئەوا لە تێڕوانینی ئەریستۆکراتییانەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچییەک بێت، دەشێت ئەفلاتوون بە لایەنگری ئەریستۆکراتی بهێنینە دانان.

لێرەوە کۆتایی بە لێهزرینە سیاسییەکە (پۆلێتیکییە)ی ئەفلاتوون

دەهێنین و هەوڵدەدەین وەرگۆڕینێک بەسەر شێوازی توێژینەوەکەدا بهێنین، ئەویش ئەوەیە، کە دەکەوینە خەریک گەرییەوە لەبارەی عەشق و هەڵوێستی بلاتۆن بۆ هونەر.

**ئیرۆس (یان خوداوەندی عەشق)**

تەواوی دیالۆگی سیمپۆسیۆم (خوان) تەرخانکراوە، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی عەشق. گروپێک لە دۆستان بە یەکەوە کۆبوونەتەوە تا بەیەکەوە خۆراک بخۆن و رێککەوتوون بە نۆرەی خۆیان لەبارەی عەشق بێنە ئاخافتن. گێڕانەوەکەی ئەم دانیشتنە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پرۆسیسێکی پلەبەپلەی هارمۆنیی هەیە. سوقرات کۆتا کەسە کە قسە دەکات، بەڵام ئەو بە ناوی خۆیەوە نایەتە ئاخافتن: رایدەگەیەنێت کە قسەکانی ژنێک دەگوازێتەوە، ناوی ئەو ژنە لەوە بەدواوە هەرگیز لە مێژووی هزری ئەوروپیدا فەرامۆش نەکراو بە تایبەتی بوو بە ئیلهامبەخشی فرێدریش هۆلدەرلین. ئەم ژنە ناوی دیۆتیمایە. ئەوە کە باوەڕیی هەیە بە ناوەڕۆکی بەرزو باڵای عەشق.

سەرەتا باس لە عەشقی هەستیاریی دەکرێت، پاشان ئەمجۆرە عەشقە هەرگیز بە رەتکراوەیی و خراپ ئەژمار ناکرێت، بەڵکو بۆ هەمیشە شیاوی پەسەندەو ئەو گۆڕانەی بەسەریدادێت، کاریگەریی لەسەر دادەنێت و بە بلوری دەکات.

عەشق لە سەرەتای دیالۆگەکەدا هەوەسە، بەڵام هەوەسێکە بەواتایەکی بەرفراوانتر لە واتای ئەم واژەیە لە زمانی شەهوانی، هەستیاری یان داستانیدا. عەشق، ئارەزوو(هەوەس)ی شتێکە، کە مرۆڤ نییەتی و ئارەزووی هەبوونی دەکات. عەشق لە کۆتایی دیالۆگەکەدا، فەلسەفەیە.

لێرەدا بابەتێکی گرنگی شیاوی باسکردن هەیە، کە دەبێت باش لێی تێبگەین. بە باوەڕیی ئەفلاتوون ئیرۆس، واتا عەشق، ئارەزووە، تامەزرۆییە، منداڵی هەژارو دەوڵەمەندە. هەژار بەشێکە لە ناوەڕۆکەکەی، لەبەرئەوەی

ئەو شتەی مرۆڤ ئارەزووی دەکات، ئاشکرایە ئەو شتەیە کە نییەتی، بەڵام دەوڵەمەندییەکەی لەوەدایە، کە دەتوانێت ئەو شتەی نییەتی، بە شێوەی ئامەزرۆیی شتەکە لە خۆیدا هەیبێت. کەواتە لێرەشدا ئیرۆس لە نێوەندا دەوەستێت، هەروەها وەکو نێوانی زانایی و نەزانی، کە دۆخێکی نێوەندی بوونی هەیە. مرۆڤ لەبەر ئەوە ئارەزووی ناسینی حەقیقەتی هەیە، چونکە نییەتی، بەڵام ئارەزووی ناسینی ئەو بەبێ ئاگایی پێشووتر لە حەقیقەت، کە ئارەزووی دەکات، نەشیاوی بەدەستهێنانە.

تەنها یەک دۆخی نێوەندی دەشێت عەشق بێت و عەشقیش وەکو شتێکی سەنترالی ((نێوەندی)) فەلسەفەیە. ئەمەش دەزانین تەنانەت واژەی فەلسەفە، واژەیەکی دەربڕی ئامەزرۆیی و واتاکەی ((خۆشەویستییە بۆ دانایی)). فەیلەسوف بەو ئەندازەیە زانینی لەبارەی دانایی هەیە، کە تەنها بۆ وروژاندنی ئارەزووەکەی بەسی دەکات، بەڵام بۆ دانابوون بەس نییە، هەنوکە دەبینین لە چارەنوسی مرۆڤدا رۆڵی ((هەژار)) واتا ((نەبوو)) تا چ ئەندازەیەک پێویستییە.

مرۆڤ تەنها بەهۆی ئەوەی چاوی لەسەر ئایدیاکانەو ئـارەزووی پێگەیشتنیان دروست دەکات، ئەوا دەتوانێت چەندین ئامانجی هەبێتن و ئازادی بناسێت. باڵاترین پلەی عەشق، عەشقی هاوئاسنی ئایدیاکانەو سەروەرێتی چاکەیە، کە تەواوی پلەکانی دیکەی عەشق گۆڕان پێدەدات و باش و مەزنیان دەکات.

ئیرۆسی ئەفلاتوون تایبەتمەندییەکی دوو لایەنەی هەیە: یەکێکیان دەستبەسەرداگرتن و ئەویدیکەیان لەخۆبووردوویی. ئەفلاتوون بێئەوەی ئەم دووانە لەبەرانبەر یەکتری دابنێت و یەکێکیان بە باش و ئەویدیکەیان بەخراپ دابنێت، ئەم دووانە رووەو ریالیتییەکی تاک گۆڕان پێدەدات .

**هەڵوێستی ئەفلاتوون بۆ هونەر**

ئەفلاتوون وەکو یەکەم فەیلەسوفی گریکی، گۆڕان بە تێگەی هونەر دەدات، لەبەر ئەوە هەر نوسینەوەیەکی مێژووی هونەر، گەرەکە لە ئەفلاتوونەوە سەرەتا بگرێت. ئەفلاتوون وەکو هاوچەرخەکانی خۆی، واژەیەکی بەکارنەهێناوە تا بشێت ئەوە لەگەڵ واژەی ((هونەر))یی ئەمڕۆیی ئێمە بەکاربهێنین. نزیکترین واژەی گریکی، تەخنە Techneیە. تەخنە لای ئەفلاتوون وەکو کردەیەکی خواستەو دراو دادەنرێت، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە فوسیس (یان سروشت)دا روودەدات. دیاردەکان لە سروشتدا بەبێ دەستێوەردانی هێزێکی وروژێنەرو ئاگا، دەردەکەون.

بەم جۆرە ئەفلاتوون لە جیاتی لە واژەی تەخنەوە، تێگەیەکی هونەری چاک بکات، ئەوا واژەی میمێزیس (نواندنەوە، لاساییکردنەوە) پێشنیار دەکات. لە بنەڕەتدا ئەم واژەیە واتای «لاساییکردنەوە» دەبەخشێت، واتا کۆپیکردنەوەی سروشت، کەواتە گەرەکە لێرەوە هەڵوێستی ئەفلاتوون بۆ هونەر بزانین.

ئەفلاتوون لە کتێبی دەیەمی دیالۆگی کۆماردا لەبارەی نەگونجاوی نێوان فەلسەفەو شیعر دێنە ئاخافتن، هونەر لە روانگەی ئەفلاتوون برێتییە لە دیاردەی پەتی، هەر بۆیە بە باوەڕیی ئەو، هونەری شایستەی تێڕوانینی فەلسەفەیی نییە، بەڵام ئەفلاتوون سەرباری ئەم تێڕوانینەی بۆ هونەر، ئایدیای جوانی لەسەروی سەرجەم ئایدیاکانەوە دادەنێت .

داڕشتنی هونەری برێتییە لە «لاسایی»، یان دەروێنەی جیهانی ئەمپیری، واتا هینی ئەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین، بەڵام بۆ ئەفلاتوون جیهانی ئەمپیری خۆیشی دەروێنەی، یان رواڵەتی ناتەواوی جیهانێکی سەروێنەیی تەواوە، بە واتایەکی دی، ئەمجیهان برێتییە لە دەروێنەی ئەوجیهان.

جیهانی دەروێنەیی تەنها جیهانی ئەزمونییە، لەبەر ئەم هۆیە جیهانی زانین نییە، چونکە تێگەیشتن لە سێنسەکانماندا چێدەبێت، بەڵام سێنسەکانمان هیچ شتێکمان لەبارەی بوونی ئەو رواڵەتانە پێ راناگەیەنن. سێنسەکان ناتوانن ببن بە بناغەی زانین، چونکە زانین پەیوەست بەبوونی تەواوی ڕواڵەتەکانە. ئەم جیهانەی بوونی تەواو جیهانێکی سەروێنەییە، کە تەنها بەڕێی هۆشەوە (یان ئاوەزەوە) شیاوی پێگەیشتنە. ئەم جیهانەی لێڕوانین پەیوەست بە ئایدیاکانەو سەربەخۆیە لە جیهانی ئەمپیری(یان ئەزمونی) .

کەواتە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئەفلاتوون بۆ هونەر، پێویستمان بە ئێپستێمۆلۆجییەکەی دەبێت و لەسەرەوە باسمان کردووە. ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا دەکەوێتە خەریکگەرییەوە لەبارەی جیاوازی نێوان شێوەسازی (یان وێنەکێشی) و پەیکەرسازی لەگەڵ ئایدیای باڵادا، لە رۆژگاری ئەودا زاراوەیەک سەروەر بوو، کە گۆیا وێنەکێشان و شاعیرەکان لە فەیلەسوفەکان باڵاترن، ئەفلاتوون دەکەوێتە دژایەتیکردنی ئەم تێڕوانینەوەو گەرەکییەتی هەموو شتێک بە رۆشنی و بێ پەردە ببێژێت، بە وتنی ئەو تەنها فەیلەسوف، نەک شاعیرو هونەرمەند، بەهۆی مێتۆدی دیالێکتیک دەتوانن بە ئایدیاکان بگەن.

ئەفلاتوون بۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتەی، سود لە نمونەیەکی سادەو ئاشنای وەکو کورسی وەردەگرێت.

یەکەم بەر لە هەرشتێک ئایدیای گشتی «کورسی» بوونی هەیە، بەم واتایەی، کە ئایدیای تەواوێتی کورسی لە جیهانی سەروێنەدایە. پیشەکارێک کورسییەک چاک دەکات، کە شیاوێتی سود لێوەرگرتنی هەیە، بەڵام پڕ کەموکورتی و ناتەواوە. کورسی بگۆڕو ناتەواوە. لەگەڵ ئەمەدا پیشەکار، هەرچەندە زۆر کەم، بەڵام بە ئاگایە لە ئایدیای بنەڕەتی، لەبەر ئەوەی دەزانێت کورسی چییە و چۆن دروستیدەکات. لە لایەکی دیکەوە، وێنەکێش لە مێتۆدی وێنەکێشان بە ئاگایە، بەڵام بە زەڕووری مێتۆدی کورسی

دروسنکردن نازانێت. نواندنەوەی دوو لایەنی وەها کورسییەک تەنها وێنەی شتێکە، کە بەر لە وێنەی «کورسییە» حەقیقییەکە بووە و لە جیهانی ئایدیای بوونی هەبووە. بەم هۆیەوە هونەرمەند دوو پلە لە ریالیتی و حەقیقەت دووردەکەوێتەوە. هەمان دوورکەوتنەوەی هونەرمەند لە حەقیقەت لە پلەیەکی نزمتری پیشەگەریدا دەوەستێت و دەبێتە هۆی هاتنەئارای مەترسیی سەراب و فریودانەوە. لەم رووەوە ئەفلاتوون هونەرمەند، بەهۆی نەریتە «ناڕاستەکەی»، لە کۆمارەکەی دەکاتە دەرەوە .

ئێمە لەنێوان جوانی و هونەردا، لانیکەم نزیکییەک دەبینین. ئەفلاتوون هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نابینێت، لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕیی وایە حەقیقەتی کۆتایی لە دەرەوەی جیهانی ماتەریالی و دەروێنەیە، ئەوا زمانەکەی شێوەیەکی کۆنکرێتی وەردەگرێت. «جوانی» ئایدیایە، کە لە ناو کات و شوێن ناگونجێت و بەشێکە لە سێینەی مەزنی حەقیقەت، بە ئایدیای چاکەوئایدیای جوانی دادەنرێت. جوانی لەم جوانەدا وەکو جوانییەکی رواڵەتی دەردەکەوێت، بە باوەڕیی ئەفلاتوون دەروون بەر لە پەیوەستبوونی بە جەستەوە، ئایدیای جوانی بینیوە. کەواتە جوانی لە جیهانی دەروێنەدا کۆپیکراوی ئایدیای جوانییە، کە هەرگیز کۆپیکراوەکە بە وێنە حەقیقییەکە بەراورد ناکرێت .

هاوکات ئەفلاتوون جیاوازیی لە نێوان دوو جۆر هونەر دەکات: یەکەم ئەو هونەرانەی بابەتەکەیان تەنها جوانی رواڵەتی و کۆپی و دانەوەی ئایدیای جوانییە، وەکو ئەو وێنەو پەیکەرو شێوانەی لەسەر پارچە کاغەز دروست دەکرێن، یان لەسەر دیواری تەلارەکان دەبینرێن. ئەفلاتوون زۆر ئۆپۆزیسیۆنی ئەم هونەرانە نییە، بەڵام ئەو هونەرە دیسکریپتیڤ(توصیف)انەی دەبنە هۆی لاوازکردنی پەروەردەی گەنجان، وەکو ئەدەبیات، شێوەسازی، دراما و شعر، دەکەوێتە رەخنەگرتن لێیان و لە کۆماردا وەدەریان دەنێت.

**دەرەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە ئەوەی کە:

1. ئەفلاتوون جیاوازی لە نێوان دوو جیهاندا دەکات: جیهانی دەروێنە و جیهانی سەروێنە.

2. جیهانی دەروێنە دەکەوێـنە ناو چوارچێوەی ئەزمونگەرایی و ئۆبژێکتەکانی بەڕێی پێرسەپتکردنی سێنسێتییەوە شیاون، کە بە تێڕوانینی ئەو، هەمیشە گۆڕاو و ناجێگیرو نا کاران، بەڵام جیهانی سەروێنە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئاوەزگەرایی و ئۆبژێکتەکانی بەهۆی تێگەیشتنی ئاوەزییەوە شیاون، کە هەمیشەیین و نەگۆڕو پڕو تەواون.

3. بەباوەڕیی ئەفلاتوون تەنها شتێک، کە دەمێنێتەوەو لە ناو ناچێت، ئایدیای (یان ئایدیا)کانن، کە ئێمە پێش هاتنە بوون، ئەوئایدییەمان هەبووە، بەڵام دەروون کاتێک هاتوەتە ناو زیندانی جەستەوە، ئەم ئایدییانەی لە یاد چووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەفسوس و تاسەی گەڕانەوەمان هەیە، ئەوا هەوڵدەدەین ئایدیاکان بەیاد بهێنینەوە.

4. ئەی ئایدیاکان چین؟ ئەو بوونە رەهایەن، کە سەرچاوەی هەموو شتێکن و هەر شتێکی جیهانی ئەزمونیی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام هەرگیز ناگاتە بە پلەی حەقیقەتی ئایدیاکان.

5. ئایدیا باڵاترین حەقیقەتی بوونەو هەموو دیاردەکان تەنها سێبەر، یان سەرابێکی ئەم ئایدییانەن.

6. بۆ ناسینەوەی فکرەکانی ئەفلاتوون نمونەی هەرسێ ئەنالۆژیی (چواندن)ی خۆرو هێڵ و ئەشکەوتمان بۆ دەهێنێتەوە، کە گرنگترینیان ئەنالۆژیی ئەشکەوتە.

7. لە ئەشکەوتدا مرۆڤە زنجیربەندەکان تەنها شتە ناحەقیقی و ساختەکان دەناسن و دەبینن، هەمیشە بەشتی حەقیقیی و ریالیتی ئەژماریدەکەن، چونکە تەنها سێبەری شتە راستییەکەیان بینیوە، ئەمەش

واتای ئەوەیە، کە مرۆڤەکانی ناو جیهانی دەروێنە زنجیربەندن و تەنها سێبەری شتەکان دەبینن، ئەگەر نا، حەقیقەتی شتەکان وا لە جیهانی باڵایە، بۆیە گەرەکە خۆمان لە زیندانی ئەشکەوت رزگار بکەین و رووناکی خۆر بە چاوی خۆمان ببینین.

8. ئەفلاتوون دوالیزمی زانین دادەمەزرێنێت، کە زانینێکیان پەیوەستە بە پێرسەپتکردنی سێنسێنییەوە (واتا ادراکی حسی)، کە زانینێکی گۆڕاو و ناجەخت و ساختەیە، لە بەرانبەردا تێگەیشتنی ئاوەزیمان هەیە، کە زانینەکەی جەخت و حەقیقی و نەگۆڕو نەشیاوی گومانە.

9. ئەفلاتوون لە سیاسەتەکەیدا باس لە دەوڵەتشار دەکات، واتا گرنگی بە هەبوونی دەوڵەتشار دەدات، بە باوەڕیی ئەو دەوڵەتشاری چاک، پێویستە دادپەروەر بێت.

10. ئەی دادپەروەری چۆن شیاوی دەستەبەرییە؟ دادپەروەری بریتییە لەو شتەی، کە پێویستە لە تاکدا هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە هەرکەسەو پەیوەست بێت بە کاری خۆیەوەو دەستوەرنەداتە کاری ئەوانی دیکە.

11. ئەفلاتوون بۆ ئەم مەبەستە تیۆریی پەروەردە دادەنێت و سەرەتا دەیەوێت سێ چین جیا بکاتەوە، چینی فەیلەسوف فەرمانڕەوایان، چینی سەربازان و چینی بەرهەمهێنەران. دوو چینەکەی یەکەم و دووەم بەهۆی پـەروەردەوە هاتوون و چینی یەکەم، کە فەیلەسوفانن ئەوا حەقیقەتی رەهایان لایە، کەواتە ئەوان دادپەروەری باشتر دەناسن، بەڵام لە باشترین دۆخدا، پێویستە هەر سێ چینەکە پەیوەست بن بە کاری خۆیانەوە.

12. گەیشتین بەو دەرەنجامەش، کە ئەفلاتوون لە ناو کۆمارەکەیدا باس لە کۆمۆنیزم دەکات، بەڵام جیاواز لە کۆمۆنیزمی مارکس و سۆسیالیستەکان، چونکە لای ئەفلاتوون کۆمۆنیزم جێگەی کاری تێدا نابێتەوە. کۆمۆنیزم لای ئەو، واتا نەمانی خاوەندارێتی لە نێوان دەوڵەت، تاک، خێزاندا.

13. باشترین رژێمی سیاسیی لای ئەو، بریتییە لە رژێمی ئەریستۆکراتی.

14. هەروەها هونەر لای ئەو دەبێت لە خزمەتی پەروەردەی فیزیکی و دەروونی تاکدا بێت، ئەگەر هونەر (پوخت تر شیعری تراژیدی و کۆمیدی) دەروونی تاکی لاوازو بێ ڕێز کرد، ئەوا بە ڕەهایی پێویستە یاساغ بکرێت.

**فەرهەنگۆک**

ئێپستێمۆلۆجی (Epistemology): یان تیۆریی زانین (Theory of Knowledge) بە عەرەبی (نظريه المعرفه).

ئاکارباش (Virtue): بە عەرەبی (فظيله).

ئارایی (Becoming): بە عەرەبی (صيرورت)

ئەمپیری (Empiric): واتا ئەزمونی، جیهانی دیاردەکان لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا، کە بریتییە لە هەبوویەکی گۆڕاو ناجێگیرو شیاوی گومانلێکردنە و زانینەکەیشی هەڵەبەرە.

ئەنالۆژیی (Analogy): بە عەرەبی (تمثيل)، بە کوردی دەبێتە چواندن.

ئیدێکان (Ideas): یان ئایدیاکان، ئەو جەوهەرە هەمەکیانەن لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا، کە هەموو شتەکانی ناو جیهان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووەو دەگەڕێنەوە بۆ ئەو. بۆیە ئەفلاتوون بە فەیلەسوفی فکر، یان ئایدیالیست دادەنرێت.

بەرئەزمون: واتا ئەو شتانەی دەکەونە بەر ئەزمونمانەوە.

بەرسێنس (Sensation): بەعەرەبی (محسوس)، واتا ئەو داتا، یان ئۆبژێکتانەی دەکەونە بەر سێنسەکانمانەوەو خۆیان بۆ سێنسەکانمان دەردەخەن. وشەیەکە خۆم لە واژەیەکی کوردی و ئینگلیزی پێکمهێناوە: بەر(=بەرکەوتن)+سێنس.

بوون (Being): بە عەرەبی (وجود)

پەرچاندن (Reflexive): بە عەرەبی (انعكاس)، بە کوردی (دانەوە)

یشی پێ دەوترێت.

پێرسەپنکردن (Perception): یان بە عەرەبی (ادراک)، بریتییە لەو پرۆسێسەی بەڕێی سێنسەکانمانەوە زانین بەدەستدەهێنین.

ئێگە (Concept): بە عەرەبی (مفهوم)، بە کوردی چەمکی بۆ دانراوە، کە واتایەکی هەڵبەری هەیە، بە هیچ جۆرێک بریتیی نییە، لە کۆنسێپت.

چڤات (Society): یان کۆمەڵگە.

داکەوت  یان ڕوودانگە (Reality): بە عەرەبی (واقعیت)

دیسکریپتیڤ (Descriptive): بە عەرەبی (توصیفی).

دیسپلین (Discipline): لەم توێژینەوەیەدا بە واتای کایەی فەلسەفەیی بەکارهاتووە، بۆ نمونە دەبێژین مۆڕاڵ وەکو دیسپلینێکی فەلسەفە لای تۆماس هۆبز.

دەرحەقیقەت: واتا ئەو داتایانەی لە دەرەوەی حەقیقەتن.

دەروێنە (یان جیهانی ئەزموونی): بریتییە لەو جیهانەی، کە ساختەی جیهانە نەگۆڕەکەیە، بە واتایەکی دیکە، دەروێنە کۆپیکردنەوەی وێنە سەرەکییەکەیە.

سەروێنە (یان جیهانی ئاوەزیی): بریتییە لەو جیهانەی، کە نەگۆڕو هەمیشەییە و جیهانی ئایدیاکانە، مرۆڤ تەنها بەهۆی تێگەیشتنی ئاوەزییەوە دەتوانێت بەو جیهانە بگات، بە واتایەکی تر، وێنە ڕەسەنەکە.

سێنس (Sense): ئەو پێنج ئۆرگانە فسیۆلۆژییەی مرۆڤن، کە بەڕێیانەوە زانین وەردەگرێت، ئۆرگانەکان بریتین لە: بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، چەشتن. سێنس جیاوازە لە هەست، کە لە کوردیدا بۆی دانراوەو واتایەکی هەڵبەری هەیە، چونکە هەستکردن (Feeling) بریتییە لە دەرککردنێکی سایکۆلۆژییانە نەک فسیۆلۆژیانە، واتا ئێمە هەست بە ترس و نیگەرانی و هند دەکەین، کە ئەمەیان لایەنێکی سایکۆلۆژییە،

بەڵام پێرسەپتکردنی سێنسیی (ادراک حسی) شتێکی دیکەیە.

کاستَ (Caste): یان چینی کۆمەڵایەتی.

میمێزیس (Mimesis): بە کوردی لاساییکردنەوەی بۆ دانراوە.

هەبوون (being): بە عەرەبی (موجود).

هارمۆنی (Harmony): هەماهەنگی، یان گونجاوی.

یادگیری (Memory یان Recall): بریتییە لەو پرۆسێسەی، کە ئێمە بەر لەوەی بێینە بوون، ئایدیاکانمان بینیوە، بەڵام کاتێک دەروون هاتۆتە ناو جەستەوە، ئیدێکانی لەیاد چۆتەوە، بەڵام بەڕێی پرۆسیسی یادگیرییەوە، بەیادی خۆیانی دەهێنێتەوە.

**سەرچاوەکان**

یەکەم: بە زمانی فارسی


1. براین مگی: سرگـذشت فلسفه (داستان جذاب 2500 سال فلسفه مغرب زمین، از یونان باستان تا کنون)، ترجمه حسن کامشاد، چاپ دوم، نشر نی، تهران، 1387.

2. ت. ز. لاوین: از سقراط تا سارتر، ترجمه پرویز بابایی، چاپ سوم، موسسه انتشارات نگاه، تهران، 1386.

3. جرج ساباین: تاریخ نظریات سیاسی، ترجمه بهاوالدین پاسارگاد، 2 جلد، چاپ دوم، موسسه انتشارات امیرکبیر، تهران، 1349.

4. دیوگنیس لائرتیوس: حیات فیلسوفان نامدار (سقراط-افلاطون)، ترجمه دکتر حسین کلباسی اشتری، چاپ دوم، موسسه فرهنگی دانش و اندیشه معاصر، تهران، 1387.

5. ژان هرش: شگفتی فلسفی (سیری در تاریخ فلسفه)، ترجمه دکتر عباس باقری، چاپ دوم، نشرنی، تهران، 1386.

6. عبدالرحمن عالم: تاریخ فلسفه سیاسی در غرب، جلد 1، چاپ

سیزدهم، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران، 1388.
7. کارل بورمان: افلاطون، ترجمه محمد حسن لطفی، چاپ دوم، انتشارات طرح نو، تهران، 1387.
8. دکتر مصطفی یونسی: نسبت فلسفه سیاسی و فلسفه زبان افلاطون، ناشر فرهنگ صبا با حمایت موسسه فرهنگی هنری رخداد نو، تهران، 1387.
9. ورنن هایدماینر: تاریخ تاریخ هنر، ترجمه مسعود قاسمیان، انتشارات فرهنگستان هنر، تهران، 1387.
10. یوزف. ی. کوکلمانس: هیدگر و هنر، ترجمه محمد جواد صافیان، نشر پرسش، تهران، 1388.
دووەم: بە زمانی کوردی
11. ئانێماری گێتمان-زیفەرت: ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک، وەرگێڕانی کاوە جەلال، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2009.
12. ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام: ئەفلاتوون و ئافرەت، وەرگێڕانی ئەژین عەبدولخالق، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، 2008.
13. ئەفلاتوون: کۆمار، وەرگێڕانی محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2008.
14. ئەفلاتوون: فایدۆن، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2003.
15. کاوە جەلال: تێگەیشتنی میمێزیس لە لای ئەریستۆتێلیس، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (5).
16. د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتوون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2010.
سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی
17. Bertrand Russell: The History of Western Philosophy,

Simon and Schuster, New York, 1945.

18. Martin Heidegger: Being and Time, trans. John Macquarrie & Edward Robinsosn, 31th edition, Blackwell Publishing, USA & UK, 2009.

19. Plato: Symposium, trans. M. C. Howatson, Cmabridge University Press, New York, 2008.

20. W.K.C. Guthrie: A History of Greek Philosophy (The man and his Dialogues earlier period), vol.4, Cambridge University Press, London and New York, 1975.

# گفتوگۆی برایان ماگی،
# لەگەڵ مایلز بورن یات

**دەربارەی ئەفلاتوون**

**لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان**

**پێشەکی:**

**ماگی:** هەموو هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی فەلسەفەی خۆرئاوا پێویستە لە یۆنانییە کۆنەکانەوە دەستپێبکرێت، کە تەنها یەکەمین فەیلەسوف، گەورەترین فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا لەناو ئەوانەوە سەریانهەڵداوە. ئەو کەسەی کە ناوی لە هەموان ئاشناترە(سوقرات)ە، کە لە 399 بەر لە زاین کۆچی دوایی کرد، بەڵام بەر لەویش هەندێ فەیلەسوفی دیار لە یۆنان هەبوون، وەکو فیساگۆرس و هیراکلیتۆس، کە زۆر بەناوبانگن، هەروەها هەندێ فەیلەسوفی تر کە بە هیچ شێوەیەک لەوان کەمتر نەبوون.

یەکەمین فەیلەسوفیش تالیس بوو کە لە سەدەی شەشەمی پێش زاین بە شکۆڤە گەیشت.

فەیلەسوفانی پێش سوقرات، هەموویان هاوبەش بوون لەم دڵپەرتیەی کە دەیانویست دەستپێکێکی سەرەتایی بۆ ڕوونکردنەوەی سەرجەم سروشت بدۆزنەوە. بە زمانی ئەمڕۆ هاوڕبوون سەبارەت بە «گەردوونناسی»، یان «زانست» لە لایەکەوەو «فەلسەفە» لەلایەکی ترەوە.

سوقرات ویستویەتی و زانیویەتی پێویستمان بە زانینیەتی ئەمە، کە خۆمان پێویستە چۆن بژین، نەک ئەمەی سروشت چۆن بەڕێوە دەچێت و وێڕای ئەمە پێویستە لە پێش و لەسەروی هەموو شتێکەوە بە مەسەلە مۆڕاڵیەکان بگەین، تا ئەو شوێنەی کە دەزانین ئەو هەرگیز هیچی نەنوسی و هەموو فێرکارییەکانی خۆی بە زارەکی دەردەبڕی. نوسینەکانی هیچ یەکێک لە حەکیمەکانی پێش سوقرات ڕاستەوخۆ بە ئێمە نەگەیشتووە. زانیارییەکانی

ئێمە دەربارەی هەموو ئەو فەیلەسوفانەی کە تا ئێستا ناوم بردوون، سنوردارە بە سەرچاوەکانی دەستی دووەم و لە ڕێگەی بەرهەمەکانی کەسانی ترەوە، هەرچەندە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە لەناو ئەم سەرچاوانەدا، هەندێ وتاری هەڵبژاردەی تا ڕادەیەک درێژو هەندێ وتە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆش بەرچاودەکەوێت.

ئەفلاتوون یەکەم کەسە کە نوسینەکانی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە. ئەو قوتابی سوقرات بوو، لەڕاستیدا زۆربەی زانیاریەکانی ئێمە دەربارەی سوقرات لە نوسینەکانی ئەوەوە وەرگیراوە. ئەفلاتوون یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفانی هەموو سەدەو چاخەکان و بە باوەڕی هەندێک کەس گەورەترین فەیلەسوف بووە. لەم بارەیەوە ئەگەر بمانەوێ ئەم بەسەرهاتە زنجیرەییە کە هەمیشە بەردەوامی هەبێت، بە ئارەزووی خۆمان سەرەتایەک هەڵبژێرین، ساڵی 399 بەر لە زاین- واتە مردنی سوقرات و دەستپێکی نوسینەکانی ئەفلاتوون قۆناغێکی باشە، کەواتە ڕێگە بدەن لە هەمان شوێنەوە دەستپێبکەین.

کاتێ سوقرات مرد، ئەفلاتوون تەمەنی سی و یەک ساڵ بوو هەشتاو یەک ساڵ ژیا. لەم نیو سەدەیەی تەمەنیدا، دەستیکرد بە دامەزراندنی قوتابخانە بەناوبانگەکەی لە ئەسینا کە بە ئەکادیمیا ناسرابوو، ئەمەش نمونەی ئەو شتەیە کە ئێمە ئەمڕۆ پێیدەڵێین زانکۆ، هەروەها بەرهەمەکانیشی نوسی کە دەتوانین بڵێین هەموو ئەم بەرهەمانە بەشێوەی گفتوگۆ، یان دیالۆگ نوسراوەو کۆمەڵێ بەڵگاندنی جیاواز لە زمانی کەسانی جۆراوجۆرەوە دەبیسترێت، کە یەکێ لەوانە تەقریبەن هەمیشە سوقراتە. زۆربەی- نەک هەمووی- دیالۆگەکان بەناوی ئەو کەسانەوەیە، کە لەگەڵ سوقراتدا دەدوێن و لێرەدایە کەناوی یەکێکیان (فایدۆن)ە، یەکێکی تریان (لاخیس)، سێیەمیان (یوتیفرۆن)، چوارەمیان (ثیای تۆس)، پێنجەمیان (پارمیندێس)، شەشەمیان (تیمائۆس) بەو جۆرە هەتا کۆتایی. بە گشتی ئەمڕۆ زیاد لە بیست دایەلۆگ

لەبەردەستە کە هەندێکیان بیست لاپەڕەو هەندێکیان هەشتا لاپەڕەو یەک دوانێکیشیان دەگاتە 300 لاپەڕە. بەناوبانگترینیشیان (کۆمار)و (خوان)ە. دیارترینیشیان نەک تەنیا وەکو بەرهەمێکی گەورەی فەلسەفی، بەڵکو وەکو کۆمەڵێ شاکاری ئەدەبیش لە قەڵەم دەدرێن.

ئەفلاتوونیش هەم بیرمەند بوو، هەم هونەرمەند. نوسینەکانی شێوەیەکی هونەری و بەهایەکی درامائیکیان هەیەو زۆربەی ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە هیچ کەس دەقی ئەدەبی یۆنانی هەرگیز بەم باشی و جوانییە نەنوسیوە.

بۆ توێژینەوە لە بەرهەم و نوسینەکانی ئەفلاتوون، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ یەکێ لە جێ متمانەترین ئەفلاتوون ناسان ئەنجامداوە کە ئەویش پرۆفیسۆر مایلز برن یات، مامۆستای فەلسەفەی کۆن لە زانکۆی کامبریج.

**ماگی: دەزانم کە تۆ باوەڕت وایە سەرەتای داهێنانی فەلسەفی ئەفلاتوون، مردنی سوقرات بوو. دەکرێت داوات لێبکەم ڕوونیبکەیتەوە ئەوە چۆن بوو؟**

**بورن یات:** وا هەستدەکەم مردنی سوقرات لە 399 پ.ز دا، بۆ زۆربەی خەڵک زەبرێکی دەروونی قورس بوو. سوقرات ساڵانێکی زۆر لە ئەسینا بوونێکی جادویی و ئەفسونگەر بوو، کە هەم زۆریان خۆشدەویست هەم زۆریشیان ڕق لێبوو، لە یەکێ لە ڤیستیڤاڵە گشتیەکاندا لەبەردەمی هەموو خەڵکی ئەسیناداو لە شانۆیەکی کۆمیدیدا، ئەم بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە خرابووە ڕوو، پاشان کتوپڕ ڕۆژێ ئەم سیما ناسراوە بزر بوو، هۆکاری بزرکردنەکەشی ئەمە بوو کە بە تۆمەتی لە خشتەبردن و خراپکردنی گەنجان فەرمانی مردنی بەسەردا سەپێنرابوو.

بەلای ئەو کەسانەی کە خۆشیاندەویست، هۆکاری مردنەکەی زۆر لە خودی مردنەکە ناخۆشتر بوو. سوقرات ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتووی دڵسۆزی هەبوو، هەندێکیان لەوانە، ئەفلاتوون دەستیکرد بە نوسینی دایەلۆگەکانی سوقرات، واتە ئەو گفتوگۆ فەلسەفیانەی کە سوقرات بە

باسکردنیەوە سەرگەرم بوو، وەکو ئەوە وابوو کە بە جارێک کۆمەڵێک لە وتاربێژان بە دەنگی بەرز هاوار بکەن بۆ خەڵکی ئەسیناو بڵێن: «بڕوانن، ئەو نەڕۆشتووە، هێشتا لێرەیەو هەر بە هەمان ئەو پرسیارانە تەنگتان پێهەڵدەچنێ و بە بەڵگەکانی دەتانبەزێنێ». هەڵبەتە لەم دایەلۆگە سوقراتیانەدا بەرگری لە ناوی ئەو دەکرێت و دەیسەلمێنێ ئەو بە ناهەق مەحکوم کراوە و فێرکارێکی مەزنی لاوان و گەنجان بووە نەک کەسێک کە ویستبێتی گەندەڵیان بکات.

**ماگی:** مردنی سوقرات شتێ نەبوو کە تەنیا مێشکی ئەفلاتوون بخاتە کارو پاشانیش لەبیربکرێت، وانییە؟ بە واتایەک سەراپای ژیانی فیکری ئەفلاتوون دەبێ، یان لانی کەم دەتوانێ بە سەرنجدان بە سوقرات ئاڕاستە ببێت.

**بورن یات:** هەستدەکەم وایە. بە زیندویی هێشتنەوەی رۆحی سوکرات بۆ ئەفلاتوون بەم مانایە بوو کە ئەو دەبوایە بەردەوامی بدات بە هەمان ئەو شێوازەی کە سوکرات لە فەلسەفەدا کارپێکردبوو. یەکەمین بەرهەمی ئەم کارەش کۆمەڵێک لە دایەلۆگەکانی سەرەتایە کە گرنگترینیان: (داکۆکی(1) و کریتۆن، یوتیفرۆن، لاخیس، خارمیدێس، پرۆتاگۆراس، گۆرگیاس)ە، کە لە هەموو ئەو دایالۆگانەدا سوقرات دەبینین کە لە بارەی ئەو جۆرە فەلسەفانە دەدوێت کە پەیوەستە پێیانەوە، واتە مەسەلە زۆر فراوانە مۆڕاڵیەکان، بەڵام چونکە فەلسەفە کارکردن بەشێوەی سوقراتی، واتە بیرکردنەوەی سەربەخۆی فەلسەفیە، ئەم ڕەوتە وردە وردە ئەفلاتوون بۆ شوێنێک دەبات کە سەرقاڵ بێت بە پەروەردەکردنی هزری خۆی لە ئەخلاق و بوارەکانی تری فەلسەفیدا. وێڕای ئەمە لەو وێنەیەی کە لە سوقراتەوە دەیبینین، جۆرە پێگەیشتن و کامڵبوونێک دەبینین، لە دیالۆگە سەرەتاییەکاندا ئەو هەر ئەو مێشەکەرانەیە(2) کە دەست لە پرسیارکردن هەڵناگرێت، بەڵام وردە وردە دەگۆڕێت بۆ کەسێک کە ڕوودەکاتە ئەوەی بیروڕای گرنگ لە سیاسەت و سەرو سروشت و ڕەوش ناسیدا، ئەمەش هەمان سوقراتی دایەلۆگەکانی قۆناغی ناوەڕاست واتە (مینۆن، خوان، فایدۆن، کۆمار)ە.

**ماگی:** بەکورتی ئەوەی کە لە دیالۆگەکانی سەرەتادا ئەفلاتوون سەروکاری لەگەڵ مەسەلەکانی پەیوەست بە سوقراتدا هەیە، بەشێوەی خودی سوقرات دەربارەیان دەدوێت و بێگومان زۆربەی ئەو شتانەش لە زمانی سوقراتەوە دەڵێ کە دەزانێ بیروباوەڕی ئەو بووە، بەڵام دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ هەمان جوڵەی سەرەتایی، ئەفلاتوون هان دەدات بۆ توێژینەوە لە بابەتە جێگە سەرنجەکانی خۆی و بەشێوەی خۆی و ئەو بیروباوەڕەی خۆی دەردەبڕێ، بەڵام ئێستاش زیاتر لە زمانی سوقراتەوە.

**بورن یات:** هەستدەکەم وایە. ئەفلاتوون لەهەر شوێنێ عەقڵ پەسەندی هەبووبێ، ئەندێشەکانی وەکو دەرهاتی ئەندێشەکانی سوکرات و لە زمانی ئەو دەخاتەڕوو، بە بڕوای من سەرنجدان لەم خاڵە زۆر گرنگە، کە ئەفلاتوون لەسەر بنەمای واقیعیەتی مێژوویی کەسایەتی سوقرات گازندەکەرە ئەو پیاوێک بووە کە سەربەخۆ بیری کردوەتەوەو کەسانی تریشی فێرکردووە کە سەربەخۆ بیربکەنەوە. وێڕای ئەمە، وتەی ئەفلاتوون ئەمەیە کە ئێوەش ئەگەر دەتانەوێ شوێنکەوتوی سوقرات بن، دەبێ سەربەخۆ بیربکەنەوەو لە حاڵەتی پێویستدا دەبێ تەنانەت ڕێبازتان لە هزرو بوارە تایبەتیەکانی سوقراتی جیابکەنەوە.

**ماگی:** ئەو دیالۆگە سەرەتایانەی کە سوقرات تیایدا سەبارەت بە مەسەلە مۆڕاڵیەکان دەدوێت، هەمیشە نمونەیەکی دیاریکراویان هەیە. سوکرات لەگەڵ هاودەمەکەیدا دەست دەکات، بە قسە کە بێگومانە لەوەی کە مانای واژەی ئاشنای وەکو«هاوڕێیەتی»، یان «ئازایەتی»، یان «پارێزگاری» دەزانێ. پاشان سوقرات دەستدەکات بە هەڵسەنگاندنی ئەم کەسەو پرسیارکردن لێی و بە زاراوە ئەو دەخاتە ناو «پرسە سوقراتیەکان» تا بەم هۆیەوە بە خودی ئەو کەسەو لە هەمووی گرنگتر، بۆ ئەو کەسانە بسەلمێنێ کە ئامادەییان هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لەسەر ئەو چەمکەی کە

گومانیان دەکرد زاڵن، وەکو پێویست زاڵ نین. ئەم ڕەوشە خۆی بۆخۆی لەو سەردەمەوە تا ئێستا هەمیشە لە فەلسەفەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، وانییە؟

**بورن یات:** ڕاستە وایە. هێشتا لە خوێندنی فەلسەفە، بۆ ناساندنی فەلسەفە بەو کەسانەی کە دەیانەوێ شتێ دەربارەی ئەوە بزانن، بە زۆری سود لەم بەرهەمانە وەردەگیرێت، بە یەکێ لە چەمکە گرنگ و هۆگرەکان کە هەمیشە لە ژیاندا ڕۆڵێکی پڕ بایەخی هەیە، دەستپێدەکەیت و خەڵکی تێدەگەیەنێ کە کۆمەڵێ گرفت لەوێدا هەیە. خەڵکی هەوڵدەدەن دەربارەی ئەوە بیربکەنەوەو لە کۆتایدا وەڵامی دەدەنەوە. سوکرات دەیسەلمێنێ کە ئەو وەڵامە بەس نییە، سەرەنجام وەڵامی کۆتایی دەدەنەوە، بەڵام ئەمجارە بە زاڵبوون و پێزانینی زیاتر لە پێشوو. لەوەی کە خوێنەرێکی لە سەدەی بیستەمدا بێت، یان لە سەردەمی کۆن، بەهەرحاڵ گیرۆدەی مەسەلەیەک بوویت و وەڵامت دەوێ و هەستدەکەیت کە لەوانەیە تۆش بتوانیت لەلایەن خۆتەوە یارمەتی ئەو چارەسەریە بدەیت.

**ماگی:** دەبێ گەواهی ئەوە بدەین کە هێشتا ئێمە لـەدوای زیاد لە دوو هەزار ساڵەوە سەرسامین دەربارەی مانای «جوانی»، «ئازایەتی»، «خۆشەویستی» و ئەم جۆرە زاراوانەو بەدوای وەڵامدا دەگەڕێین. ئایا هیچ پێشکەوتنێکمان بەدیهێناوە؟

**بورن یات:** بەڕای من وەڵامی ئەم پرسیارە هەم ئەرێنی بێت و هەم نەرێنی بێت. تۆش وا بیرناکەیتەوە؟ بە بۆچوونی من، ئەگەر ئەفلاتوون بمایە دڵنیاشی بکردینایەتەوە کە تەنانەت وەڵامی ئەم پرسیارانەشی بزانیایەو بە ئێمەشی بوتبایە، بۆ ئێمە بێ سود بوو. مەبەستی من ئەمەیە کە بەپێی سروشتی ئەم جۆرە پرسیارانە، دەبێ بەتەنیا بەدوای وەڵامەکەیاندا بگەڕێیت. وەڵامێک کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خودی خۆت بەدەست نەهاتبێ، بێ بەهایە، هەربۆیە ئەم دیالۆگانە بەم جۆرە بەرەو فەلسەفە ڕاتاندەکێشن.

**ماگی:** لەم دایەلۆگە سەرەتاییانەدا (کە هێشتا باسەکە سەبارەت بەو

دایەلۆگانەیە) یەکێ لەو شتانەی کە سوقراٹ هەمیشە دوبارەی دەکاتەوە ئەمەیە کە بۆخۆی تیۆرەیەکی سەلمێندراو و جێگیرنییە و تەنیا پرسیار دەکاٹ، کە ئەمەش بە بـڕوای من هەندێ پێچ و پەناو نهێنی تێدایە، چونکە هەستدەکەم سەرەنجام هەندێ بیروباوەڕی قەتعی لەژێر ڕووپەڕی ئەم دایەلۆگانەدا دەچۆڕێنەوە. ئایا تۆش هاوڕایٹ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا؟

**بورن یات:** هەڵبەتە هەندێ بیروباوەڕ دەردەکەون، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە، بۆنمونە کۆمەڵێک ئەندێشەی پڕ ماناو گرنگ لە (داکۆکی)دا دەردەکەون. وەختێ سوقراٹ دەڵێ کە مومکین نییە، چ لەم دونیاو چ دوای مردن هیچ چەشنە ئازاریک بەر مرۆڤی باش بکەوێٹ، یان لە (گۆرگیاس)دا بە وردی و دوورو درێژی بەڵگە دەهێنێنەوە، کە ستەم زیان بە خودی ستەمکار دەگەیەنێ و دادوەری سود بە خودی دادوەر دەگەیەنێٹ. مەبەستی سوقراٹ ئەمەیە کە تاکە زەبرو زیانی ڕاستەقینە ئەو زیانەیە کە بەر رۆحی مرۆڤ دەکەوێٹ. تۆ لەوانەیە هەرچی پارەٹ هەیە لەدەستی بدەیٹ یان، لە ئەنجامی نەخۆشیەکدا ئیفلیج ببیٹ، بەڵام هەموو ئەمانە لە بەرامبەر ئەو زیانەدا هیچ نییە، کە خۆٹ بە خۆتی دەگەیەنیٹ کە ئەگەر ستەم بکەیٹ، بە پێچەوانەوە هیچ سودێک بەرامبەر ئەوە سودی نییە، کە مرۆڤی باش لە ئەنجامی کارکردن بە چاکە لە ژیاندا بە دەستی دەهێنێٹ و وێڕای ئەمە هیچ زیانێک لە ڕوانگەی ئەو کەسەوە زیانی ڕاستەقینە نییە، مەگەر لە دەسٹ چوونی چاکە.

لەبارەی ئەم کۆمەڵە ئەندێشانەوە، سوقراٹ زۆر بە دڵنیاییەوە قسە دەکاٹ و تەنانەٹ سورە لەسەر ئەوەی کە زانیاری سەبارەٹ بە هەندێ خاڵ هەیە: لەم بوارەدا ئەفلاتوون هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر قسەی سوقراٹ، هەروا باوەڕێکی پتەوی بە ڕاستی ئەم مەسەلەیە هەیە، کە ستەم زیان بە ستەمکاران دەگەیەنێٹ و دادوەریش سود بە دادوەر دەگەیەنێٹ.

**ماگی:** وێڕای ئەمە، ئەگەر ڕۆحی تۆ بە پاکی و دەستلێنەدراوی بمێنێتەوە، ڕووداوە ناخۆشەکانی دنیا مومکین نییە، هیچ جۆرە زیانێکی قوڵ

و بەردەوام بەتۆ بگەیەنێت.

**بورن یات:** بەڵێ، ڕاستە، بەڵام کۆمەڵێ ئەندێشەی تر هەیە کە سوقرات زانیاری نییەو دڵنیا نییە لێیان ئەفلاتوونیش سەرەنجام قسەی ئەو دەکاتەوەو کۆی ماناکەش لەم ڕستەیەدا کۆرتکراوەتەوە کە فەزیلەت هەر زانینە. لەم دایەلۆگە سەرەتاییانەوە وەختێ لە کەسێ دەپرسن «ئازایەتی چییە؟»، «تەقوا چییە؟»، «دادوەری چییە؟»، درەنگ یان زوو سەرەنجام ئاشکرا دەبێ کە فەزیلەتی باسکراو بە گشتی لە ئازایەتی، یان تەقوا، یان دادوەری دەبێ بەشێکی لە زانین، یان ناسین ەوە دەرچێ.

ئەم وتەیەش وەکو ئەندێشەکانی کۆمەڵەی یەکەم پتەوە، بەڵام بەتاڵە، چونکە هەستی ئاسایی هەم لەو سەردەمەو هەم لەم ڕۆژدا بەم جۆرە حوکم دەکات کە دانایی و ژیری پێویستە بۆ زانینی ئەمەی کەلە هەرکاتێکدا باشترین کار چییە یەک شتە، ئازایەتی پێویست، هەنگاونانیەتی بۆی، ئەگەر چی دژواری و مەترسیشی لەبەربێ، یان خۆڕاگری پێویست بۆ تەسلیم نەبوون بە وەسوەسە هەڵبژاردنی ڕێگەی ئاسانترە، بەگشتی شتێکی ترە. دانایی و ژیری یەکێکە لە سیفاتە پەسەندەکانی هەموو مرۆڤیک، ئازایەتی سیفەتێکی ترەو خۆڕاگریش لەگەڵ هەردووکیان جیاوازە. ئەشێ کەسێک تەنیا خاوەنی یەکێ لەم سیفاتانە بێت، یان بە پلەی جیاواز هەریەک لەم سیفاتانەی تێدا بێت، بەڵام ئەگەر ئازایەتی هەمان ناسینی باشترین ڕێگا بێت، ئەو بەشە جیاوازو دژە هەرگیز نایەتەپێش، بەڵام بەڕای ئەفلاتوون، ئەگەر ئەو کارەی کە من کردوومە ڕاست نەبووە، ناتوانێت بەڵگەی ئەمە بێت کە دەزانم پێویستە چی بکەم، بەڵام ئازایەتی پێویستم بە هەنگاونان بۆ ئەوە نییە، ئەگەر ئازایەتیم نەبێ، ناسینیشم نییە، نازانم کاری ڕاست چییە. وێڕای ئەمە هەر کارێکی هەڵە کە بیکەم لە ڕووی نەزانینەوە کردوومە، بەو هۆیەوە کردوومە کە نازانم باشترین کاری کە دەبێت بیکەم چییە، بەڵام هەرکاتێک کە کەسێک لەڕووی نەزانییەوە بیکات، بە شێوەیەکی نەخوازراو

و نائیرادی کردویەتی. سەرەڕای ئەمە بۆئەوەی کورتەیەکی مەبەستەکە لە قاڵبی وتە بەناوبانگەکەی سوقراتدا دەربڕین، دەبێ بڵێین: «هیچ کەسێک بە خواستی خۆی لە ڕووی ئیرادەوە کاری هەڵە ناکات».

**ماگی:** بۆ ئێمە کە لە سەردەمی دوای فرۆید دەژین، باوەڕکردن بەم وتەیە تەقریبەن نا مومکینە کە هەموو سەرچاوەی کردارەکانمان لە خود ئاگایمانەوەیە، وێڕای ئەمە هەست ناکەم لەم سەردەمەدا هیچ کەس بتوانێت بڕوا بەم تیۆرە تایبەتییەی سوکرات بهێنێ.

**بورن یات:** بە بڕوای من، یەکەمین شت کە دەبێ بوترێ ئەمەیە کە زۆربەی خەڵکی تەنانەت لەو سەردەمەشدا باوەڕیان بەم تیۆرەیە نەدەکرد. سوکرات بە ئەنقەست بە پێچەوانەی هەستی ئاسایی خەڵکی قسەی دەکرد. لە پرۆتاگۆراس تەنانەت کە دەڵێ کە باوەڕی بە تایبەت لە بارەی ئازایەتییەوە بە پێچەوانەی بڕوای هەموو خەڵکە، بەڵام ڕوویەکی تری دراوەکە ئەمەیە کە هێشتا کۆمەڵێک فەیلەسوف هەن کە بەڵگاندن دەهێننەوە تاکە کرداری کە مومکینە، بە دەستەواژەی ئێمە بێتە ناو کارەوە، باوەڕەکانمان دەربارەی چاکەو خراپە، ئەگەر لەم باوەڕانەش هیچ ساز نەبوو، هیچی تر نامێنێتەوە. کەسانێ هەن کە هێشتا نایسەلمێنن، کە جگەلە هێزی ناسین فرمانی تر لەوانەیە ئیرادە، یان هێزی تریش لەوانەیە کاریگەری لە کرداری مرۆڤ هەبێت.

**ماگی:** ئەو شێوازە دایەلۆگە کە ئەفلاتوون بۆ نوسین هەڵیبژاردووە، دوو مەسەلەی گرنگ، بەڵام چارەسەر نەکراو دەخاتەڕوو.

یەکەم ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەو سوقراتەی کە بیروباوەڕەکانی دەدات بە ئێمە، هەمان سوقراتی ڕاستەقینەیەو تا چ ڕادەیەک کەسایەتی دراماتیکی و دروستکراوی ئەفلاتوونە؟ چونکە ناکرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە یەک بە یەکی ئەم دایەلۆگانە لەدوای مردنی سوقرات نوسراوە.

دووەم ئەمەی کە تیۆرەکانی خودی نوسەر چییە؟ چونکە هەموو

بیروڕاکان لە زمانی کەسانێکی بەدەر لە ئەفلاتوون دەردەبڕدرێت.

**بورن یات:** هەستدەکەم بە مانایەک پێویستە نیگەرانی ئەم مەسەلەیە بین و بە مانایەکی تر، پێویست ناکات. نیگەرانی ئەم مانایە پێویست نییە، کە ئەفلاتوون لەو وێنایەی کە بۆ سوقراتی کێشاوە دەیەوێ بڵێ کە ئەو سەربەخۆ بیریکردوەتەوە. خەڵکی لە کۆنەوە بەم ئەنجامانە گەیشتبوون و ئەم ئەنجامانە بەلایانەوە زۆر ئازیز بوون.

ئەفلاتوون دەڵێ سوقرات ئەم توانایەی هەبوو کە شوێن پێی ئەو ئەنجامانە بکەوێت و خەڵکانی تریشی فێردەکرد کە هەمان کار بکەن. وێڕای ئەمە ئەگەر دەبینین ئەفلاتوون دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زانین گرنگترین هۆکاری چاکەیە، بەڵام چاکە لە زانیندا کورتناکرێتەوە، هەربۆیە لە ڕاستیدا بە ئەنجامێکی لەو شێوەیەش دەگات، دەبێ سەرنجبدەین کە ئەو بە تەواوی بە پەیڕەکردنی ڕۆحی فێرکاری سوقرات ئەم تیۆرەیە سەبارەت بەمەی کە چاکە هەر زانینە دەخاتە لاوەو لە(کۆمار)دا تیۆرێکی باشتر دەخاتەڕوو، لە لایەکی ترەوە ئەم نیگەرانییەی دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە تۆ خستەڕوو، بەم مانایە پێویستە ئاگاداربین و بزانین چ ڕووداوێک ڕوویداوە کە سوکرات لە (کۆمار) دا شتێک دەڵێت نا تەبایە لەگەڵ ئەوەی لە(پرۆتاگۆراس)دا وتویەتی. گرنگ ئەمەیە کە بزانین لە (کۆمار)دا ڕووبەڕووی ڕوانینێکی نوێ بوینەتەوە و بزانین ئەم ڕوانینە چۆن لەگەڵ مەسەلەکانی تری کە لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە پەیوەست دەبێت: پێویستە بزانین فێرکردن و پەروەردەی ئەخلاقی چۆن لە ئەنجامی ئەم باوەڕە تازەیە وردە وردە لە پێشوو ئاڵۆزتر دەبێت و چۆن وێنەیەکی نوێ لە کۆمەڵگایەکی سیاسی ئارمانی بەدەستدێت. ئەوەی کە بایەخی هەیە لایەنی کنەو پشکنینی توێژینەوەیە. دەبێ بە وشیاریەوە بەدوای ئەم ڕەوتەدا بڕۆین و بزانین لەکوێوە دەستمان پێکردووە و گەیشتوینەتە کوێ.

**ماگی:** بە گوزارشتێکی تر، لەو شوێنەی کە گریمانەو باوەڕەکانی ئێمە هەمیشە جێگەی گومان و پرسیارن، «ئەنجامەکان» هیچ پلەیەکی تایبەتیان

نییە، تەنیا ڕێگەیەکە بەرەو توێژینەوەی زیاتر نیشاندەدەن.

**بورن یات:** بەڵێ هەست دەکەم ئەفلاتوون باوەڕێکی پتەوی بەم بابەتی هەبوو.

**ماگی:** باوەڕێکی پتەوی هەبوو دەیویست بەو شێوازەی کە بە کرداری گرتبویە بەر بۆ ئێمەشی بسەلمێنێ.

**بورن یات:** ڕاست. هەستدەکەم لەوانەبوو بانگەشە بکات کە بە زیندویی هێشتنەوەی رۆحی سوقرات بەم مانایەیە.

**ماگی:** هەڵبەتە ئەم کارە لە بارەی هونەرمەندانی داهێنەرەوە زیاد لە فەیلەسوفە ئاساییەکانە، بەڵام بەرهەمەکانی ئەفلاتوونیش بۆ سێ قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی، کۆتایی دابەشدەکەن، تا ئێستا ئێمە باسەکەمان بۆ دایەلۆگەکانی قۆناغی سەرەتا سنوردارکردبوو. ئێستا ئەگەر بچینە پێش و بگەینە قۆناغی ناوەڕاست، (یاخود دەتوانین بە قۆناغی گواستنەوەش ناوی ببەین - وەرگێڕ)، دەبینین ئەفلاتوون بۆ یەکەمین جار هەندێ بیروڕای ڕەوا و سەلمێندراو دەردەبڕێ و هەڵبەتە بەرگری لەم بیروباوەڕانەش دەکات. بەڕای تۆ گرنگترین فیرکاریە سەلمێندراوەکانی ئەفلاتوون چییە؟

**بورن یات:** هەستدەکەم دوو تیۆر دەبێت زیاتر بخرێتە بەرچاو و جیاوازی هەیە، لەگەڵ تیۆرەکانی تر. یەکێکیان تیۆری (وەک)ەو ئەوی تریان ئەم باوەڕەی کە فێربوون بە مانای یادکردنەوە، یان بیرهێنانەوەیە: واتە تۆ شتێ فێردەبیت، لە ڕاستیدا ئەو زانیارییەی کە بەر لە دایکبوون هەتبووە، لە مێشکتان دەیهێنێتە دەرەوە.

**ماگی:** سەرەتا با لەبارەی دووەمیانەوە بدوێین. زۆربەی خەڵکی وەختێ یەکەمجار دەبیستن ئێمە بە گەنجینەیەک لە زانستەوە لە دایک دەبین، بەلایانەوە شتێکی سەیرو پێکەنیناویە، بەڵام هەمیشە لە فەرهەنگی خۆرئاوا، بیروڕای زۆر پەیوەست بەم بیرکردنەوەیە هەیە. فەیلەسوفە تازە ئایدیالیستەکان، یان ئایدیالیستەکان بەڵگاندنیان هێنابوەوە کە دەبێت زانینی

سروشتی یان ئێڕوانینی سروشتی لە ئێمەدا بوونی هەبێت. بە بۆچوونی من شوێنکەوتوانی زۆربەی ئاینە مەزنەکانیش، باوەڕیان بەم شتانە هەیە. ئەمڕۆ تەنانەت بیرمەندی بەناوبانگی وەکو چۆمسکی بەڵگە دەهێنێتەوە کە وەختێ ئێمە لەدایک دەبین، هەموو ڕێسایەکی زمان لە مێشکمان بەرنامەڕێژی بووە. وێڕای ئەمە باوەڕی لەم جۆرە، ئەگەر بە جدی توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت، بەڕاستی دەبێت بە جدی بخرێتە بەر سەرنج و وردبوونەوە. بەو شێوەیەی کە ئەفلاتوون داوییەتی بەم کێشەیە، چییە؟

**بورن یات:** ئەفلاتوون دەیوت کە ناسین، یان زانین بەشێکە لە سروشتی خودی دەروون. دەروونـی ئێوە لەبەرئەوەی بێتە دنیاوە ئەم زانینەی هەبووە. (ئەمە لەو قۆناغەدا بوو کە ئەو باوەڕی وابوو دەروون بەر لە دایکبوونیش بوونی هەیەو جیاکردنەوەی لەشدا لەم دنیایە، یەکێکە بە پەیکەرکردنە پەیتا پەیتاکانی، بەڵام، بەڕای من بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەی بیرکردنەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەمان دایەلۆگەکانی قۆناغی سەرەتای سوقرات دەربارەی پێناسەی چەمکی ئاکاری.

بۆ نمونە پەیامی (لاخیس) لەبەرچاو بگرین کە ئەم پرسیارەی تیا دەخرێتە ڕوو دەپرسێ: «ئایا زانایەتی هەمیشەو بێ هەڵاوێرکردن سیفەتێکی باش و پەسەندە؟» لاخیس دەڵێ، بەڵێ، پاشان سوقرات گەواهیەک لە پێداگری دەهێنێتەوە تا سەرەنجام لاخیس بە ناچاری دانی پێدادەنێ، کە پێداگری بەهیچ شێوەیەک سیفەتێکی پەسەند نییە، بەڵکو لاساری و نەفامیە...

**ماگی: یان کەللە ڕەقییە...**

**بورن یات:** بەڵێ، کەللە ڕەقی. یان لەوانەیە لەڕووی ئاکارییەوە نە باش بێت و نە خـراپ، بۆ نمونە ئەو کەسەی کە ئاڵوگۆڕی دراو دەکات دەست لە پارەدانەوە هەڵناگرێت و بەرگەی زیانەکان دەگرێ و پێداگریدەکات، چونکە دەزانێ کە سەرەنجام قازانج دەکات، کەواتە ئەگەر

پێداگری، دەتوانێ ناپەسەند بێت، یان نە باش بێت و نە خراپ، لە کاتێکدا کە ئازایەتی هەمیشە باشە، ئازایەتی ناکرێ یەکسان بکرێ بە پێداگری، تەنانەت هاوتای ئەو بەشەی پێداگری کە زانین ڕێنمایی بکات. ئەمە نمونەی ئاسایی دیالۆگە سوقراتیەکانە، بەڵام تاکە شتێک کە بە لۆژیک سەلمێنراوە ئەمەیە کە باوەڕەکانی (لاخیس) ناتەباو ناکۆکن، ئەگەر کۆی وەڵامەکانی لەبەرچاو بگرین، دەبینین هاودژن، واتە یەکێک لەوانە مومکین نییە ڕاست بێت، بەڵام ئەم کارە بۆخۆی بە ئێمە ناڵێت کە کام یەک لە وەڵامەکانی (لاخیس) بەرامبەر بە ڕاستی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا سوقرات هاوتای ئاسایی ئەم جۆرە دەردەخات کە ئەو پێناسەیەی کە هاوڕێیەکەی پێشنیاریکردووە، واتە لەم بارەیەوە پێناسەی (لاخیس) کە ئازایەتی بە بەشێک لە پێداگری پێناسە دەکات، بەتاڵەو درۆکەی سەلمێنراوە.

وێڕای ئەمە، بە کرداری وەڵامە سەرەکی و لاوەکیەکانی  لاخیس بە ڕاستگۆ دەیناسێنێ یان بەهەرحاڵ، ڕاستگۆتر لە پێناسەی پێشنیارکراو و ئەم وەڵامانە لە بنەماوە بڕیاردەدات بۆ پوچەڵکردنەوەی پێناسەکەو دەڵێ «ئەم وەڵامە (واتە پێناسە)، چونکە لەگەڵ واقیعدا یەک نایەتەوە دەبێ بخرێتە لاوە.».

# فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون

ئاوات ئەحمەد سوڵتان

**سەرەتایەک**

یەکێک لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی مێژووی فەلسەفەی سیاسی، برتییە لە پرسیاری «دەبێت کێ فەرمانڕەوایی بکات؟» ئەفلاتوون ئەم پرسیارە زۆر بە جدی وەردەگرێت و پێیوایە کە دەبێت هەمووومان لەگەڵیدا دەرگیر ببین، بگرە دەتوانین بڵێین تەواوی پێڕەوە فەلسەفییەکەی ئەو، بریتییە لەهەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

وەڵامە ئەفلاتوونییەکە بەم پرسیارە، ئەوەیە کە دەبێت تاکێک، یان گروپێکی تایبەتی بیرمەندان فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵام ئەم مەسەلەیەی هەر ئاوا بە سانایی بەڕێناخرێت، چونکە مشتومڕو کێشمەکێشێکی زۆر لەنێوانی قسەکەرەکانی ناو دیالۆگەکانی (بەتایبەتی کۆمار، سیاسەتمەدارو یاساکان) بەرپا دەبێت لەسەر ئەو وەڵامە. لە ڕەوتی نوسینەکەماندا بە هەندێکیان دەگەین.

جێگای سەرنجە کەئەفلاتوون هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەو بگرە ڕەتکەرەوەی لە ژیانی سیاسی سەردەمەکەی خۆی هەبوو، لە لایەکەوە نەیاری دیموکراسی ئەسینایی بوو، کە سوقراتی مامۆستای ئەویان ڕەوانەی مەرگ کرد، هەروەها دوو ئەزمونە سەرنەکەوتووەکەشی لەگەڵ ستەمکاری سیسیلی و دواتر کوڕی ئەو ستەمکارەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە کارو بیرکردنەوەیدا ڕەنگی داوەتەوە .

لە سەرەتای تەمەنیدا بیری لە بەشداریکردن لە ژیانی گشتی شارەکەی کردوەتەوە، بەڵام دواتر ڕای گۆڕیوە، لەمبارەیەوە دەڵێت: «من گەرچی

زۆر پەرۆشی ئەوەبووم لە بواری گشتیدا کاربکەم، زۆر لە ژیانی سیاسی ورد بوومەوە، بەدوای یەکداهاتنی رووداوەکـان تۆقاندمیان، بینیم چۆن دەستدەدەنە ئێخەی یەکتری، سەرم گێژی خواردو لە کۆتاییدا بە روونی بۆم دەرکەوت، کە هەموو ئەو سیستمانەی فەرمانڕەوایی کە ئێستا هەن، بێ هیچ ئاوارتە کردنێک، هەرهەموویان گەندەڵن، دەستورەکانیشیان ئەوەندە نزمن کە بە موعجیزەیەک نەبێت چاک ناکرێن» .

لێرەوە دەکەوێتە بیرکردنەوەو تێڕامان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە سیاسی و ئاکارییانە، وەک لە لە نامەی حەوتەمیدا دەڵێت «هیچ رێگایەک نییە، بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی کامەران بۆ نەوەی مرۆڤ، بە یەکێک لە دوو شێواز نەبێت: یان ئەوەتا ژمارەیەک فەیلەسوف فەرمانڕەوایی بکەن، کە مێتۆدی فەلسەفەی راستەقینە بگرنە بەر، یان چینی فەرمانڕەوای باڵادەست بەسەر کاروباری گشتیدا، بەهۆی موعجیزەیەکەوە ببن بە فەیلەسوف» . مردنە تراژیدییەکەی سوقرات وای لە ئەفلاتوون کرد وەکو هیرۆدۆت بیر لەوە بکاتەوە، کە شارەکانی سەر زەوی هەموویان گەندەڵن، فەیلەسوف هەمیشە وەک نامۆیەک بە شار دەمێنێتەوە، «فەیلەسوف لە شاردا جێگەی نابێتەوە، ئەگەر خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا نەبێت» .

هەرچۆنێک بێت، نزیکەی هەموو کارەکانی ئەفلاتوون بەشێوەیەک لە شێوەکان باس لە سیاسەت و فەرمانڕەواییکردن و فەزیلەتی سیاسی دەکەن، بەڵام سیانیان بە تایبەتی تەرخانکراون بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکە سیاسییەکان و ئایدیا سیاسییەکان و شێوازەکانی فەرمانڕەواییکردن: ئەوانیش بریتین لە کۆمار، سیاسەتمەدار، پاشان یاساکان بە بۆچوونی تۆژەران، کۆماری لە سەردەمی لاویدا نوسیوە، (یان لانیکەم کتێبی یەکەمی)، یاساکانیشی لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تـەواو کـردووەو سیاسەتمەداریش دەکەوێتە نێوان هەردوکیانەوە. دەبینین کە کۆمار جۆش و خرۆشی لاوانەی پێوە دیارەو هەوڵە سوقراتییەکان، بە بۆ بەدەستهێنانی پێناسەکان بە تایبەتی

پێناسەی دادپەروەری بە زەقی دیارە، لەکاتێکدا لە یاساکاندا، نائومێدییەکی فەیلەسوفانەی خاوەن ئەزمون دەبینین، بەرامبەری خراپی وناکاملێ سیستمە سیاسییە تاقیکراوەکان.

بەم پێیە دەتوانین پەرەسەندنی هزری سیاسی ئەفێتون بکەین بە سێ قۆناغەوە، لەهەر قۆناغێکیاندا یەکێک لەو سێ دیالۆگە هەیە کە ئاماژەمان بۆ کردن، کە ئەگەر کۆمار سەرەتاکەی بێت، ئەوا تا دەگاتە یاساکان، نزیکەی سی ساڵ دەخایەنێت .

لێرەدا تەنها لە توێی کۆمارەوە لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی ئەفلاتوون رادەوەستین، هەوڵ دەدەین لە ئایندەدا لەسەر هەردوو دیالۆگەکەی تریش رادەوەستین و هەوڵدەدەین وێنەیەکی گشتگیر بۆ میتۆدی سیاسی ئەم بیرمەندە بکێشین.

**کۆمارو تیۆری دەوڵەتی نمونەیی:**

دیالۆگی کۆمار لە چ خانەیەکدا پۆلێن بکەین؟ ئایا لەبارەی سیاسەتەوەیە؟ ئاکار؟ دەروونزانی؟ ئابوری؟ کۆمەڵناسی؟ یان چی؟ لە راستیدا کۆمار هەموو ئەم خانانە بەسەر دەکاتەوە، بابەتەکەی زۆر بەرینەو ناتوانین لە هیچکام لەو خانانەدا دایبنێین، بێ ئەوەی لەوانیتریشدا جێی ببێتەوە.

کۆمار کتێبێک نییە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی لەناو سیستمە باوەکانی فەرمانڕەواییدا، کامیان پەسەند بکەین، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەوەی کاتێک باڵاترین پرەنسیپ، کە دادپەروەرییە، باڵدەکێشێت، سیستمی سیاسی چۆن دەبێت، واتە کۆمار برێتییە لە دامەزراندنی دەوڵەت لەناو وتـاردا، هێڵکاریی دامەزراندنی دەوڵەتی نمونەییمان پێشکەش دەکات، دەمانخاتە سەر راستە رێی بیرکردنەوە لێی و هیچی تر.

بەشێکی زۆری ئەم دیالۆگە تەرخانە بۆ دۆزینەوەی پێناسەیەکی گونجاو بۆ چەمکی دادپـەروەری، پاشان پیادەکردنی لە شار دەوڵەتی

نمونەییدا. بیرۆکەی بنەڕەتیش تێیدا هی سوقراتی مامۆستایەتی کە هەمیشە دوبارەی دەکردەوە «نیکی بریتییە لە زانین»، واتە چاکەیەکی نمونەیی باڵا لەگۆڕێیە کە دەتوانین لە ڕێگەی مەشقکردنی ئەقڵییەوە پێی بگەین، نەک درککردن بە هەستەکانمان. لەپاڵ تیۆری دادپەروەریدا، قسە لەسەر دوو تیۆری دیکەش دەکرێت: پەروەردە کە مەرجە ئەرێکەی بەدیهێنانی دادپەروەرییە، هەروەها کۆمۆنیزم (هاوبەشیکردن لە ژنان و موڵکدارێتیدا) کە مەرجی نەرێی بەدیهێنانی دادپەروەرییە. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین کە ئەفلاتوون بێبەرییە لەو ڕەخنانەی لەبارەی پەرستنی دەوڵەت یان کەسێتی فەرمانڕەواوی فەیلەسوفەوە لێی دەگیرێت، چونکە «ئەوەی ئەفلاتوونی سەرقاڵ کردووە دەوڵەت نییە، بەڵکو مرۆڤە شار نییە بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵکو شاری دادپەروەرییە، واتە شارێک کە مرۆڤی دادپەروەر سوقرات بتوانێت گوزەرانی تێدا بکات، بێ ئەوەی ترسی هەبێت کە دوور بخرێتەوە، یان ڕەوانەی مەرگ بکرێت» .

کاری ئەفلاتوون و سوقرات ئەوە نییە، کە بیرۆکەو بۆچوونەکان لە مێشکماندا بچەقێنن و ئێمەش بەتەواوەتی بڕوایان پێبکەین، بۆیە دەبێت جەخت لەوە بکەین کە نابێت گوزارشتەکانی ناو کۆمار بەراورد بکەین بەو سیستمە سیاسییانەی پێیان ئاشناین، بۆ نمونە ناتوانین بڵێین بیرکردنەوەیەکی تۆتاڵیتاریی یان فاشیزم بەرهەمدەهێنێت، هەروەها بەو مانایەی ئێمە دەیزانین، بیرکردنەوەیەکی کۆمۆنیزمانە ناخاتە ڕوو، چونکە فاشیزم و کۆمۆنیزم لەگەڵ دانایی فەیلەسوفدا ناسازێن .

لەم دایالۆگەدا گفتوگۆ لەبارەی بۆچوونە جیاجیا باوەکانی سەردەمی ئەفلاتوون لەمەڕ چەمکی دادپەروری دەکرێت. چەند کەسێک بەشداری لە دایالۆگەکەدا دەکەن، کە نوێنەرایەتی بۆچوونی باوی ئەو سەردەمە دەکەن (واتە سەدەی پێنجەمی پێش زایین). تەمەنی ئەوانەی قسە دەکەن تا ڕادەیەک زانراوە، زانراویشە لە کوێ دایالۆگەکە سازکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی نازانین

له چ ساڵێکدا ئەنجامدراوە، یان نوسراوەتەوە، بۆیە نازانین لە چ زەمینەیەکی سیاسیدا روویداوە. گەرچی بەشێوەیەکی گشتی دەزانین بارودۆخی سیاسی یۆنان و ئەسینا لە ژیانی سوکرات و ئەفلاتووندا چۆن بووە. یەکەمیان کیفالیۆسی پیر کە دایالۆگەکە لەماڵی ئەوان سازدەکرێت، نوێنەرایەتی دیموکراسی میانڕۆ دەکات و پێیوایە دادپەروەریی ئەوەیە هەرکەسە مافی خۆی پێبدرێت. دووهەمیشیان پۆلیمارخۆسە کە وێنای بۆچوونی دیموکراسییە زێدەڕۆکان دەکات (لە سیاسەتمەداردا کە دواتر دێینە سەری ئەفلاتوون روونی دەکاتەوە، کە مەبەست لە دیموکراسی میانڕۆ و زێدەڕۆ چییە). بە بۆچوونی ئەمیان دادپەروەری مافی بەهێزەکانە. دوا کەسێنی سوقراتە کە نوێنەرایەتی فەلسەفە دەکات و هەڵوێستێکی ئەریستۆکراسییانەی پارێزکار وەردەگرێت و داکۆکی لە نمونەیەکی دێرینی دادپەروەری دەکات، کە لە دابونەریتەکانی پێشینانەوە هاتووەو دەڵێت کە فەرمانڕەوا کرێ وەردەگرێت، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی هاوشارییاندا کاربکات.

سوقرات هەوڵدەدات پێناسە پێشکەشکراوەکان، بۆ دادپەروەری تاقیبکاتەوە تا بزانێت تا چ رادەیەک گونجاون. سەرەتا لە پێناسەی کیفالیۆسی باوک و دواتر پۆلیمارخۆسی کوڕییەوە دەستپێدەکرێت. کیفالیۆس دەڵێت دادپەروەری بریتییە لەوەی «هەرکەس چی لاتە پێی بدەیت - 6-331b3» دواتر دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئەوەی ئایا دەبێت هەمیشە ئەوەی کەسێک لای تۆ دایناوە، هەرکاتێک داوای کرد بۆی بگێڕیتەوە. کیفالیۆس ئاخاوتنەکە جێدەهێڵێت، سوقرات لەگەڵ پۆلیماخۆس و دواتریش تراسیماخۆسدا دوای چەند نمونەیەک دەگەنە ئەوەی، کە ئەگەر شوێن ئەرگومێنتەکەو وەڵامەکانی پێشووتریان بکەون، ئەوا دادپەروەری بریتییە لە «سودگەیاندن بە هاوەڵان و زیان گەیاندن بە دوژمنان - 5 -332d4». ئەم پێناسەیەش دیسان رەتدەکرێتەوە، چونکە پێناسەیەکی شەخسییەو پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە، تاکی مرۆڤیش بە تەنها بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکاتەوە،

بۆیە لەگەڵ دۆستەکانیدا بەخشندە دەبێت و دژایەتی نەیارەکانیشی دەکات، کە دەشێت لەم نێوەندەدا ستەمکاریی رووبدات، بە تایبەتی کە هەموان لەسەر ئەوە رێکدەکەون، کە زیان گەیاندن بە خەڵکی خۆی لە خۆیدا کارێکی نادادپەروەرانەیە، وەک لە نمونەی پزیشک و دەریاوانەکەدا روون دەبێتەوە. سوقرات بەردەوام هەوڵ دەدات لە تاکەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگا، دەیەوێت بزانێت دادپەروەری لە شاردا واتە لە دەوڵەتدا چییە.

تراسیماخۆس دوای ئەوەی لە ئەدای پۆلیمارخۆس رازی نابێت و هێرش دەکاتە سەر سوقرات بەوەی تەنها کاری بەدرۆخستنەوە دەکات و خۆی هیچ پێشنیار ناکات، ئینجا پێناسەیەکی نوێ پێشکەشدەکات: دادپەروەری بریتییە لە «قازانجی بەهێزترین - 338c1» ئەمە پێناسەیەکی سۆفیستانەیە، پێمان دەڵێت لەبەرئەوەی فەرمانڕەوا خۆی بەهێزترین کەسە، کەواتە هەرچییەک ئەو بیکات، ئەوە دادپەروەرییە، دەبێت هەمیشە بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بکاتەوە. ململانێی نێوان سوقرات و تراسیماخۆس زۆر توندە، چونکە دووهەمیان نوێنەرایەتی شێوازێکی بیرکردنەوە دەکات کە نەیاری بیرکردنەوەی ئەفلاتوون و سوقراتی مامۆستایەتی.

ئەفلاتوون لە زاری سوقراتەوە یەکێک لە بۆچوونە سەرەکییەکانی خۆی دەخاتە روو، ئەو فەرمانڕەواییکردن وەک پیشە دەبینێت (دواتر لە سیاسەتمەداردا پەرە بەم چەمکە دەدات، زیاتر لێیدەکۆڵێتەوە)، فەرمانڕەوا لە بەرامبەری کارەکەیدا موچە، یان کرێ وەردەگرێت. بۆیە دەبێت ئەو کارانەی دەیکات لە بەرژەوەندی خەڵکیدا بێت، نەک بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، دەبێت کارەکانی لە قازانجی خەڵکیدا بن و بیر لە قازانجی تایبەتی خۆی نەکاتەوە.

سوقرات بە گاڵتەجارِییەوە دەڵێت کەواتە «دیموکراسی یاسای دیموکراسییانە دادەنێت، ستەمکاریی یاسای ستەمکارانە دادەنێت، ئەوانیتریش هەروا. راشدەگەیەنن کە ئەوەی کردوویانە ئەوەی لە بەرژەوەندی

خۆیاندایە، بە نیسبەتی رەعییەتەکانیانەوە دادپەروەرانەیە، بەڵام ئەمەیە کە من دەڵێم رێک برێتییە لە نادادپەروەریی - 338 4 –e1» لای سوقراث مانای دادپەروەریی ئەوەیە کە هەموو تاکێک و هەموو چینێک ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، هەریەکە بەپێی تواناو بەهرە سروشتییەکانی خۆیان. سەرەنجام دەگەنە ئەوەی کە دادپەروەریی نیکیی دەروونی مرۆییەو ئەو کەسەی بتوانێت بەدییبهێنێت دەگاتە بە کامەرانی.

سوکراث دەڵێت «رۆحی دادپـەروەر ژیانێکی باش دەژی و هی نـادادپـەروەر خـراپ دەژی....دادپـــــەروەر کامەرانەو نـادادپـەروەریـش بەدبەختە. - 353e– 354a» سوقراث لە گوزارشتێکی زۆر قەشەنگدا دەڵێت «نادادپەروەریی دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆو رقوکینەو بەگژیەکداچوون، لەکاتێکدا کە دادپەروەری هاوڕێیەتی و ئامانجی هاوبەشی لێدەکەوێتەوە. – 4 –351d3».

کاتێکیش دەگەینە سەر بیرۆکەی شاری نمونەیی، کە تێیدا هەرکەسە کاری خۆی دەزانێت، بیرۆکەی دەوڵەتی نمونەیی دادپەروەر دێتە پێشەوە، کە لەسەر بناغەی پرەنسیپی دابەشکردنی کارو بەرپرسیارێتی نێوان ئەندامەکانی دامەزراوە.

سوقراث روونیدەکاتەوە کە تاکەکەس ناتوانێت خۆی بەتەنها هەموو پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، بۆیە دەبێت لەناو کۆمەڵگادا بژی، پێکەوەژیانیش لەگەڵ پیشەسازو جوتیارو پیشەوەرەکاندا دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم و لەوەشەوە پیشەی بازرگانی دێتەئاراوە. ئینر ئاڵوگۆڕ لەگەڵ دەرەوەی شاردا دەکرێت و لەسەر دراوێکی تایبەتی رێکدەکەون و کێشەو گرفتی تازەتر سەرهەڵدەدەن، بۆیە سوقراث کۆمەڵگا دەکات، بە سێ چینەوە: چینی فەرمانڕەوایان (زێڕ)، جینی پاسەوانان (زیو)، هەروەها چینی پیشەوەران و بەرهەمهێنەران (مس). بەم جۆرە دەبێت ئەندامانی هەر چینە کارەکانی خۆیان بکەن، پاسەوانەکان خاوەنی نیکیی ئازایەتی

بن، فەرمانڕەوایان نیکی داناییان هەبێت، چینی پیشەوەرانیش خاوەنی فەزیلەتی پاکیزەیی بن. وردەکاریی زۆر لەبارەی چینی پاسەوانەکانەوە پێشکەش دەکرێت کە نیشانەی ئەوەن ئەفلاتوون سەرسامە بە سیستمە سەربازییەکەی سپارتە، کە تێیدا ژمارەیەک لە جەنگاوەرە ئازاو نەترسەکان کە پییاندەوترێت لاکیدایمۆس، لە لەدەرەوە هاتوون بەسەر ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە ئەسڵییەکەدا (هێلۆت) زاڵن، نمونەی باڵا لە سپارتە ژیانی سەربازییەو پەروەردەیەکی سەربازیی سەخت بەسەر نەوەکانیاندا دەسەپێنن، تەنانەت هەر لە سەرەتاوە منداڵە لاوازەکانیان دەکوژن.

هەروەها زۆر بە جدی جەخت دەکات لەسەر ئەوەی کە دەسوەردانە کاری یەکترییەوە، دەبێتە هۆی وێرانکردنی دەوڵەت و لەناوبردنی. پابەندبوونی هەر چینێکیش بە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خۆیەوە، دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی دادپەروەر. دیارە ئەمە زۆر کۆنکرێتی نییە، چونکە لەوانەیە لە چینی زێڕین نەوەیەکی زیوین بەرهەمبێت، یان زیوەکان نەوەی زێڕینیان هەبێت، ئەمە لە پەروەردەدا دەردەکەوێت و هەرکەسە بەپێی ئاکامە پەروەردەییەکانی ڕەوانەی ئەو چینە دەکرێت کە بۆی دەگەڕێنەوە، بەڵام بە مکومی جەختدەکات کە هەرکاتێک «زیو، یان مس فەرمانڕەوایی دەوڵەتی کرد، دەوڵەتەکە لەناودەچێت».

### پەروەردەی ئەفلاتوونی

بەمجۆرە کە هەرکەس کاری خۆی و مافەکانی خۆی زانی، ئیتر دابەشکردنە چینایەتییەکە ڕوون دەبێتەوەو دەبێت بە بناغەیەک بۆ دەسکەوتە ئایندەییەکان و بەرەوپێشچوونی زیاتر، لەپاڵ سیستمێکی پەروەردەیی تۆکمەدا کە تێیدا منداڵە تەندروستەکان (بێروانینە ئەسڵ و فەسڵی چینایەتییان) دەخرێنە بەر بەرنامەیەکی تۆکمەو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ وانەو مەشق و خۆراکیان بۆ دیاریدەکەن. ئیتر هەرشێ بەشە پێکهێنەرەکەی شار کاری خۆیان

بەجێدەگەیەنن، ئیتر دادپەروەریی باڵ دەکێشێت و شاری نموونەیی دێتە دی: «پارە پەیداکەران، پاسەوانان، فەرمانڕەوایان هەریەکەیان کاری خۆیان لە شارەکەدا جێبەجێ بکەن. ئەمە دادپەروەرییە، وانییە!، شارەکەش دەکات بەدادپەروەر - 334c7-9».

گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە پەروەردەی بەدەنی و وەرزشکردن، ئەوە بە خۆراکی جەستە دادەنرێت، خۆراکی دەرونیش مۆزیک و فێربوونی هونەرو ئەدەبی نایاب و مەشقی هزریی دەبێت، واتە هۆمیرو هیسیۆد ناخوێنن، چونکە ئەوانە شۆرەتی خواوەندان دەشێوێنن و ترسی مەرگ لە دەروونی منداڵاندا دەچێنن.

ئـەم قۆناغە هەتا تەمەنی هــەژدە ساڵی دەخایەنێت لەپاڵ مەشقکردن و مۆزیک و خوێندنی زانستەکاندا، مەشقی جەستەییش دەبن. ئەفلاتوون لەبارەی پەروەردەوە وتەیەکی جوانی هەیە کە بناغەی میتۆدە پەروەردەکەیەتی: نابێت فێرکردنی مرۆڤی ئازاد هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی کۆیلایەتی تێدا بێت. لەم تەمەنەدا جەستەیان بە مەشقکردن و ڕاهێنان بەهێز بووەو زەوقیشیان بە گوێگرتن لە مۆزیک و ئەدەبی نایاب هەستیارو پوختە بووە: «پەروەردەکردن بە مۆزیک و شیعر زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی ڕیتم و هارمۆنی لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر ڕۆدەچنە ناو بەشەکانی ناوەوەی دەرونەوەو کاری زۆری تێدەکەن و وایلێدەکەن زەریف و خۆشمەشرەب بێت - 401d3-5».

پاشان چەند تاقیکردنەوەیەک ئەنجامدەدەن و لەوێوە قۆناغی دووهەم لە تەمەنی بیست ساڵییەوە دەستپێدەکات، دەست دەکەن بە خوێندنی زانستەکان و بە تایبەتیش زانستی ماتماتیک، فەلەک، مۆزیک بە مەبەستی مەشقکردن لەسەر درککردن بە پەیوەندییە پەتییەکانی نێوان شتەکان، ئەم قۆناغە تا تەمەنی سی ساڵی بەردەوام دەبێت و مەشقکردنێکی سەربازیی بەهێزیشی لەگەڵدایە، لە قۆناغی دواتردا کە پێنج ساڵ دەخایەنێت، تەرخانە

بۆ خوێندنی دیالێکتیک، یان فەلسەفەو لێرەدا لە هەستپێکراوەوە دەگوازنەوە بۆ درکپێکراو بە عەقڵ بەرزدەبنەوە بۆ جیهانی شتە پەتییەکان و دەسبەرداری سەرجەمی درککردنە هەستییەکان دەبن لە لێکۆڵینەوەو ئەرگومێنتکردندا.

ئەوانەی لە تاقیکردنەوەکانی هەموو ئەم قۆناغانەدا سەرکەوتوو دەبن، دەگوێزنەوە بۆ قۆناغی کۆتایی کە قۆناغی ئامادەکردنیانە بۆ وەرگرتنی پۆستە سەربازییەکان و پۆستە باڵاکانی تردا. ئەم قۆناغە پازدە ساڵی دیکە دەخایەنێت و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئامادە دەبن، بۆ بەڕێوەبردنی پۆستە باڵاکانی دەوڵـەت. لێرەدا لیۆ شتراوس سەرنجێک دەردەبڕێت: «لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردە سەپێنراوەکە بەس نییە، گەرچی نایاب و کاریگەریشە، ئەگەر چەشنی دروستی دامەزراوەکانی لەگەڵدا نەبێت، واتە کۆمۆنیزمی رەها (کە دواتر دێینە سەری)، یان دەسبەرداربوونی تەواوی موڵکایەتی تایبەت .

بەمجۆرە بۆمان رووندەبێتەوە، کە ئامانجی ئەفلاتوون لەو زنجیرە درێـژو سەختەی مەشقکردن و فێربوون، ئامادەکردنی مرۆڤەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، واتە دەوڵەتی نمونەیی، خاوێن کردنیەوەیانە لە هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتی و بنەبڕکردنی هەموو هەست و ئارەزوویەکی خۆپەرستانەو بەرژەوەندیخوازانە.

ئەو لە توێی ئەم سیستمە پەروەردەییەوە، لەپاڵ ئامادەکردنی کەسانێکی لێوەشاوەدا بۆ وەرگرتنی پۆستە گرنگەکان، پادشایەکی فەیلەسوفیش پەروەردە دەکات، بۆ ئەوەی جڵەوی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست. ئەو فەیلەسوفەی کە دەزانێت چاکە چییە، لە رۆحیدا پرشنگ و رۆشنایی بۆ جیهانی ماقوڵ هەڵگرتووە، هەربۆیە لە چیرۆکی ئەشکەوتەکەدا دەیبینین دەگەڕێتەوە بۆ قوتارکردنی هاوڕێکانی.

بەم جۆرە لەوە تێدەگەین کە بۆچی لە کۆماردا دەوڵەت / کۆمەڵگا وەک جەستەیەکی ئۆرگانی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، فەرمانڕەوا سەری ئەو جەستەیەیە، باقی جەستەو ئەندامەکان دوو چینەکەی دی پێکدەهێنن و

فەرمان و ڕێنماییەکان لە سەرەوە وەردەگرن، کە بە وردی لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی تۆتالیتاری دەکات، چونکە پێیوایە دەوڵەت لە سەرجەمی ژمارەیی ئەندامەکانی پێکنەهاتووە، بەڵکو قەوارەیەکە دەکەوێتە سەرووی ئەندامەکانەوە کەتێیدا یەکگرتنی تاکەکان شتێکی نوێ پێکدەهێنن، کە تێیدا پەیوەندی تاکەکان بەپێی پلەوپایەیان لەگەڵ قەوارەکەدا دەگۆڕێت:

**فەرمانڕەوای فەیلەسوف زیرەکی (ئەقڵ)**
**جەنگاوەرەکان وزە (ئازایەتی)**
**پیشەوەرەکان ئەندامەکان (ئارەزوو)**

لێکۆڵینەوە لە پەروەردە لە کۆماردا شێوازێکی ئەوەندە قەشەنگی هەیە، کە دواتر ڕۆسۆ لە کتێبی ئیمیلیدا لە بارەیەوە دەڵێت «کۆمار بخوێننەوە، ئەوە جوانترین لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پەروەردەوە».

دادپەروەری چەمکی ناوەندییە لە پەروەردەکەی ئەفلاتووندا، ئەو پێیوایە کە دادپەروەری مەرجی ڕێکخەری بەشە جیاجیاکانی کەسێتی مرۆییە، لە ڕێگای ئەو ڕێوشوێنانەوە کە باسمانکردن، هەوڵدەدات بەشەکانی دەرونی مرۆیی لە کۆمەڵگای نمونەییدا ڕێکبخات. بەلای ئەفلاتوونەوە دەروونی مرۆیی خاوەنی ڕەگەزێکی ئەقڵانییە کە بنەمای گەڕانە بەدوای ڕاستیدا، هاوکات بەشێکی دەرونیشی تەرخانە بۆ ئارەزووەکان، وەک بەدەستهێنانی سامان و چێژی سێکسی، دواتر بەشێکی ڕۆحیشی هەیە کە گرنگی دەدات بە بەدەستهێنانی شکۆداریی و کارکردن لەپێناوی خۆشگوزەرانیی هەمواندا. ڕێکخستنی ئەم بەشانە بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسمانکرد زۆر پێویستە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری.

## هاوبەشیکردن لە موڵکایەتی و لە ژناندا

ئەفلاتوون سەرنجیداوە، کە بەشی زۆری کێشەو گرفتەکانی مرۆڤایەتی بەستراوە بە ناکۆکی و ناخۆشی لەسەر ژن و موڵکایەتی، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر مرۆڤەکان رۆشن بکرێنەوە، دەتوانن بەسەر ئەو قۆرتانەدا زاڵ بن، رۆشنیش ناکرێنەوە ئەگەر ئەو مەسەلانە لە هزریاندا چەکەرە بکەن، بۆیە ئەگەر مەسەلەی هاوسەرگیری و منداڵبوون بەوە چارەسەر بکرێت کە ببێت بە مەسەلەیەکی هاوبەشی نێوان هەموان، ئەگەر هەموان خاوەنی هەموو شتەکان بن، وەک چۆن دەوترێت هاوڕێکان لە هەموو شتێکدا هاوبەشن، ئاواش کۆمەڵگە دەبێت بە گروپێکی گەورەی هاوڕێکان و خزمەکان. ئیتر منداڵەکان دایکو باوکی خۆیان ناناسن و هاوتەمەنەکانی خۆیان بە خوشک و برای خۆیان دەبینن و گەورەکانیش بە دایک و باوک (463c–(e. لە سەرەتای کتێبی چوارەمدا باس لە کۆمۆنەی موڵکدارێتی دەکات، پاشان لە کتێبی پێنجەمدا دێتە سەر کۆمۆنەی ژنان.

لە لایەکی تریشەوە دەتوانین ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون بەوە لێکبدەینەوە، کە هاوبەشیکردن لە ژناندا خۆی لە خۆیدا مانای هاوبەشیکردن لە پیاوەکانیشدا دەگەیەنێت، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی ئەوەی ئەفلاتوون بە یەک چاو سەیری نێرو مێی کردووەو پێیوابووە کە هەردووکیان بۆ وەرگرتنی پۆستەکان و سەرکەوتن تێیاندا گونجاون، هەروەها تەمەنی زاوزێکردنی بۆ پیاوان لە نێوان سی ساڵی و پەنجاوپێنج ساڵیدا داناوە، بۆ ژنانیش لەنێوان بیست ساڵی و چل ساڵیدا.

بەمجۆرە دەبینین ئەفلاتوون باس لە دووجۆرە هاوبەشی (کۆمۆنیزم) دەکات، یەکەمیان کۆمۆنیزمی هی سەروەت و سامان، دووهەمینیشیان ژنان و منداڵان. پێش دادگرێت لەسەر ئەوەی کە نابێت پاسەوانەکان هیچ جۆرە موڵکێکیان هەبێت، جگە لەو شتانەی کە ناتوانن دەسبەرداریان ببن و

زۆر پێویستن بۆ بەردەوامبوونی ژیان. چینی بەرهەمهێنەران خۆراکیان بۆ دابیندەکەن و ئەوانیش پێکەوە لە خوانی گشتیدا دەیخۆن، بە هیچ جۆرێک نابێت زێڕو زیو بەکاربهێنن. ژیانی ئەمانە زۆر لە ژیانی زاهیدەکانی ناو دێرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت، ئەوان خۆیان تەرخانکردووە بۆ کارێکی باڵا، بۆیە دەبێت بەهیچ جۆرێک فریوی شتەکان نەخۆن. ژنان لەنێوانیاندا هاوبەشن، لەگەڵ کەسیاندا ناژین، منداڵان هاوبەشن، باوک کوڕی خۆی ناناسێت، ئەوانیش نازانن کێ باوکیانە، لێرەدا دەڵێت «تایبەتکردنی خۆشی و ئازار دەبێتە هۆی لەناوچوونی شار - 462b6–c1» هەر یەکسەر دوای ئەمە دەڵێت کاتێک وشە گەلی (هی من) و (هی من نا) بەکارناهێنرێن ... هەمان شتیش بۆ (هی کەسێکی دی) یان هەمان مانایان پێدەدرێت، خەڵک بۆ هەمان شت و بە هەمان شێوە بەکاریان دەهێنن، ئەو شارە باشترین بەڕێوەبردنی هەیە - 25–462c2 .

## حکومەتی فەیلەسوفان و جۆرەکانی تری حکومەت

ئەمە یەکێکە لە تێزە زۆر گرنگەکانی ئەفلاتوون و زۆرترین مشتومڕیشی لە بارەوە کراوە. دوای ئەوەی مشتومڕی دادپەروەریی دەگاتە ئاکامێک کە هەمووان لەسەری کۆک بن: دادپەروەریی لە شارداو دابەشکردنی کارو ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشان و ئەو شتانەی تریش کە باسمان کردن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باس لە شاری دادپەروەرو مرۆڤی دادپەروەر بکات، لە بەرامبەری دژەکەیدا: ساری ستەمکارو مرۆڤی ستەمکار. لێرەوە لە باسکردنی خاسییەتەکانی شاری چاکەوە دەگوێزێنەوە بۆ باسکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی چاک. سوقرات بە گلاوکۆن دەڵێت «ئەگەر شارێک باڵاترین حکومەتی چاکی هەبێت، پێویستە ژنەکان هاوبەش بن، منداڵەکان و پەروەردەکردنیان هاوبەش بن، شێوازی ژیانیان، چ لە ئاشتی و چ لە شەڕدا هاوبەش بێت، دەبێت پادشاکانیشیان ئەوانە بن کە باشترینن، هەم لە

فەلسەفەدا و هەم لە کاروباری جەنگدا - 543a».

کەواتە شاری ئەفلاتوونی پێکهاتووە لە سێ چینی زێڕین و زیوین و مسین، کە یەک لەدوای یەک خاوەنی نیکییەکانی دانایی و ئازایەتی و پاکیزەیین، ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە بەو پرۆسە پەروەردەییەدا تێدەپەڕن، کە باسمان لێوەکردو موڵکایەتیش هاوبەش و هی هەموان دەبێت.

کەسی فەرمانڕەوا لەو کۆمەڵگایەدا کە دەبێت بە سەرداری دەوڵەتە بریتییە لە فەیلەسوفی پادشا، یان پادشای فەیلەسوف کە تاکە ئامانجێک هەیبێت دابینکردنی دادپەروەرییە لە نێوان هەموو هاوڵاتییەکاندا، ئەوانەی وەک پورەی هەنگ هەریەکە ئەرک و مافەکانی خۆی زۆر بە باشی دەزانێت و جێبەجێیان دەکات. ئەم پادشایە فەرمانڕەواییکردن وەک ئیمتیازێک نابینێت، بەڵکو بە ئەرکێکی سەخت لە سەرشانی خۆی چاوی لێدەکات کە دەبێت زۆر بە وردی و بە وریاییەوە بەجێی بگەیەنێت، بگرە پادشایەتی لە دەوڵەتە نمونەییەکەی ئەفلاتووندا زۆر دوورە لەوەی شەرەف و شکۆداریی و پیرۆزیی بێت. فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتەکەی ئەفلاتووندا ئەرکێکی سەختەو لە بەرامبەریدا مافێکی ئەوتۆ دەستنیشان نەکراوە، بۆیە لە کتێبی هەشتەمدا دێتە سەر باسکردنی جۆرەکانی حکومەت و دەستنیشانکردنی حکومەتە خراپ و گەندەڵەکان، لەوێدا پێنج جۆری حکومەتمان بۆ دەستنیشان دەکات.

هەموو جۆرەکانی حکومەت لە حکومەتی باڵای فەیلەسوفانەوە سەرهەڵدەدەن و قۆناغ بە قۆناغ خراپتر دەبن: «با بچینە سەر حکومەتە نزمترەکان، واتە ئەوانەی حەزیان لە شکۆداریی و شەرەفە (دەستوری سپارتاییەکان)، پاشان ئۆلیگارشییەکان و دیموکراتییەکان و لەکۆتاییدا ستەمکاریی کە لە هەموویان نادادپەروەرترە - 545a».

1. ئەریستۆکراسی، ئەمە باڵاترین و باشترین شێوازی فەرمانڕەواییکردنە، حکومەتی تاکە داناو نیکەکانە، یان گروپێکی چاکەکار کە هەمیشە چاکەی گشتییان لەبەرچاوە: حکومەتی ئەریستۆکراسی بە ڕاستی چاک و دادپەروەرە

«5–544e4 –

2. تیمۆکراسی، واتە حکومەتی ئەریستۆکراسی جەنگیی: بەرپرسان و تاکەکانی ئەم حکومەتە، کەسانێکی خاوەن خواست و ئارەزووی تاکۆتان، ئارەزووی شکۆداریی دەکەن و دەیانەوێت شۆرەت پەیدا بکەن. لێرەدا عەقڵ جێگای خۆی بۆ جۆش و خرۆش چۆڵدەکات، هێزی توورەبوون باڵدەکێشێت. ئەم فەرمانڕەوایانە لە پێناوی چاکەی گشتیدا کارناکەن، بەڵکو خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانیانەو دەیانەوێت مەبەستی تایبەتی خۆیان بەدیبهێنن. ئەم فەرمانڕەوایانە هەردەم عەوداڵی شەڕو کاروباری سەربازیین بۆ ئەوەی شکۆداریی سەربازیی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن. سەرەنجام بە تەواوەتی توانا ئەقڵییەکانیان کزدەبێت و دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هەست و سۆزەکانیانەوە. ئەم جۆرە حکومەتە لە سیستمی فەرمانڕەوایی سپارتاوە نزیکە: «شەڕی ناوخۆ لە نێوانی فەرمانڕەواکاندا لەسەر گۆڕانکارییکردن لە دەستوردا هەڵدەگیرسێت

3. ئۆلیگارشی: دوای ئەوەی سەرکردە دوورەگەکانی حکومەتی پێشوو بوون بە یەکپارچە هەست و جۆش و خرۆش، بۆ کردەوەی سەربازی و شکۆداریی، ئیتر تا دێت لە نیکی دانایی دووردەکەونەوەو لە حەزکردن لە سامان و هێز نزیک دەبنەوە. کاتێک دەگەنە ئەم ئاستە، حکومەتەکە دەگۆڕێت بۆ حکومەتی ئەوانەی لە پێناوی سامان و شکۆدارییدا کۆ لە هیچ ناکەنەوە، ئەمەش حکومەتی دەوڵەمەندە چاوچنۆکەکانە، کە هەرچەند بتوانن سەروەت و سامان کەڵەکە دەکەن و سنورێک بۆ تەماعەکانیان نییە، وایان لێدێت، ئەفلاتوون گوتەنی «زێڕ و زیویان لا پیرۆز دەبێت». ئیتر پەتاکە دەگوێزرێتەوە بۆ هاوڵاتییان و هەریەکە لای خۆیەوە دەستدەکات بە راوڕوت و پێکەوەنانی سامانی نایاسایی و قسەیەک لەبارەی نیکییەکانەوە لەگۆڕێ نامێنێت. ئیتر ژمارەی ماستاوچییەکان زیاد دەکات، ئەوانەی بەردەوام مەرایی بۆ دەوڵەمەندان دەکەن و پیلان دژی هەژاران دەگێڕن، بەمەش هەموان

دەبن بە کۆیلەی سامان و وردە وردە یەکێتییەکەی دەوڵەت هەڵدەوەشێت و دوو جەمسەر دروستدەبن، کە بریتین لە گروپی دەوڵەمەندان کە هەموو شتێک لە دەستی خۆیاندا دەهێڵنەوەو هەژاران کە خاوەنی هیچ نین، ئەم دوو لایەنە لە پیلانگێڕانی بەردەوامدا دەبن دژی یەکتریی.

4- دیموکراسی: لە ململانێی نێوان زۆرینەی هـەژارو کەمینەی دەوڵەمەنداندا، زۆرینە سەردەکەوێت و سەروەت و سامانی دەوڵەمەندەکان دابەشدەکرێت و ژمارەیەک لە سەرکردە ئۆلیگاریشییەکان دەکوژرێن و هەندێکی تریان هەڵدێن، یان دوور دەخرێنەوە. هەژارەکان سیستمێکی نوێتر دادەهێنن، کە تێیدا بە تیروپشک پۆستەکان دابەشدەکرێن و پرەنسیپەکانی لێوەشاوەیی و شارەزایی حیسابیان بۆ ناکرێت.

ئازادی مرۆڤەکان تا ئاستی ئاژاوەو پشێوی و بێسەرەوبەرەیی زیاد دەکات، دەگاتە ئاستێک کە ئیتر لە کۆنتڕۆڵ دەردەچێت و دانایی پاشەکشە دەکات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەرەو لاوازبوون دەچن و سەرەنجام، دواهەمین جۆری حکومەت دروستدەبێت، کە ئەویش ستەمکارییە.

5. ستەمکاریی: ئەمە مەترسیدارترین جۆری حکومەتەکانە، کاتێک پشێوی و هـەراوزەنـای دیموکراسی دەگاتە لوتکەو هیچ مەرجەعێکی وەها نامێنێت کە خەڵک بۆی بگەڕێنەوە. ئیتر بەتەواویی لە فەرمانڕەوا دیموکراتەکان بێزار دەبن، چونکە لەناو تەواوی حکومەتەکانی پێشودا، ئەمان لە هەموویان گەندەڵترن و بەناوی ئازادی و سەربەستییەوە هەموو جۆرە پێشێلکارییەک ئەنجام دەدەن.

خەڵکی ناچاردەبن هانا ببەن بۆ کەسێکی بەهێزو لە دەوری کۆببنەوەو بیکەن بە سەرکردەی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەو گەندەڵانەیان بۆ لەناو ببات ئیتر جۆرەها نازناوی پێدەبەخشن و هێزو تینی خۆیان دەخەنە خزمەتیەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارەیان بۆ ئەنجامبدات.

ئەو سەرکردەیە چۆن پەیدا دەبێت؟ لە سەرەتادا هەوڵدەدات

مەیلی خەڵکی بەلای خۆیدا رابکێشێت و ئێیان بگەیەنێت کە فریادڕەسی ئەوانەو دەتوانێت لە گەندەڵی و خراپەکاریی دیموکراسییەکان بیانپارێزێت. ئەفلاتوون وەسفێکی جوانی ئەم کەسە دەکات و دەڵێت «لە رۆژانی یەکەمی فەرمانڕەواییدا هەمیشە دەم بە پێکەنینەو سڵاو لە هەمووان دەکات و دژی هەموو ستەمکارییەکە، بەڵێنی زۆر دەدات بە هەموو کەس، لە قەرزەکان خۆش دەبێت و زەوی بەسەر لایەنگیرانی خۆی و باقی گەلدا دابەشدەکات». بۆیە ئەم کارانە دەکات، بۆ ئەوەی پێگەی خۆی قاییم بکات و بە تەواوەتی کۆنترۆڵی فەرمانڕەوایی بکات و مەترسی ئەوەی نەمێنێت کە پیلانی لە دژ بگێڕن.

دوای ئەوەی بەرەی ناوخۆ هێوردەکاتەوەو لایەنگیرانێکی زۆر بەدەستدەهێنێت و نەیارەکانی لەدەرەوە و ناوەوە لەناو دەبات و هەندێکیان دەکات بە هاوپەیمانی خۆی، ئیتر بە بەخشینی ئیمتیاز بێت، یان بە مەراییکردن و لەناوبردنی دوژمنەکانی ئەوان بێت، یان بە هەر شێوازێکی دی.

کە بە تەواویی بۆی تەخت بوو، ئیتر هەر خەریکی ئەوە دەبێت کارێک بکات، کە وا لە جەماوەر بگەیەنێت بەردەوام پێویستییان بەو هەیەو پیلان لە دژی نەگێڕن، وەک نانەوەی شەڕو دروستکردنی دوژمنی وەهمی، یان راستەقینە، تا هەمیشە هەست بە مەترسی بکەن، جگە لە کاری رۆژانەی خۆیان، بیر لە شتی تر نەکەنەوە.

جەنگ سودێکی تریش بۆ ستەمکار هەیە: نەیارەکانی و ئەو کەسانەی خەریکن جەماوەرێنی پەیدا دەکەن و ئەوانەش کە ستەمکار گومانی لە دڵسۆزییان هەیە، جەنگ باشترین زەمینەیە بۆ لەناوبردنیان بێ ئەوەی نیازەکانی کەشف ببن. ئامانجی کۆتایی ئەو ئەوەیە خۆی لە هەموو کەس لەپێشتر بێت و «لەناو هاوەڵان و نەیارانیدا کەسێک نەمێنێت کە قورساییەکی ئەوتۆی هەبێت».

سەرەنجام چی ڕوودەدات؟ گەل دەبێت بە گروپێک لە کۆیلەی ملکەچ کە تەنها فەرمانەکانی ستەمکار جێبەجێ دەکەن، یان وەک خۆی دەڵێت «گەل لە ترسی کۆنترۆڵی ئازادیخواکان، هانای بردە بەر کەسێک کە دواتر هەموویانی کرد بە کۆیلە» بەوەش ئازادی ڕەهاو سنوربەزێن وەردەچەرخێت، بۆ سەختترین جۆری کۆیلایەتی.

دەبینین سوقرات پێیوایە سیستمی دیموکراسی تەنها لە ستەمکاریی باشترە، لە هەموو سیستمەکانی تر، واتە لە فەرمانڕەوایی کەمینەی خۆ تەرخانکردو بۆ فەلسەفە، یان سەرقاڵی بەدەستهێنانی شکۆداریی و سامان، هەموویان باشترن لە سیستمێک کە لە زۆرینە باڵی بەسەردا کێشابێت و بانگەشە بۆ ئازادی و یەکسانی بکات .

**سەرچاوەکان:**


1. Plato Complete works, Edited by: John M. ooper, Hackett publishing company, Inc. 1997.

2. Plato: Ethics, Politics, Religion, and the Soul, Ed: Gail Fine, Oxford University press.

3. د. امیره حلمی مگر: الفلسفه عند الیونان، دار النهظه العربیه، القاهره، 1974.

4. جۆرج سباین: تطور الفکر السیاسی، ت: حسن جلال العروسی، الکتاب الاول، دار المعارف، القاهره، مصر، گ4، 1971.

5. الکسندر کواریه: مدخل لقراوه افلاطون، ت: عبدالمجید عبدالنجا، الدار المصریه للتالیف و الترجمه، 2001.

6. لیو شتراوس و جوزیف کروبسی: تاریخ الفلسفه السیاسیه، ت: محمود سید احمەد، ج1، المجلس الاعلی للثقافه، القاهره، مصر، 2005.

7. د. مصطفی النشار: تطور الفلسفه السیاسیه من صولون حتی ابن

خلدون، الدار المصريه السعوديه، القاهره، 2005.

# له بارەی ئەفلاتوونەوە
# گاريد وارد شيلدۆن

**له ئينگليزييەوە: سەباحی مەلاعەبدوڵلا**

ئەفلاتوون لە خانەوادەیەکی ئەریستۆکراتی لە ئەسینا لە دایکبووەو یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفە کلاسیکیەکانی دونیای فەلسەفەی خۆرئاوایە، دیالۆگەکانی ئەفلاتوون زۆرتر ئایدیاکانی سوقراتی مامۆستای بەتایبەتی ئەپۆلۆژی دادگایکردنەکەی ئەو دەخاتەڕوو. گریمانەکراوە کە ئەفلاتوون پەیڕەوی سوقرات بووە و دواتر فەلسەفەی سوقراتی لە بەرهەمە مەزنەکەی لەبارەی تیۆری سیاسی(کۆمار) پەرەپێداوە.

پەرتوکی کۆمارەکەی ئەفلاتوون یەکەم کاری سیستەماتیکی تیۆری سیاسییە لە دونیای خۆرئاوادا. ئەفلاتوون لەم پەرتوکەدا هەوڵدەدات پێناسەیەک بۆ دادپەروەری لە دەوڵەتی ئایدیالی، یان کۆمەڵگادا پێشکەش بکات.

ئەفلاتوون یاسا و چاکی تاک بە نەتەوە دەبەستێتەوەو دەڵێت کە کۆمەڵگا تەنیا حکومێکی تاکەکەسی گەورەیە. ئایدیاکانی ئەفلاتوون کاریگەری زۆریان لەسەر فەلسەفەی سیاسی دواتر داناوە بەتایبەتی هزری سیاسی مەسیحی سانت ئاگۆستین کە یەکێک بوو لە فەیلەسوفانی ئەفلاتوونیستی نوێ، هەروەها بیریارانی ئەمەریکی لیڤی شتراوس، ئالان بلوم، تۆماس پانجل.

ئەفلاتوون بە دابەشکردنی سروشتی مرۆڤ بۆ سەر سێ کاتیگۆری یان ڕێکخستن دەست پێدەکات: 1. فەیلەسوف (یان ڕۆشنبیر)، 2. ئازاکان(یان سەربازی)، 3. بەرهەم هێنەران(یان ئابوری).

هەموو تاکەسێک (نێر و مێ) تەواوی ئەم سێ توخمانەی تێدایە، بەڵام تاکە خواستێک بەسەر کەسایەتیدا زاڵدەبێ. نەفسی فەلسەفی (philosophic soul)، بەهۆی فێربوون و مەعریفە،زانخوازی سروشتی، ئارەزوو بۆ حەقیقەت، توانین بۆ تێگەیشتن و پەیوەندی باسی لێوەدەکرێ. کەسی ئازا بایەخ بە سەرکەشی(adventure)و جەنگ دەدات و تواناگەلێکی فیزیکی هەیە، بۆ ئەوەی کە ببێنە پاڵەوان و جەنگاوەرێکی باش، کەسایەتی بەرهەمهێن زۆرترین سەرنج لە بەکارهێنانی فیزیکی دەدات (خواردن، پۆشاک، سامان) و ئارەزووی پرسە ئابوریەکان دەکات.

لەڕوانگەی ئەفلاتوونەوە ئەم ئارەزووە سروشتیانە لەخەڵکدا بەناچاری نایەکسانی تاکەکان و فۆرمی پێکهاتەی چینێکی سروشتی دەخاتەڕوو.

فەیلەسوف یان کەسی دانا دەبێت وەکو فەیلەسوفی فەرمان ڕەوا(philosopher– kings ) فەرمان ڕەوایی بکات. خەڵکی شەڕخوازو ئازا فۆرمی سوپایەکی سروشتی یان چینی سەربازی هەیە، جۆرە بەرهەمهێنەکان وابەستەن بە ئابورییەوە (کرێکاران، بەڕێوەبەران). ئەمە هیرارکیەتێکی هاوڵاتیان لە کۆمەڵگادا ڕێک دەخات، کە ئەوە بەلای ئەفلاتوونەوە دادپەروەری دەهێنێتە ئاراوە.

پێناسەی کلاسیکی ئەفلاتوون لەبارەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە (ماف بەتاک نێر یان مێ) دەبەخشێت شوێن ئەم تیۆرییە دەکەوێت، ئەگەر هەموو کەسێک لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا، لە بەخششە سروشتیەکان، تواناکان و هاوکاریەکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکە سود وەربگرن، ئەمە بەتەواوەتی هارمۆنیا دروستدەکات و تەنیا کۆمەڵگە بوونی دەبێ. تەنیا ئەمە پێویستیەکانی فێرکاری فەرمی توند داوا دەکات، بۆ دیاریکردنی توانا سروشتییەکانی منداڵان لەبارەی بنەمای تاک و بەستنەوەیان بە چاکەی گشتی(common good)یەوە، (بۆ کامڵیەتی تاکەکان و کامەرانی). ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو کەسێک (نێرو مێ) بێتوانایە لە دیاریکردنی تواناکان

و ئارەزووەکانی و جیهانی گشتی دەبێت ئەوە بکات، ئەگەر کۆمەڵگایەک ئەم دابەش کردنەی تاکەکان فەرامۆشبکات، بۆ ئەوان جێیبهێڵێت ئەوە دەرەنجامی نادادپەروەری و پشێوی دەبێت. دەوڵەت دەبێت ئەم تایبەتمەندیە سروشتیانە گەشە پێبدات، بۆئەوەی فەزیلەتی هەموو هاوڵاتییەک و چینێک پەرەپێبدات.

هزری فەزیلەتی ئەفلاتوونی لە زاراوەی گریکی (arête) دێت کە مانای نایابی کارا دەدات، یان بە گوێرەی مەبەستەکەی برینییە لە شتێک کە بەباشی کارەکەی خۆی بکات، بۆ نمونە فەزیلەتی چەقۆیەک ئەوەیە کە باش ببڕێت، لەبەرئەوەی ئەوەیە کارەکەی، فەزیلەتی چینی فەرمان ڕەوا (ruling class) ژیری و چاکییە، لەبەرئەوەی کە ئەمانە چەند کوالیتیەکی پێویستن بۆ فەرمان ڕەوایی کاریگەر.

لەڕوانگەی ئەفلاتوونەوە فەزیلەتی سەربازی ئازایەتی و شانازییە، لەبەرئەوەی کە ئەوانە پێویستیە کوالیتیەکانن کە سەربازی کاریگەر پتەودەکات. فەزیلەتی چینی ئابوری برێتییە لە مامناوەندێتی(moderation)، لەبەرئەوەی کە چلێسی (greed) کۆنترۆڵ دەکات، واتە ئەمە گوناحی ئامادەی بازرگانییە(business) و ئابوری دەخاتە دۆخی ناجێگیریەوە.

کۆمەڵگە دەبێت ئەم فەزیلەتانە فێری هەموو ئەندامەکانی نەتەوە بکات، بۆ ئەوەی کە بتوانن بەباشی وەزیفەی خۆیان ئەنجام بدەن وهارمۆنیاو سەرکەوتن باڵا بەرن. نیشانەیەکی بێ وێنەی فەزیلەتی فەرمان ڕەوایان ئەوەیە کە بتوانن فەزیلەتی ئەوانی دیکە دیاری بکەن و (ئەوان لە جێگەی خۆیان دابنێن). چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە(سەربازان وکرێکاران) بە باشترین شێوە فەزیلەتە کانیان دەزانن، بەڵام ناتوانن لە فەزیلەتەکانی ئەوانی دیکە تێبگەن، بەم پێیە جۆرەکانی سەربازی دەیانەوێت هەموو کەسێک لە کۆمەڵگەدا وەکو ئەوان کاربکات، خەڵکانی بازرگان دەیانەوێ ململانێی هەموو شتێک لە کۆمەڵگادا (قوتابخانە، سوپا، خەستەخانە) لەگەڵ هێڵە بازرگانیەکاندا بکەن.

بۆ یارمەتیدان خەڵکی تێدەگەن و بەم سروشتی یاسای چینە ڕازیدەبن،

ئەفلاتوون (ئەفسانەی کانزاکان)دادەهێنێت کە بە ڕێگایەکی سایکۆلۆژی ڕوونی دەکاتەوە بۆچی خەڵکی جیاوازن، بە گوێرەی ئەم ئەفسانەیە، (قوتابیانی قوتابخانە فێرکراون) هۆکاری ئەوەی کە هەندێک خەڵک بۆ فەرمان ڕەوایی لەدایک بوون ئەوەیە کە ئەوان لە جەستەکانیاندا ئاڵتون هەیە، ئازایەتی خەڵکی سەربازی لەدایک بوونیانە بە زیو لە پێکهاتەیاندا، هاوڵاتیانی ئابوریش برۆنزیان لەناو دایە.

ئەم فێرکارییە سیستەمی چینی کۆماری ئایدیالی ئەفلاتوون بە هێز دەکات، لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە (درۆی خانەدان) لە دروستکردنی هیرکیەتی لەزەتی هەموو تاکەکاندا پاساو دەدرێت.ئەفلاتوون نادادپەروەری لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبینێت ئەگەر کە:

1.سروشتی زکماکی توانای هەموو هاوڵاتییەک دیاری نەکات، نەیناسێنێ.

2.مەشق و گەشەی سروشت نەکات لە ڕێگەی فێرکاری گشتی بۆ کامڵ بوونی تاکەکان و چاکەی گشتی.

3. کار لە هەموو مەوداکاندا بۆ شایستەیی هەموو کەسێک ئامادە نەکات (فەیلەسوف لە حکومەتدا، ئازایەتی لە خزمەتی میلیتاریدا، بەرهەمهێنان لە ئابوریدا)، بەلای ئەفلاتوونەوە زۆرترین کۆمەڵگاکان لە ڕێگەی فێرکاری کوێرانە، پیشەیی(کار)، سیستەمە ئابورییەکانەوە نادادپەروەری پراکتیک دەکەن، بەم پێیە تاوان و نەخۆشییە ڕوحییەکان لەم نادادپەروەرییەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەفلاتوون لە گفتوگۆکەیدا لەبارەی گۆڕانی سیاسی و شۆڕش(revolution)، ڕژێمە نادادپەروەرە جیاوازەکان دیاریدەکات.

ئەو لە پەرتوکی هەشتەمی کۆماردا بەتێرو تەسەلی لۆژیکێکی دڵنیایی گۆڕانی حکومەتیی لە هەرەسی ڕژێمەکاندا باسی لێوە دەکات. بەپێی ئەم تیۆریەی گۆڕان هەموو جۆرە حکومەتێک بەهۆی دەسەڵاتی (فەزیلەت)

و لاوازیەکی (گوناح)، هەموو دۆخێکی بەدوایەک داهاتوو دیاریدەکرێت کە بە لاوازی پێش خۆی ڕازی دەبێ. لەسەرەتادا ئەریستۆکراسی فەزیلەتەکەی عەقڵە،بەڵام شانازی نییەو لەلایەن تیمۆکراسییەوە دەگۆڕدرێت، یان حکومەتی سەربازی (فەزیلەتی شانازی هەیە، بەڵام گوناحی هەژاری هەیە.)، بەم پێیە ئەوە لەلایەن ئۆلیگارشییەوە دەڕوخێنرێت کە سامان هەژاری حکومەتی تیمۆکراسی ڕاست دەکاتەوە، بەڵام گوناحی چڵێسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەم حکومەتەش لەلایەن دیموکراسییەوە شوێنی دەگیرێتەوە کە رەوتی یەکسانی، چڵێسی ئۆلیگارشی ڕاستدەکاتەوە، بەڵام پشێوی ئەنارشی و ئازادی دەهێنێنە ئاراوە، لە کۆتایدا ئازادی تاکەکەسی و نا مۆڕاڵی دیموکراسی سیستەمی ستەمکاری بەرەو پێش دەبات و لەڕێگای ستەم و جەورەوە ئاشتی بەرقەرار دەکات.بازنەی گۆڕانی سیاسی لۆژیکی و حەتمییە.

ئەمە بێزاری ئەفلاتوون بۆ خۆشەویستی، یان حکومەتی دیموکراسی ڕووندەکاتەوە کە لە نەریتی خۆرئاوادا لە مۆنارشیزم، ئەریستۆکراسی، هزری کۆنسەرڤاتیڤ و فاشیزمدا بەردەوامی هەیە.

بەلای ئەفلاتوونەوە،کەسی میانەڕەو،گەوج و خۆپەرست (selfish)ە، هەر دوو ڕەگەزەکە(نێرو مێ) تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکانی خۆیان دەدەن و چاو لەوانی دیکەش دەبڕن، ئەگەر زۆرینەی ئەم گێلانە فەرمان ڕەوایی بکەن(وەک لە دیموکراسیدا هەیە)، ئەوە هەموو ستاندارد و یاساکان لە ناو دەچن. هەموو دەسەڵاتێک دژایەتی دەکرێ و ئەنارشی دروست دەبێت. زوو تاکەکان نافەرمانی فەرمان ڕەوایان دەکەن، خوێندکاران ڕێزی مامۆستاکانیان ناگرن. گەنجان گاڵتە بە تەمەنترەکان دەکەن و منداڵانیش لەبەرابەر باوک و دایکیاندا دەوەستنەوە.

ئەنارشی و ناجێگیری هەمیشە کاریگەری لەسەر دیموکراسی دادەنێن. کاندیدەکان بۆ ئەوەی کە هەڵبژێردرێن پێویستە کاری بەد بۆ ئارەزوو و هەوەسەکانی دەنگدەران بکەن، بەم پێیە ناتوانن هیچ پرەنسیپێکیان هەبێت.

دیموکراسی چارەنوسی شکستەو دواجار بە دیکتاتۆریەت کۆتایی دێت. ئەمەیە کە ئەرستۆ، یاسایی بنچینەیی بەریتانی و دامەزرێنەرانی ئەمەریکا (جەیمز مادیسۆن) گەشەیان بە کۆماریەکی ئاوێتەی پادشایەتی، (وەک لە دیموکراسیەکی پەتی) ئەریستۆکراسی و دیموکراسی دا.

ئەفلاتوون دواتر لە ژیانیدا ڕوونی دەکاتەوە (لە پەرتوکی یاساکاندا) کە لەڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە فەرمان ڕەواییەک بوونیاد دەنێت وەک ئەوەی کە باسی کاراکتەری فەرمان ڕەواکان بکات، بۆ برەودان بە مۆڕاڵەکان جەخت لە گرنگی ئاینی نەتەوەیی دەکاتەوە.

ئەفلاتوون وەک بیریارێکی سیاسی سەرەکی خۆرئاوا لە مێژوودا دەمێنێتەوە: ئەو کاریگەری زۆری لەسەر ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییە بەجێهێشت، کە دوای خۆی دروستبوو.

**سەرچاوە**


Encyclopedia of Political Thought

Plato (427–347 B. C.) Greek political philosopher , teacher of Aristotle

Garrett Ward Sheldon

Editor

# لەبارەی «کۆمار»ی ئەفلاتوونەوە

**لەفارسیەوە: سەلاح سەعید ئەمین**

ئەفلاتوون لەبنەماڵەیەک بوو دەیتوانی کاروباری وڵات بەدەستەوە بگرێت، بەڵام بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وای پێویستکرد، کە ئەو هیچ کات فەرمانڕەوا نەبێت، بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە لە تەواوی ژیانیدا کار بۆ سیستەمێکی سیاسی نەکات، کەتیایدا عەدالەت فەرمانڕەوابێ و بەپێی بنەما فەلسەفییەکان بەڕێوەببرێت.

ئەفلاتوون کتێبێکی نوسی و ناوینا»کۆمار»و لەوێدا بیروڕاکانی خۆی لەم زەمینەدا بەشێوەیەکی دورو درێژ شرۆڤەکرد. ئەو فکرە بنەرەتییەی کە لە»کۆمار»دا رۆڵدەگێڕێت ناساندنێکی تەواوی عەدالەتە، واتە ستایشکردنی دەوڵەتێکە کە کاروبارەکانی ئایدیایانە رێکدەخرێت، ئەفلاتوون لە وتوێژی خۆیدا، لەگەڵ»ئەلکیبیادس»،»گورگیاس»دا، دواتر لەکتێبی «نوامیس» دا لەم روەوە دواوە.

ماهیەتی عەدالەت چییە؟ جەوهەری عەدالەت کامەیە؟ ئەفلاتوون بڕوایوایە عەدالەت ئەوەیە، کە لەشاردا هەموو کەس کارێک ئەنجام بدات،کە بەپێی دابەشکردنی کار خرابێتە ئەستۆی، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا خواست و مەرامی جیاجیا هەیە، پێویستە لەسەر ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بەڕێوەبردنی شاریان لە ئەستۆدایە هەلی کار دروست بکەن.

ئەگەر سەیری دەروونــی مـرۆڤ «نفس»بکەین سێ هێزی تێدا دەبینین، هێزیک کە لەبەرترەو عەقڵە، دوو هێزەکەی تر یەکێکیان «هێزی توڕەییە» کە سەنتەرەکەی دڵە، ئەویتریان هێزی شەهوەتە کە سەنتەرەکەی سکە، مەرجی سەرەکی بەختەوەری دەروون سەلامەتی ئەمانەن، جگە لە

بەهاوسەنگکردنی ئەم هێزانەو کۆنترۆڵی عەقڵ بەسەر شەهوەتدا سەلامەتی بەدینایەت، هەرکات هاوسەنگی هێزەکان و کۆنترۆڵی عەقڵ بەسەر شەهوەتدا هاتەدی، ئیدی دەروون تۆکمە دەبێت، دواجار بەدڵنەوایی و بەختەوەری دەگات، ئەفلاتوون لەکتێبی «کۆمار»دا دەیەوێت ئەم بۆچونانە لەگەڵ تیۆرە سیاسیەکانی خۆیدا بگونجێنێت.

هەروەک ئەو سێ هێزەی لەدەرونی مرۆڤدا هەیە، شاریش سێ توێژی تێدایە: توێژی «ئاڵتونی» ئەم توێژە ئەو دەسەڵاتدارانەن کە شار بەرێوەدەبەن، «توێژی تەلی(سیمین)، ئەم توێژە سوپاکانی پاراستنی شارن،» توێژی مسی (مسین) کەتوێژی کرێکارانن. بەڵگە نەویستە کەتوێژی ئاڵتونی لەخەڵکانێک پێکهاتوە کە عەقڵ بەسەریاندا زاڵە، توێژی تەلی (سیمین) لە خەڵکانێک پێکهاتووە کەئازایەتی و جورئەتیان تێدایە، بەڵام توێژی سێهەم خەڵکانێکن شەهوەت بەسەریاندا زاڵەو سەرەتایترین سیفەتی ئەمانە عیففەت و پاکێتییە، هەرگیز شار تەندروست و بەختەوەر نابێت و عەدالەت تێیدا سەقامگیرنابێت، مەگەر کاتێک دەسەڵاتداران حەکیم بن و کەسانی تر گوێرایەڵی فەرمانەکانیان بن، کەواتە کێشەی گەورەی عەدالەت بۆ پەروەردەکردنی تەندروست و هەڵبژاردنی ئەم پاسەوانانە دەگەڕێتەوە.

ئەفلاتوون بڕوای وایە دەبێت ئەم پاسەوانانە لەناو سوپاکاندا هەڵببژێردرێن، بەڵام پەروەردەکردنی سوپاکان لەشارەکانی یۆناندا بەپلەی یەک بەفێرکردنی مۆزیک و وەرزشەوە پەیوەندی هەبوو، بەڵام مۆزیک بەجۆرێک شکستی خوارد کەپێچەوانەی ئەوەی لێی چاوەڕواندەکرا، ئەنجامی لێکەوتەوە، لەبەرهەمان هۆ دەبێت ئەم بارودۆخە لەسەر بنەرەتێکی نوێ و دیاریکراو دابرێژرێتەوە. هەموو ئەو ئاوازانەی کەخەم وخەفەتهێنەرن، هەموو ئەو ئاوازانەی کەپەشێوی ئەنێنەوەو شەهوەت ئەجوڵێنن و هۆکاری داڕمانی ئەخلاقین حەرامکردنیان پێویستەو دەبێت تەنها ئەو ئاوازانە پەسەنبکرێن کەگیانی حەماسی بەهێز دەکەن و دلێری دەهێننە ئاراوە.

لە شیعریشدا دەبێت نوێگەری رووبـداتـ» همرو هسیودوس»و کەسانی تر خواوەند بەجۆرێک دەناسێنن، کەشایان نیە وابناسێنرێت، خەڵفی ترس لەدڵی لاواندا دەڕوێنن، دەبێت لە شاردا جگە لەو شیعرانەی کە ستایشی خودا دەکەن، پیاوانی گەورەو چاکەخواز بەرز ڕادەگـرن، هیچ شیعرێکی تر نەوترێت

بەڵام وەرزش کە مەبەست لێی بەهێزکردنی جەستەو پەروەدەکردنێتی دەبێت بەکردەوە ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت، بەم پێیە دەبێت راهێنانە وەرزشیەکان سەخت بن.

هەموو ئەوانەی کە ژماردمانن بەس نین، بۆ ئامادەکرنی پیاوانێکی گەورە بۆ شار، گرنگترین ئەرکی سەرۆک ئەوەیە کە یەکپارچەیی دەوڵەت بپارێزێت و ئەم یەکپارچەییەش لەسەرو هەموو فەزیلەتەکانی ئەوەوەیە، سەرۆکەکان ناتوانن ببنە هەڵگری ئەم فەزیلەتانە، مەگەر ئەوەی ژیانێکی هاوبەشیان هەبێت، بەبێ خاوەندارێتی تایبەت و بەبێ ئاڵتون و تەل(سیم) و دارایی و بۆماوەیی، بۆ ئەوەی لە نەوەی سەرۆکەکاندا ئەم سیفاتانە نەبێت، دەبێت فرێبدرێن و لەکاربخرێن، سەرۆکەکان دەبێ ژیانی هاورێیانەیان هەبێت، چوار سیفەتی سوقراتی، واتەحیکمەت و ئازایەتی و عەدالەتیان تێدا بێت.

پارێزەرانی دەوڵەت دەبێت سەرقاڵی یاساکان بن، یاسا گەلێک کە چوار کاری گرنگ لەخۆبگرن هاوبەشێتی ژنان و نەوەکان، راهێنانی وەرزشی و ئەخلاقی بۆ پیاوان و ژنان وەک یەک، پەروەردەکردنی زانستی و سیاسی، بیمەکردنی پێشەوایەتی دەوڵەت بەهۆی فەیلەسوفەکانەوە،

فەیلەسوفان لەناو توێژی سوپاوە هەڵدەبژێردرێن، فەیلەسوف کەسێکە دۆستی حەقیقەت بێت و بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەوە سەرقاڵ بێت، پارسەنگی یەقین بداتـ بەسەر گوماندا، فەلسەفە رۆحەو جۆرێکە لە جۆرەکانی فکرو گروپێکە لە ئامادەیی و مەبەستگەلێک کەهەمیشە چاکەو

ڕۆشنایی لێدەدرەوشێنەوە، هەر بۆیە ئەو واقیعیەتە خێروچاکەیە کە بۆ شتەکان  بوون و هێزو ژیان و حەقیقەت دابیندەکات.

بەڵام ڕۆحی فەلسەفی لەتێڕوانینی ئەفلاتووندا گوزارشتە لەموحیبەت و سیستەم و نورو ڕێزگرتنی هێزی عەقڵ و دڵ.

پارێزەرانی دەوڵەت دەبێت باڵا بەرزبن لەتەمەنی دە 10 تا بیست 20 ساڵی ژیانیان دەچنە سوپاوە، دوای ئەوە بە دەساڵ هەنگاو بەهەنگاو بۆ کارێک کە لەپێشیانە ڕاهێنان وەردەگرن پاش ئەوە بە 5 پێنچ ساڵ جەدەل فێردەبن، ئەو کاتەی پازدە ساڵ 15 ئەرکی کارگێری یان سیستەمی تێدەپەڕێنن ناچنە ناوی توێژی سەرۆکەکانەوە، مەگەر ئەو کاتەی تەمەنیان بۆ پەنجا 50 ساڵ باڵا بکات.

**سەرچاوە:**

تاریخ فلسفه درجهان اسلامی،نویسندگان:حنافاخوری و خلیل جر،مترجم:عبدالمحمدایتی،چاپ:هفتم 1383،شرکت انتشارات علمی و فرهنگی:ص:50-52.

# ئەفلاتوون

گوننار فریدریکسۆن

له سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون

گەر مرۆڤ بەناو گەڕەک و کۆڵانە دێرینەکانی ئەسینادا پیاسەی کردبێ، دەتوانێ بە ئاسانی ئەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کە چۆن سوقرات بەو شوێنانەدا، لەگەڵ گەنجانی شار، کە ئەفلاتوون یەکێک بووە لەوان، هاتوچۆی کردووە.

سوقرات لـەم گۆشەو کـەنـارانـەدا بـووە، زۆرجـار لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا، لە بازاڕەکاندا، لە یاریگاکاندا، لە مەلەوانگەو ڕاڕەوەکاندا، بۆ گفتوگۆکردن هەڵوێستەیەکی کردووە.

ئەفلاتوون ئەو گفتوگۆیانەو ئەو شتانەی کە جێی سەرنجی خۆی بووە نوسیوەتەوە. ئێمە بە وردی نازانین کام نوسینەی تەنیا قسەی سوقراتەو کام بیرۆکانەی سوقرات ئەم خۆی لە فێرگەکەیدا، کە ناوی ئەکادیمیا بووە، یان لەو نوسراوانەیدا، کە بە دایەلۆگەکانی ئەفلاتوون بەناوبانگن، پەرەی پێداون.

فەلسەفەی رۆژئاوایی لەو سەردەمەدا، واتە نزیکەی 400 ساڵ پێش زایین، بووە خاوەن سیمای تایبەت بە خۆی، ئەوە گەرچی پتر لە سەد ساڵ دەبوو فەلسەفە سەریهەڵدابوو. ئێستا تەنیا چەند بەشێکی کەمی ئەو فەلسەفەیە پارێزراوەو لەوانەوە دەزانین ئەو فەیلەسوفانەی پێشتر چۆن بیریانکردوەتەوە.

وەک یەکەم فەیلەسەف لە کولتوری ئەورووپاییدا ناوی تالیس دەهێنرێ. لە شاری میلیتۆس ژیاوە، کە بەندەرێکی سەر دەریایەو ئێستا دەکەوێتە تورکیاوە، بەڵام جاران لە ژێر دەسەڵاتی گریکیدا بووە. بەلای ئەمەوە ئاو مادەی بنەڕەتی هەموو بوونێکە، چ لە سروشت و چ بۆ مرڤیش، بۆچوونێکی

نامەعقول نەبووە. ئەویش وەک زۆربەی فەیلەسوفەکانی چاخی دێرین، بایەخی بە گەردووناسی داوەو ویستویەتی جوڵەی ئەستێرەو هەسارەکان راڤە بکات.

لە سەردانێکیدا بۆ میسر، تالیس بووە مایەی سەرسامی خەڵکی، چونکە دەیوت دەتوانم بەرزی هەرەمەکان بپێوم، لە بەرەبەیاندا دارێکی لە لمدا چەقاند، چاوەڕوان بوو تا سێبەرەکەی بە تەواوی هێندەی درێژی دارەکەی لێهات، دواتر چوو سێبەری هەرەمێکی پێوا، کە یەکسان بوو بە بەرزی هەرەمەکە.

مرۆڤ دەتوانێ ئەوە بێنێتە پێشچاو کە ئەو فەیلەسوفە پیرە ریشنە چ سەربەرزییەکی بەدەستهێناوەو ئەو کارە چ سەرکەوتنێکی فکرو رۆشنبیریی بووە.

هاوشارییەکانی، کە زۆربەیان بازرگانە گریکییەکان بوون، گاڵتەیان پێکردبوو، کە بۆ خۆی بە فەلسەفەوە خەریک دەکات؟ خۆ ناتوانێ لەو رێگەیەوە پارە پەیدا بکات! ئەمیش ساڵێکیان بەهۆی زانیارییەکانییەوە دەربارەی گەردووناسی، پێشبینی کردبوو کە بەرهەمی زەیتون زۆرباش دەبێ، هاتبوو بە نرخی هەرزان کۆمەڵێ ئامێری زەیتگرتنی کڕی بوو، کاتی هاتنەدی پێشبینییەکەی ئەو ئامێرانەی بەنرخی زۆر بەرز فرۆشتبووە. بەوە سەلماندی گەر بیەوێ لە رێگەی فەلسەفەوە دەتوانێ خۆی دەوڵەمەند بکات، بەڵام رۆشنبیریی بۆ مەبەستی قازانجی مادی نییە، سوقرات و ئەفلاتوون ئەم بۆچوونەیان زۆر بەدڵ بووە.

فەیلەسوفێکیتری پێش ئەفلاتوون، (پیتاگۆراس)ە، کە زۆربەی قوتابیان لە قوتابخانە تیۆرییە سەرسوڕهێنەرەکانیان دەربارەی دۆزینەوەی رووبەری سێگۆشە خوێندووە. ئەم یەکێک بووە لەو پێشەنگانەی برەوێکی باشی بە تیۆرییە ماتماتیکییەکانداو بەو هۆیەشەوە شێوازی بیرکردنەوەی ئەبستراکت گەشەیکرد.

پیتاگۆراس ئەوەندە رۆچووبووە ناو لێکۆڵینەوەوە، ماتماتیکی وەک کردەیەکی ئاسمانی دەبینی. فەیلەسوفێکی تری لەو نمونەیە (هیراکلیتوس)ە، ئەم خەڵکی شاری ئێفسوس بووە، شارێکی تری گریکییەکان لە کەناراوەکانی ئاسیای بچوک. دەربارەی عەرافەکەی دەلفی وتویەتی، ئەو نە قسە دەکات و نە بێدەنگە، ئەو بە هێما دەربرینەکانی خۆی دەگەیەنێ.

ئەم وتەیە کاریگەری بۆسەر فەلسەفەی پاشتر هەبووە. هیراکلیتوس پێیوابووە ئاگر بنەمای هەموو بوونە. بەلای ئەمەوە هەرچی شتێک لە سروشتدا بوونی هەیە لە جووڵەی بەردەوامدایە «هەمووشتێک لە جوڵاندایە» دەربڕینێکە کە لە پاشماوەی نوسینێکیتردا بەم شێویە هاتووە: «مرۆڤ ناتوانێ دوجار بچێتە ناو هەمان رووبارەوە». وتویەتی: «مێژوو، بەهۆی دژ بە یەکەکانەوە بەرەوپێشەوە دەڕوا» .» ناکۆکییەکان باوکی هەموو شتەکانن». ئەم بیرۆکانەش دواتر کاریگەرییان هەبووە.

ئەفلاتوون هەرگیز بەو بیرۆکەیە قایل نەبوو، کە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، کەواتە ناکرێ بە دڵنیاییەوە زانیاریمان دەربارەی هیچ شتێک هەبێ و ناتوانین نهێنییەکانی بوون ئاشکرا بکەین و بیانخەینە چوارچێوەی چەمک و پێناسەی دیاریکراوەوە.

ئەو سەردەمانە بە نیگەرانییەوە سەیری فەیلەسوفەکان کراوە. کاتێ سوقراتی حەفتا ساڵە لە 399 پێش زایین، فەرمانی مردنی بەسەردا دراو خۆی جامە ژەهرەکەی خواردەوە، تا دوا هەناسە لە رێگەی فەلسەفەوە باسی لە نەمری رۆح دەکرد. تاوانبار کرابوو بەوەی لاوان لەخشتەدەبا، دوژمنی سیستمی دیموکراتی گریکییە.

لە دوا کاتژمێرەکاندا ئەفلاتوون لە زیندان لای سوقرات بووە، لە یەکێ لە دایەلۆگەکانیدا بە ناوی (فایدۆن) باس لەوە دەکات چۆن سوقرات، سەرەڕای بوار بۆ رەخسانیش، رازی نەبووە لە زیندان را بکات، چۆن ویستویەتی گوێڕایەڵی یاسا بێ، هەرچەندە ئەو یاسایەشی بەدڵ نەبووە.

«ئێستا لەو باوەڕەدای کە تۆ بە کەرەسەو گۆرانی ئەفسوناویی منت خستبێتە داوی دوو دڵی و نیگەرانییەوە.» ئەمە وتەی ئەو کۆیلەیەیە، کە لە دیالۆگی (مینون)دا لە نوسینی ئەفلاتوون، ئاراستەی سوقراتی کردووە.

ئەمە ئەو کاتە بووە کە سوقرات لە ناو گوێگرەکانیدا کۆیلەیەکی نەخوێندەواری بانگکردووەو دوای ئەوەی لەسەر لم شێوەی چوار گۆشەیەکی کێشاوە کە درێژی هەر لایەکی دوو پێ بووە، لە کۆیلەکەی پرسیووە چۆن دەتوانرێ چوارگۆشەیەکی دوو ئەوەندە دروست بکرێ، دوای چەند هەوڵدانێکی سەرنەکەوتوو، ئینجا کۆیلەکە گەیشتوەتە ئەوەی کە دەبێ هەر لایەکی چوارگۆشە نوێیەکە هێندەی تیرەی ئەو چوارگۆشەیە بێ کە سوقرات کێشاوێتی.

ئەمە شێوازی کارکرنی سوقرات بووە، زۆرجار شێوازێکی سەرنجڕاکێش بووە، گوێگرەکانیش بەشدارییانکردووە. تەنانەت خەڵکانی نەخوێندەوارو نەشارەزاش لە ناخیاندا زانیارییان هەیەو پێویست بە رێگەبۆخۆشکردنە تا بێنە دەرەوە، بەم میتۆدەی سوقرات وتراوە میتۆدی مامانی، هەر لە راستیشدا دایکی سوقراتیش مامان بووە، بەرە بەرە دەرئەنجامی گفتوگۆکانی سوقرات زۆر پەرەیان سەند، تەنانەت بوونە بنەما بۆ وانە ئایدیاییەکانی ئەفلاتوون.

لە دایەلۆگی (سەمپۆزیەم)دا، کەسەکان خەریکی خواردنو خواردنەوەو خۆ مەستکردنن، ئەفلاتوون بە زمانی سوقراتەوە کە مەی نەخواردۆتەوە، دەربارەی بیرۆکەی جوانی دەڵێ:

«حەزدەکەم لە نزیکەوە باسی ئەو نیوەڕۆ خوانەی ماڵی ئەگاتون بکەین، کە لەگەڵ سوقرات و ئەلسیبیادێس، هەموو ئەوانەی تر کە لەوێ بوون باسی خۆشەویستی کرا.»

پرسیار رووبـەرووی سوقرات کراوەتەوەو ئەویش دوای چەندین وەڵام، گەیشتووە بەم ئەنجامە:

«ئەوەی بە ئاراستەیەکی باش و بە ڕێکوپێکییەکی تەواو جوانی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانیدا دەبینێ، ئەوە گەیشتوەتە بەرزترین ئاست دەربارەی خۆشەویستی، لە نزیکبوونەوەیدا لە دوا پلەی ئەم زانیارییە، لە ناکاو جەوهەری سەرسوڕهێنەری جوانی دێتە بەرچاو.» زۆرجار ئەم شێوازەی بۆ دەسپێکردن بە گفتوگۆ بەکار دەهێنا، زانیاریمان دەربارەی جۆرەها شتی جوان دەستدەکەوێ، بەڵام پلە بە پلە دەگەینە ئەو ئاستەی لە خودی جوانی، لە ئایدیای جوانی تێبگەین.

ڕەنگە لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەی ئەفلاتوون دەربارەی ئایدیای جوانی، مرۆڤ پێی وابێ ئەفلاتوون زۆر لایەنگری ئەدەب و هونەر بووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ وا نەبووە. ئەم دژایەتی ئەم چالاکییانەی کردووە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەدەبی ئەو کاتانە بەزۆریی شیعرو گۆرانی بووە کە هونەرمەندان بە سەرخۆشییەوە تەنیا عەوداڵی ئارەزووە جەستەییو کاتییەکان بوون. بەلای ئەفلاتوونەوە ئەمان تەنیا بە رووکاری دەرەوەی جیهانی هەستەکان گەیشتوون، نەک بە خودی جوانییە خوداییەکە.

هەمان شێوازی بواری ئیستاتیکای لەبواری ئیتیک (ڕەوشت)یشدا بەکار هێناوە. دەربـارەی کردەوەی چاکە، کە بەهاکەی هەمیشە قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردنە، ئایدیایەکی گشتی دەربارەی کاری دروست یان باش بوونی هەیە، گەر وا نەبوایە نەماندەتوانی لەو هەموو بوارە جۆراو جۆرەدا پراکتیزەی بکەین.

هەروەها دەربارەی زانیارییە ئاساییەکانمان، سوقرات و ئەفلاتوون لەو بڕوایەدان کە ئێمە بە پشت بەستن بەو چەمکە گشتییانەوە کەشیاوی پێناسە بۆ دانانن، دەتوانین ڕاست لە هەڵە جیابکەینەوە. ئەو زانیارییانەی لە هەستەکانمانەوە دەربارەی جیهان پەیدایدەکەین، کەم تا زۆر جێی گومانن. هەمیشە لە گۆڕاندان، زۆر جار لە ڕێگەیانەوە بە هەڵەدا دەچین و دەبینە قوربانی وەهم، ئەم زانیارییانە تەنیا هەروەک بۆچوون حسابیان بۆ دەکرێ.

زانیاری راستەقینە، ئەوەیە کە بۆ ئایدیا هەرە بەرزو گشتییەکان دەستبدات، ئەوانەی لە کاریگەرییە هەستەکییەکان بەدوورن، حەقیقەتە ماتماتیکییەکان راستین، بەردەوام کاریان پێدەکرێ، هەموو شێوە ئەندازەییەکان کە لەسەر لم دەکێشرێن نا تەواون، بەڵام تێدەگەین کە تەواوەتی و پەیوەست نەبوون بە کاتەوە، بەرجەستە دەکەن.

هەروەها چەمکی گشتی هەیە کە دەربارەی نمونەی ئاساییین، وەک ئاژەڵ، رووەکو ..هتد. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین (پشیلە گیانلەبەرێکی کێوییە) دەتوانین باس لە پیشیلەیەکی دیاریکراو، یان پشیلە وەک رەگەز بەگشتی بکەین.

رەنگە بۆ ئێمە ئاسان نەبێ، ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە بەلای ئەفلاتوونەوە چەمکە گشتییەکان زیاتر راستییان لەخۆ گرتووە وەک لە نمونە تایبەتییەکان، بە بۆچوونی ئەفلاتوون جیهانی ئایدیاکان وەک واقیعی راستەقینە، هەتاهەتایی، بێ زەمەنە، بەڵام جیهانی هەستپێکراو ناجێگیرو هەمیشە گۆڕاوە، لە بنەڕەتدا نا حەقیقییە، گەر بیر لە شتە ئاساییەکانو یاسای راکێشان بکەینەوە، رەنگە هەندێک لەو بۆچوونە تێبگەین. وەک نیوتن تێبینیکرد، هەموو سێوێک دەکەوێتە سەر زەوی، سێوەکان لەناودەچن، بەڵام یاسای راکێشانەکە بۆ هەتا هەتاییە، بۆ هەموو جۆرە شتێکە.

کە هیراکلیتوس وتویەتی (هەمووشتێک لە گۆڕاندایە) بۆچوونێکی راستی هەبووە دەربـارەی زانستە هەستەکییەکان، بەڵام گومان پاڵی بە ئەفلاتوونو چەندین فەیلەسوفی تری گریکییەوە ناوە بۆ گەڕان بەدوای ئەو شتەدا، کە لە بووندا هەمیشەییو سەقامگیرە.

لە دایالۆگی (کۆمار)دا میتافۆرە بەناوبانگەکەی تێدایە دەربارەی مرۆڤەکانی ناو ئەشکەوتەکە، کۆمەڵێ مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە ناو ئەشکەوتێکدان، روویان لە دیوی ناوەوەیە، لە نێوان ئەوان و دەرەودا ئاگرێک هەیە، دەتوانن تەنیا سێبەرو تارمایی ئەو کەسو شتانەی دەرەوە ببینن، کە

بەهۆی روناکی ئاگرەکەوە بەر دیواری ئەشکەوتەکە دەکەوێت. بەلایانەوە ئەو سێبەرو تارماییانە بوونی راستەقینەن، بەڵام دیارە بوونە راستەقینەکان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەن. ئەفلاتوون وەک زۆربەی فەیلەسوفەکانی دوای خۆی، لە هەوڵی جیاکردنەوەی تارماییو راستەقینەدا بووە. بوونی راستەقینە بریتی بووە لە جیهانی ئایدیاکان، نەک جیهانە هەستپێکراوەکە. بەلای ئەمەوە جیهانی ئایدیاکان خاوەن بوونێکی سەربەخۆیەو پەیوەست نییە، بە بوون یان نەبوونی مرۆڤەوە کە زانیارییان هەبێ دەربارەی بوونی ئەو جیهانە.

ئەمە لە سۆفیگەرێتی دەچێ، لە راستیشدا هەر وایە، هەنگاونان لە ماتماتیک و لۆژیکەوە بەرەو سۆفیگەرێتی زۆر کورت بووە، بۆ چەندین فەیلەسوفی شوێنکەوتووی بیروباوەڕەکانی ئەفلاتوون، لە ئاسمانی بەرزی ئەفلاتووندا، رووناکییە جوانە ئەزەلییەکەی ئەفلاتوون، حەقیقەتە راست و رەوانەکە، دەدرەوشێنەوە. وەک شاعیری سویدی (تیگنێر) لەسەر شێوازی ئەفلاتوونی دەربارەی ئەم رووناکییە وتویەتی: «ئەو ئەزەلیەتە»، شەوانی سەری ساڵ هەستی پێدەکەین.

کە ئەفلاتوون ویستویەتی بیرۆکەی دادپەروەری بخاتە بواری پراکتیکەوە، دووچاری سەختییەکی زۆر بووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی تا ئێستاش فەلسەفە سیاسییەکەی جێگای مشتومڕی بەردەوام بێ. سوقرات پێیوابووە چاکە شتێکە مرۆڤ دەتوانێ فێری بێ، مۆڕاڵ پەیوەستە بە زانیارییەوە، رەوشتیش پەیوەستە بە زانینی ئایدیا هەمیشەییەکانەوە، بۆ نمونە بۆچوونە سەفسەتییەکەی (پرۆتاگوراس) ی رەتکردوەتەوە کە دەڵێ: (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە)، هەروەها لە دایالۆگی (گۆرگیاس)دا تێزێکی بەکارهێناوە کە دەڵێ: دەسەڵات هاوتا نییە بە داد. دەرئەنجامە سیاسییەکانی ئەوەبووە کە سیاسەتمەداران دەبێ زانیارییان دەربارەی ئایدیا راستەکان هەبێ، سەبارەت بە دادپەروەری و چەمکە بنەڕەتییەکانی تر. ئەمەش لە پراکتیکدا نابێ لە خەڵکە رەشۆکییەکەی داوا بکەین. چاکتروایە فەیلەسوفەکان وڵات بەڕێوەبەرنو یەکیک لەوان ببێ بە مەلیک.

ئەفلاتوون خەڵکی بەسەر چەند چینێکدا دابەشکردووە، فەیلەسوف و حەکیمەکان، کە لەگەڵ ئەوەشدا بێ هەڵەنین، بەڵام لە ئاستی هەرە سەرەوەی دەسەڵاتدا دایناون. دوای ئەمان پاسەوانەکان دێن، واتە ئەو سەربازانەی سەقامگیری دەپارێزن و بەشداری جەنگەکان دەکەن. دواتر بازرگانان، پیشەوەران‌و ئینجا جوتیاران، لە ئاستی هەرە نزمیش ئەو کرێکارانەن کە بە رۆژانە کاردەکەن هەروەها کۆیلەکان.

بە لای ئەفلاتوونەوە هەموو هاوڵاتیانی ئازاد، بە ئافرەتانیشەوە، لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی حکومەتی شارە بچوکەکاندا، دەبێ مافی دەنگدانیان هەبێ.

ئەم یۆتۆپیا سیاسییە دەربارەی دەوڵەتی نمونەیی، لە دایەلۆگی (کۆمار)دا لەسەر زاری سوقراتەوە زۆر بە کۆنکرێتی باسی لێوەکراوە. بەشێکی لەکاتی پیاسەکردنێکدا، لەگەڵ هەندێ هاوڕێدا بەرەو (پیریوس) روویداوە. بێگومان ئەم کۆمارەی ئەفلاتوون شێوازی دەسەڵاتی نوخبەیە، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، بە بیروڕای هەندێک دەوڵەتێکی پۆلیسییە، کە فەیلەسوفەکان بەڕێوەی دەبەن. ئەوەشمان بیر نەچێ کە لەلایەن دەسەڵاتی پارتی دیموکراتییەوە، لە ئەسینا سزای مەرگ بەسەر سوقراتدا سەپێندرابوو.

رەنگە لایەنی پۆزەتیف لە فەلسەفە سیاسییەکەیدا ئەوە بێ، کە ئەفلاتوون مەرجی شارەزایی و حەکیمی بۆ سیاسەتمەداران داناوە. دەسەڵاتی بە پاپۆر چواندووە، بێگومان کابتنەکەی دەبێ شارەزایی و لێهاتوویی هەبێ بۆ ئاراستەکردنی پاپۆرەکە.

بەتێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتەش، دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، هەندێ فەیلەسوفی مۆدێرن، وەک بیرتراند رەسل و پۆپەر جارێکی تر کەوتنەوە توێژینەوە لە دەوڵەتە یۆتۆپیاکەی ئەفلاتوون، لەگەڵ نازیزم و کۆمونیزم بەراوردیان کرد، بەڵام ئەوە لە رووی مێژووییەوە کارێکی

دروست نەبووە، چونکە یەکەم دیکتاتۆریی سەربازی لە رۆژئاوا سەردەمی ئیمپڕاتۆریی رۆمانی بووە.

پێویستە لەیاد نەکرێ کە سوقرات و ئەفلاتوون بە پلەی یەکەم باسیان لە چاکەو دادپەروەریی‌و کامڵی‌و بەلانس و هارمۆنیای کلاسیکی گریکی کردووە، کە بەلایانەوە ئەوانە قابیلی تاقیکردنەوەی سەربەخۆی هۆشەکی بوون. ئەمان کەیفیان بە سەفسەتییەکان و گومانگەرەکان و سینیسزمەکان نەهاتووەو ویستویانە بگەن بە شتێک کە توانای مانەوەی هەبێ. هەوڵدانەکەشیان سەرکەوتوو بووە، تا ئێستاش ئێمە سەرسامین پێیان.

لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا دەبینین چۆن بایەخ بە زانست دراوە، تێڕوانینی بۆ ماتماتیک و بۆ تیۆریی زانیاریی کە بە درێژایی سەدان ساڵ، لە بری ئەفسانە، بوونە جێی باوەڕو متمانەی خەڵکی. ئەفلاتوونیزمی نوێ لەلایەن بیریارێکەوە دامەزرێنراوە بە ناوی ئەفلوتین، کە لە ساڵانی 200 پاش زایین ژیاوە.

ئەم سۆفی بووە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بزوتنەوەی سۆفیگەریی دوای خۆی تا سەدەی نۆزدەهەم هەبووە، واتە تا ئەو کاتانەی رەوتە رۆمانتیکییەکانی ناو هونەرو ئەدەب گەشەیانکرد. ماوەیەکی دوورو درێژ خەڵکی تەنیا لە رێگەی ئەفلاتوونیزمی نوێوە ئاشناییان، لەگەڵ ئەفلاتوون و بەرهەمەکانی هەبووە.

ئەفلوتین سەرنجی چوو بووە سەر شێوازی ئاماژەبۆکردن‌و لایەنە ئەفسانەییەکانی ئەفلاتوون، زۆر لەلایەنە سۆفیگەرییەکەی ناو دیالۆگی «فایدۆن» (ئەم دیالۆگە باس لە دوا کاتەکانی سوقرات دەکات، لە زیندان پێش جێبەجێکردنی سزای ژەهر خواردنەوەکە.. وەرگێڕ)و چەند بەشێکی دیالۆگی (کۆمار) وردبوەتەوە، هەروەها سەرسامبووە بە وەڵامەکان دەربارەی خۆشەویستی لەدیالۆگی (سەمپۆزییەم)دا، بە پێچەوانەشەوە لایەنەکانی وەک ماتماتیک، زانست، ئاکاری کۆمەڵایەتی، سیاسەتی فەرامۆشکردووە.

ئەفلوتین لە ئەسکەندەرییە لەدایکبووە، کە یەکێک بووە لە شارە کولتورییە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام هەر زوو رووی کردۆتە رۆماو لەوێ فێرگەیەکی دامەزراندووەو بە شێوازی تایبەت بەخۆی وانەی دەربارەی ئەفلاتوون پێشکەشکردووە. نەخشەی شارێکی نوێی کێشابوو کە ناوی (پلاتون پولس) بووە، بەڵام هەرگیز جێبەجێنەکرا ئەمە لەسەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی رۆمادا بووە. قۆناخێک کە سیاسەتی رۆمانی و فەلسەفەی گریکی رووبەڕووی سۆفیگەرێتی رۆژهەڵاتی بوونەتەوە. بە تایبەتی لە شاری ئەسکەندەرییە، ئەوکاتانە کریستیانەکان لە خەباتێکی پڕشکۆدا بوون. هەرچی شتێک کە بوونی هەیە لە هەوڵداندایە بەدوای گەیشتن، یان یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەوەی ئەفلوتین بە (تاکو تەنیا) ناویهێناوە. هەموو واقیع لە یەک یەکەی خوداییدایە، کە لە دەرەوەی کاتو شوێندایە، ناتوانرێ بە عەقڵ لێیتێبگەین، یان وەسفی بکەین. رێژەن لە «تاکو تەنیاوە» بریتییە لە «رۆحی گشتی»و رێژەنی دواتریش بریتییە لە (رۆح) یان (رۆحی دنیایی)، ئەم جیهانەی ئێمە تەنیا بریتییە لە سێبەرێک، یان وێنەیەکی ناتەواوی یەکە کامیلەکە، یان روناکییە پاکەکە، کە ئەزەلییە، ئەزەلییەتیش بە واتای کاتێکی درێژی بێکۆتایی نییە، بەڵکو بە واتای نەبوونی یەکجارەکی زەمەنە .

گیانی ئێمە لە زیندانی ماتریالیدا گیریخواردووەو تامەزرۆی جێهێشتنی ئەو دنیا ماتریالییەیە، تامەزرۆی ئازادبوونو گەیشتنە بەو یەکە ئەفسوناوییە، کە لەوێدا پەیوەندی نێوان من- تۆ نامێنێ. لەوێ مرۆڤ لە بەهەشتێکە لەوپەڕی خۆشیدا، بەختەوەرییەک کە لە باسکردن نایەت، ماتریال لەبەر رۆحو لەبەر نوور دیار نەماوە.

ماتریال ئەو ناوەندەیە کە رۆح تیا نیشتوەتەوە، بەڵام لە هەوڵداندایە بۆ لێدوورکەوتنەوەی. ئەم جیهانەی پڕە لە پێداویستیو گوناح و ئێمە دەمانەوێ خۆمانی لێ رزگار بکەین. ئەم تامەزرۆییەی رۆح، ئەم بەکێشکردنە

بەرەو نوورە ئەبەدییەکە، ئەفلوتین ناوی لێناوە، ئیرۆس، خۆشەویستی.

نیو ئەفلاتوونییەکان گرنگی نادەن بە جیهانی ئێستاو نیگەرانیو مۆراڵەکانی. بەپێچەوانەوە بەپێی رێنماییەکانیان دەبێ خۆیان لە هەموو شتێکی دنیایی بەدووربگرن. واز لە دنیا بێنن بۆ ئەوەی بگەن بە شتێکی ئەزەلی و زۆر جەوهەری تر، دەوترێ کە ئەفلوتین لە ژیانی خۆیدا چوارجار لەگەڵ خوادا یەکیانگرتووە.

زۆربەی سوفیگەرانی سەدانساڵی دواتر، چ کەم چ زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی بیروباوەڕەکانی نیو ئەفلاتوونیزمییەوە. ئەم بیروباوەڕانە گرنگی تایبەتییان هەبووە بۆ ئایینی مەسیحی لە سەرەتاکانیدا، کاریانکردۆتە سەر یوحەنناو ئۆگۆستین، هەروەها تۆماس ئەکوینی تیۆلۆگ و فەیلەسوفی کاسۆلیکییەکان لە سەدەی سیانزەهەمداو دواتریش بۆ سەر ئیکارت، لە پاشانیشدا بۆسەر بزووتنەوی رۆمانتیکی ئەڵمانی، هەروەها لە سویدیش (ئەتەربووم)ی شاعیری رۆمانسی لە ژێر کاریگەرێتی نیو ئەفلاتوونیزمدا بووە.

ئەم فێرگەیە کاریگەری زۆری هەبووەو خودی خۆی بەرهەمی بیروبۆچوونو فەلسەفەکەی ئەفلاتوونە، بەڵام بە جۆرێک کە کەمتر بایەخی بەو لایەنانە داوە کە پێویستی زیاتر بە بەکارهێنانی عەقڵەو کەمتر پشت بەلایەنە ئیمانییەکان دەبەستێ.

**سەرچاوە:**

Gunnar Fredriksson, 20 Filosofer, stockholm, 1994

## رۆژمێری روداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| سالّ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقراط لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| سالّ | زانیاری |
|---|---|
| 529 | داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. |
| ناوەندی سەدەی 13 | تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. |
| 1453 | روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. |
| 1492 | کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. |
| 1543 | کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. |
| 1633 | کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. |
| 1641 | دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. |
| 1677 | مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. |
| 1687 | نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. |
| 1689 | لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. |
| 1710 | بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. |
| 1716 | مردنی لایبنز. |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## له بەرهەمە چاپكراوەكانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە كیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە كارل پۆپەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی  فرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە فیورباخ | 59 |
| 2015 | وریا غەفووری | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | 60 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | 61 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | 62 |
| 2015 | ئومێد عوسمان | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | 63 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | 64 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە دیموکراسی | 65 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | 66 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | 67 |
| 2015 | مستەفا زاهیدی | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | 68 |
| 2015 | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ئاشنابوون بە ئەرکون | 69 |
| 2015 | جەبار ئەحمەد | ئاشنابوون بە فۆکۆ | 70 |
| 2015 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە ئەکیونی | 71 |
| 2015 | ئارۆ هەورامی | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | 72 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | 73 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | 74 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | 75 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جاك لاکان | 76 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لایبنتز | 77 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثَة فِي الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |